ژژ

یاری اندر کس نمی بینیم یاران راچه شد
دوستی کی آخر آمد دوستداران را چه شد
حافظ:
دۆستی نابینم نەتشت کەس،خێڵی یاران چوونە کوێ؟
دابی یاری بۆ بڕاوە، دۆستی جاران چوونە کوێ؟
خدری زیندەن، نا دیارە؟ بوو بوڵێڵ ئاوی حەیات
خوێن لە لێوی گوڵ دەبارێ،سەربەداران چوونە کوێ؟
کەس نەبوو بێژی: کە دۆستم مافی دۆستی دایەوە!
چاکناسی،، بۆ چی فەوتا،لێو بە باران چوونە کوێ؟
سەیرە کە لەو بەندەنە، ئەو کەوری لەعلی بوو نەزۆک
تێکۆشانو حەولوو دەولی،خۆروو باران چوونە کوێ؟
ئێرە خاکی دولبەران بوو، شوێنی هەستی مێرەوان
مێرەوانی دوایی کەی هات، ناوداران چوونە کوێ؟
گۆیی ڕکبەرکێ، ئەوە کەوتۆتە ناو مەیدانی گەل
کەس بەرەو ئەو ئۆلکە نایە،نۆبەداران چوونە کوێ؟
سەت هەزاز گوڵ هاتە پشکون،دەنگی یەک بولبول نەهات
پۆلی بولبول چ بە سەرهات،ئەو هەزاران چوونە کوێ؟
وەک بلێیی سووتاوە سازی زەهرە،لێنادا کە عوود
زەوقی مەستی بۆ نەماوە،مەی بخۆران چوونە کوێ؟
حافزا، سرڕی خودای سەر بەستەیە،تێیی ناگا کەس
ڕۆژگار باشتر دەزانێ، شۆڕە سواران چوونە کوێ؟؟
حامیدڕەشیدی زەرزا- ٢٠١٦/٥/١٢ی زایینی.

چون شوم خاکِ رهش دامن بیفشاند زمن

ور بگویم دل بگردان،رو بگرداند زمن

حافظ:

چۆنه بمه تۆزی بەر پێی،بخشێ داوێنی لە من
گەر دەڵێم دڵ وەربگێڕە، ڕوو دەسوورێنێ لە من
ڕوگەی جوانی وەکوو گوڵ،ئەونیشان هەرکەس ئەدا
پێی دەڵێم گەر دایپۆشە، دایدەپۆشێنێ لە من
گوتمە چاوی خۆم بە ئیما، چاوەکی لێ داگرە:
پێی گوتم دەتوێ کە جۆگەی خوێن بکێشێنێ لە من
ئەو بەخوێنم تێنووە، ئەمنیش بە لێوی چۆن دەبێ
حەز لە وی من وەرگرم، یان داد بەستێنێ لە من
گەر وەکوو فەرهاد، ڕوحیشم لێ بدۆڕێ نیمە باک
زۆر حەکایەت هەن لە شیرین کە دەمێنێنێ لە من
گەر وەکوو شەم بچمە پێشی،بەرمزەی گەپ دەیگرێ
گەر دڵم بێشێ، دڵی ناسکی، دەڕەنجێنێ لە من
من بە ویم دۆڕاندوە گیان، چاو لە لێوانی بکەن
وا بە تشتێکی گەلێ کەم ،کە دەمێنێنێ لە من
تۆ قوتابی دەرسی خەم بووی حافزا سەبرت هەبێ
با ئەوین لەو گۆشە دا، ئەفسانە بخوێنێ لە من
حامیدرەشیدی زەرزا-٢٠١٦/٢/٧ی زایینی.وەدابە
-٤٣٢

ببرد از من قرارو طاقت و هوش
بت سنگین دل، سیمین بناگوش
حافظ:
ستاندی لێم قەراروو تاقەت و هۆش
کچێکی دڵ ڕەق‌و،یەکجار ڕوو خۆش
گوڵێکی ناسک ئەندامی خڕوو خۆڵ
لە بن لچکە،لە دڵ دیبرد دڵووهۆش
لە تاوی ئاگری سەودای ئەوینی!
وەکوو ئاوی کوڵیو،قژقژ دەدەم جۆش
دەبووم ئاسودە من، گەر بام کراسی
لە باوشما دەگرت هەر چرکە دەم نۆش
ئەگەر بڕزن سەرانسەر ئیسکەکانم
ئەمن ناکەم ئەوی هەرگیز،فەرامۆش
دڵوو دینم، دڵوو دینی بردووە
بەرۆکوو، یەخەوو،گەردەن،بیناگۆش
دەواو دەرمانی تۆیە، ماچی حافز
دەمی بمژە لە کات‌و ساتی سەرخۆش
حامیدرەشیدی زەرزا-٢٠١٦/٥/١٧ی زایینی-وەدابە
-٣٠١

الا ای  طوطی گویای اسرار
مبادا خالیت شکر زمنقار
حافظ:

ئەری ئەی تووتییەکەی دەم پڕ لە گوفتار
بە خورجێنت لە دەم دەڕژێت قسەی یار
سەرت سەوزو دڵت خۆش و دەمت گوڵ
دەباری غونچە، لەو لێوو، دەم وو، زار
بەسە ئەو  لە بزی سەربەستە لە گەڵ دۆست
وەرە بۆم هەڵبڕێژە  قەند بە خەلوار
گوڵاوی ئەو دەمت بێنە، کە بۆن کەم
کە پێی بێ،بەختی نوستووم ئەو شۆ بێدار
چ بوو لەو پەردەیە دەرچوو کە وێژەر
دەرقسێنی ئەوە هەم مەست و، وشیار
ئەلەو ئەفیوون، کە مەیگێڕ تێکەڵی کرد
حەریفان خۆ نە سەریان ماو،نە دەستار
سکەندەر تێشکا، بۆ چۆڕێ ئاوێ
بە زێڕوو، زۆر،کە ممکین نابێ زۆر کار
وەرە حاڵی مە،، خاوەن دڵ، بپرسە
بە لەبزیکی کەمووکەو،، مانا یەکجار
تۆ ئەی گوڵدەم، کە دینت بردوەو،دڵ
کەمێک ڕوحمت هەبێ، بەسیەتی ئازار
مەبێژە سرڕی مەستی تۆ بەڕوو پۆش
حەدیسی گیان مەڵێ بەو نەخشی دیوار
بە لوتفی دەوڵەتی ئەو  شای زەمانە
ئەمیری شاعێران بوو، حافز ئەوجار
کە ئەو لوتفی هەبوو دەرحەق غولمان
بپارێزرێ لە زەلەی دین و دیندار
حامید ڕەشیدی زەرزا= ٢٠١٦/٦/١٧- وەدابە.
-٢٦١

دوش از مسجد سوی میخانه آمد پیرما
چیست یاران طریقت بعد ازین تدبیرما

دویٚ له مەزگەوتێ بەرەو مەیخانە ڕۆیی پیری مە
دەی ڕەفیقانن لە وەی واوە، چییە تەکبیری مە؟
چۆن دەبێ ئێمە مرید ڕوومان بەرەو قوبلە بکەین
ڕووی لە لای ماڵی خومارە،ئێستاکانە پیری مە!
دەکرێ لەو ماڵی تەریقەت، پێکەوە هاوخانە بین
هەروەها ڕۆیوەو دەچێ،بەم جۆرەیە تەقدیری مە
گەر بزانیبوای کە ئاوەز، دل لە بەندی وی خۆشە
ئاقلان، دێوانە بوون نۆکە، لە دووی زنجیری مە
ڕووی جوانت،،، ئایەتی لوتفی لە بۆ دۆزینەوە
لەو دەمیوە ئایەتی ڕووتن، هەموو تەفسیری مە
ئەو دڵە بەردەت،ئەرێ شەوگارێکی تێکەڵ دەبێ
وا لە گەڵ ئاخی بە سۆزوو داخی داوێنگیری مە
تیری ئۆفی مە لە دونیا دەچتە دەر، حافز نەکەی
تۆ بەگیانی خۆت ڕوحم کە،دوورکەوە لە تیری مە
حامید ڕەشێدی زەرزا-٢٠١٥/١/٢٨ی زایینی.
صفحه٢٤

هواخواه توام جانا و میدانم که میدانی
که هم نادیده می بینی و هم ننوشته میخوانی
حافظ:
ئەڤینداری ئەوینی تۆم ، دەزانیشم کە دەیزانی
ئەوەی نادیترێ دەبینی، لە وەی نانووسرێ دەڕوانی
تەشەر لێدەر بزانێ با، لە نێوان دڵکەتی و هەز کەر
کە کوێر هەر گیز نابینێ، نەخازا سڕڕی کەتمانی
کەزیت لێکهاوەڵا فەرموو، دڵی سۆفی بڕەقسێنە
لە هەر جینگوڕ جلوو بەرگی دەبینی کۆی سەماخوانی
کلیلی قفڵی داواگر، لە ناو دوو برۆی کەوانی تۆن
وەرە دانیشە لام توخوڵا،بە عەهدی دۆستی گیانی
مەلەک هەردیان کە ڕامووسی، لە کڕنۆش بردنی ئادەم
لە جوانی تۆوە لوتفیان دی، لە  زێدە حەدی ئینسانی
چرای ڕووناکی چاوانم، کزەی بای زولفی دۆستانە
خودایە کۆی ئەزیزانم، ،نەکات بای خەم پەرێشانی
مخابن کاتی پڕ بایەخ، بە بێهوودە لە دەستان چوو
تۆ قەدری کات ناناسی، مەگین دووربی لە هەتوانی
تۆ دڵ ئێشی لە یارانت ، بە کارزانی مەکە حیساب
قەبووڵ کە، ڕەنج و بێدادی لە ڕێگای وادە ئاسانی
خەیاڵی چەنبەری زولفی، فریووی تۆ دەدا حافز!
نەکەی هەر گیز لە دەرکەی دەی،کە نەکرێ کارهاسانی
حامید رەشیدی زەرزا- ٢٠١٦/٤/٤ی زایینی. وەدابە
-٥١٤

مدام مەست میداردنسیم جعد گیسویت
خرابم میکند هردم فریب چشم جادویت.
حافظ:
دەکا مەستم بە دایم ئەو شنەی زولفی پەرێشانت
لە دینم وەردەگێڕێ، ئەو دوو چاوی دوور لە ئیمانت
لە دوایی ئەو هەموو سەبرە، دەشێم چرکێکی بدبینم
شەمی دڵ بێم و بایسێنم، لە ژێر کانی دوو لێوانت
دەزانیت بۆ ئەمن کۆپی دڵی ئیشقیم لە لا بەرزە؟
ڕوحیش کۆپی ئەوینێکە،لە نوسخەی دەردوو دەرمانت
دەخوازی کە لە دونیا دا بەهەشتێکی لە نوێ چێکەی
بە سروە بێژە خۆی بابێ لە ڕووت لادا پەچەی جوانت
وە یا کوو دەتهەوێ ئاخۆ کە ئەو دونیایە، وێران کەی
کەزی خۆت ڕاوەشێنە، با،ببن گشت گیان بە قوربانت
من و سروەی هەژار لێرە،دوو لێ قوماوی مەزلوومین
ئەمن بۆ چاوی سێحراویت، وەئەو زولفی پەرێشانت
بەهەشتی تۆ، دەڵێم حافز، بەسە پاڕانەوە ئیدی...
لە خەم زێدە لە دونیادا، لە گەڵ کەس نەبوە پەیمانت!
حامیدرەشیدی زەرزا-٢٠١٦/٢/٦ی زایینی.واینگ وەدابە
-٩٨

(اگر آن ترک شیرازی بدست آرد دل مارا
به خال هندویش بخشم سمرقندو بخارارا)
***
ئەگەر ئەو کیژی بۆکانی دڵی ئێمە بە دەست، بێنێ
لە شاباشی دوو چاوانی، دەدەم شەشدانگی گەرمێنێ

وەرە مەیگێڕ لە جەنەت دا، ئەتۆ نادۆزیەوە هەر گیز
وەکوو وی تۆنەمامێکی کە سەت حۆری بەهەشت دێنێ
هەزار هاوار لە دەستی ئەو کچە کوردە، خوداوەندە!
لە گەڵ خۆیا دەبا سەبرم، کە دێ گیانم دەئەستێنێ
مەشاتەی بۆ چییە چاوی دەجوان‌و ڕوومەتی نەخشین
بە خاڵووو خەت چ ئاتاجی، ئەوەی زیبەندە بنوێنێ
مەکە نێنووکی خۆت ڕەنگین‌و کوڵمەت سووری سووراوێ
ئەتۆ ئەو چاوە کاڵانەت، هەموو موڵکی جەهان دێنێ
ئەمن لە جوانی ئەو کیژە،سەرم سوورماو حاڵیبووم
سەتان پەردەی حەیا دەدڕێ،ئەوینێک ڕیشە بڕوێنێ
چ جوانت هۆندەوە حافز، وەرە بیخوێنەوە بۆ من
بە بۆچوونم تۆ شێعرێکت هەموو دیوانی من دێنێ
حامیدرەشیدی زەرزا.۲۰۱۵/۳/۲۰ی زایینی.
-۳

به ملازمان سلطان که رساند این دوعارا
که به شکر پادشاهی ز نظر مران گدا را
**
کێ بە غولامی چاوانی،ئەگەیێنێ ئەو دوعایە
بە شوکرانەی شازی خۆی،ببخشێ ئەو گەدایە
لە دۆستی دێوی سیفەت ،بەخودا دەبم پەناهم
بەڵکوو هەسارەی چاوی، پڕشەنگ بداتەولایە
کە بژوانگی دەڕەشی، ئاماژەی بە خوێنی کرد

بیر بکەوە لە فریوی چونکە هەڵەی تیدایە
ڕووخسارت بێنیە دەر تۆ، بۆسۆ دەکەی دڵی کۆ
چ قازانجێگ وەردەگری، ئەلەو جۆرە جەفایە
هیوای هەموو شەوێکم، ،،کازیوەی بەر بەیانە
پەیامی خۆش بنێرێت، ،،بەو سروەیەی لە لایە
جەنەتت پێ نیشاندام، خونچەی دەمت گوڵیدا
جوانکاری دەم و لێوت نەخشی خودای تێدایە
لە جیات حافز شیرازی ماچێ بدە، بە" زەرزا"
کە دوعای بەیانیەکانی کارگەرترین دوعایە
حامیدرەشیدی زەرزا-٢٠١٥/٤/١ی زایینی.
-٧

دل میرود ز دستم صاحبدلان خدا را
دردا که راز پنهان خواهد شد آشکارا

دەڕوا دڵم لە دەستم ،خاوەن دڵان خودایە
نهێنی بەرپێوارم، وەک ڕۆژ لێ ئاشکرایە
پاپۆڕی تێکشکاوین،،تێی هەڵکە بایی وادە
بەڵکوو دیسان وەبینین، ئەو چاوە ئاشنایە
ئەی خاوەنی نهێنی،چاکە لەش ساخی دێنی
مەرحەمەتێک بفەرموو بەو بەندە بێنوایە
ڕێگا نەدرا بە ئێمە، بۆ بەستێنی ناوداران
کە تۆ قەبووڵی ناکەی، بگۆڕە، ئەو قەزایە
ئەو مزرو ترش و تاڵە، مەلا حەرامی کردوە

باشتر له وی نابینی، تا ماوی لەم دونیایە
لە کاتی لێ قەومانا، حەولدە  وەرە گیانە
ئەو کیمیا سەعادەتە، قارِوونی پێ گەدایە
ئاوێنەیی ئەسکەندەر،جامی شەرِابە دولبەر
لە بۆت شی دەکاتەوە،چۆنیەتی ئەو سەرایە
جوانانی فارس زوان،توولی عومر دەبەخشن
مەیگێرِ بدە مزگێنی، ورد بینی ئەو پارسایە
حافز لە بەرخۆ ناکا،جلی لە مەی هەڵکێشراو
داوای لێبوردن دەکا، لە شێخی پاک سایە
حامیدرەشیدی زەرزا-٢٠١٥/٤/٢ی زایینی.

لبش می بوسم و درمی کشم می
به آب زندگانی بردەام پی
حافظ شیرازی
******

دوو لێوی دەمژم و ماچی دەمی مەی
دەڵێم ئاوی حەیات، دۆزراوە، ئۆخەی!
نە ئەو سرِرِە دەشێ بێژم بە کەس من
نە دەشبینم کەسێکی تر  وەکوو وەی
دوو لێوی ماچ ئەکا،دەمژێ لە خوێن جام
ئەگەر دەیبینێ گوڵ دەرِژێ لە رِووگەی
مەکە یادی جەم و، پیاڵەم بدە دەست
دەزانی ئەو کە جەم کێ بوو،وە کێ کەی!

بە سەر تارا بگێڕە دەست، تۆ وێژەر
کە دارووشێ ڕەگی دەخرۆشێ وەک نەی
کە گوڵ ماڵی لە خلوەت هێنا بۆ باغ
تۆ سفرەی زهد، وەک غونچە بکە تەی
مەهێڵە چاوی مەخموور دوور لە تۆ بێ
بە بیری لێوی وی، مەیگێڕ بدە مەی
لە لەش ناخوازێ گیان هەرگێز جیابێ
کە هەیبێ خوێنی پیاڵە، لە ڕەگوو پەی
زوانت بگرە، تۆ ئەی خواجە حافز.
لە بلوێر فێر نەبووی بێزوانی تا کەی!
حامیدرەشیدی زەرزا-٧-٤/٢٠١٥ی زایینی.
-٤٦٥

نوش کن جام شراب یک منی
تا بدان بیخ غم از دل برکنی
حافظ
***
نۆشی گیانت کە،شەڕابی یەک مەنی
تا کوو بنچینەی خەمی پێ هەڵکەنی
دڵ فراوانکە، وەکوو جامی شەڕاب
تا نەهاتوە بای خەمی دونیای دنی
گەر لە پیاڵەی بێهۆشی مەی فڕ بکەی
زۆر بە دەگمەن لێدەدەی لافی منی
تۆ وەکوو بەردبە، لە هەنگاو نان لە ئاو
بۆچی ئەوها ڕنگ کەروو پیس دامەنی

تۆ ببستە دل بە مەی پشت ڕاستبە لێی
گەردەنی دەمتەڕ بە وی تێکدەشکەنی
ڕابە تێکۆشە وەکوو حافز بکە:
دڵ لە ڕێی مەحبووبە دانێ ئەزبەنی
حامید ڕەشیدی زەرزا-٢٠١٥/٤/٨ی زایینی.
لاپەڕەی ٥١٩---

سینه مالامال درد است ای دریغا مرهمی
دل ز تنهایی بجان آمد خدا را همدمی
حافظ
****

سینە لێپاو لێپی ژانە، ئەی مخابن مەرهەمێ
دڵ لە تەنیایی وەتەنگ هاتوە ئەزیزان هەمدەمێ
من ئەلەو گەردوونی گەردانە نیە هیوام بە وی
مەی بگێڕ، پیاڵێکی بێنە، بەڵکوو ئارام بم دەمێ
دوێ کە حاڵی ویم لە زانایێکی پرسی، پێکەنی
ڕۆژێکی سەختەو وەها، کاری پەریشان عالەمێ
من لە بیری سەبری داموو ئەولەمەستی خۆیەتی
شایی تورکان بێخەبەر لە حاڵی مە،کوا ڕۆستەمێ؟
خۆ لە ڕێگای ئیشق بازی،ئەمن و ئارامی بەڵان
بڕزێ ئەو دەستە، کە دەردی تۆ بکاتە مەڵحەمێ
خاوەنی نازوو کریشمە جێی نییە لە خوانی دۆست
وا کەسێ پێویستە دڵسۆزبێ، نە خاوو بێ خەمێ
کوا مرۆڤی باش لە دونیای خاکی نۆکە،دێتە دەست

عالەمێ دی چێ کرن، ئەوها لە نوێوە ئادەمێ
ڕابە با دڵمان بە یاری نۆنەمامی خۆن بدەین!
لێیدێ بۆنی سۆزی سروە،ئاوی گادەر،شەونەمێ
حامیدرەشیدی زەرزا-٢٠١٥/٤/٩ی زایینی

-٥٠٩

دانی کە چیست دولت، دیدار یاردیدن
درکوی اوگدایی برخیر وی گزیدن
حافظ

****

دەزانی چیە سەروەت؟ چاوی یارت  ببینی
بەلەنگازی بارەگای، لە گەڵ وی مردنو ژینی
دەس هەڵگرتن لە گیانا،سەهلو سانایە ئەمما
لە دۆستی گیانی، گیانی، زەحمەتە بێ تێبینی
دڵ دەیهەوێ لە باغا،دەڵتەنگی خۆی بەتاڵ کا
ئەلەو شوێنی چاک سازی، کراسێک بدڕێنی
جار وەک سروە لە گەڵ گوڵ،سرڕی دڵی ببێژی
جار خونچەی ئەوینداری،لە بولبوولان بڕفێنی
رامووسانی لێوی یار،لە دەس مەدە وەکوو پار
چونکە ملوول دەبێ تۆ،لە دەستو لێو گەزینی
بە خەنیمەت بزانە، لەو دوو ڕێیانە مەنزڵ
کاتێک لێکتر بترازێن، ناکرێ بکەی هاوژینی
حافز لە بیرت چووە، وەک وەی دڵی هەژارم

دوعام بۆ بکە،دڵی من، مەرگی گوڵان نەبێنی
حامیدرەشیدی زەرزا-٢٠١٥/٤/١١ی زایینی.
—٣٢٠

گل دربرو می درکف و معشوق بکام است
سلطان جهانم به چنین روز غلام است
حافظ
****
شەڕابو یارو گوڵ هەرسێ لە لامە
ئیدی شاهانی دونیام پێ غولامە
منەتباری چراتۆڕ نیم بە شەوگار
لە بۆ من ڕووی گوڵت،ئیدی تەمامە
مەلا بێتوو حەڵایش کا لە بۆم مەی
بە بێ ڕووی تۆ گوڵم من لێم حەرامە
لە بۆیە کۆڕی ئێمە، عەتری ناوێ
گوڵی خۆشبۆی دوو لێوت لەومشامە
لە چاشنی قەند مەلێ و هیچ لە شەکری
لە وێ ڕۆژێ، کە لێو شیرین کامە
لە وێرانەی دڵم گەنجی دەمی تۆ
لە بۆ من تەکیەیە، شوێنی موقامە
چ گوێمان هەس لە ناو نەنگ قوربان
لە بۆ مە ناوو نەنگ هەر یەک پەیامە
ئەمە، مەی خۆرو ڕەندینو نەزەر باز

ئەوەی وەک ئێمە نیین، لەو شارە کامە
بە بێ نیگارو مەی مەنشینە حافز
گومانی پێچەوانەی فکری خامە!!
حامیدرەشێدی زەرزا- ٢٠١٥/٤/١٥ی زایینی.
-٤٨

چوگل هردم ببویت جامه درتن
کنم چاک از گریبان تا بدامن
حافظ
دەدرێنم بە بۆنت من وەکوو گوڵ
جلوو بەرگم ،لە یەخە تاکوو داوێن
کە گوڵ بینی لەشت هەنگا لە باخا
وەکوو مەستان دڕاندی پۆشەنی نوێن
روحم لەو بەندی خەم ڕزگاری نابێ
کەچی بردت بە سانا لێم دڵوو بێن
بە وادەی دوژمنان دۆستت لە دەس دا
کەوی ناکرێ ڕەوەک هەرگیز بە دەسبێن
لە ناو پۆشن لەشت وەک جامی بللوور
دڵت دەکوتێ لە سینەت دا بە نەدوێن
بەسە!سۆزی دڵت بۆ خەڵک ڕوو کرد
ببارە شەم لە چاو فرمێسکی پڕ خوێن
دەزانی ئاخی ناخی ناو دڵی من
لە گڕ دایە لە ناو کڵ دادەنێ شوێن
دڵم مەشکێنە ، مەیخە بەر بەری پێت

که هەس جێگای لە ناو زلفێنی هاڤسێن
دڵی حافز بە زولفی تۆ گرێیە...
مەخە بەر پێ گوڵم، تۆزێ بەزەو بێن!!
حامیدرەشیدی زەرزا.٢٠١٦/٢/٦ی زایینی.
وەدابە.
-٤١٩

مدام مەست میداردنسیم جعد گیسویت
خرابم میکند هردم فریب چشم جادویت.
حافظ:

دەکا مەستم بە دایم ئەو شنەی زولفی پەرێشانت
لە دینم وەردەگێڕێ، ئەو دوو چاوی دوور لە ئیمانت
لە دوایی ئەو هەموو سەبرە دەشێم چرکێکی بدبینم
شەمی دڵ بێم و بایسێنم، لە ژێر کانی دوو لێوانت
دەزانیت بۆ ئەمن کۆپی دڵی ئیشقیم لە لا بەرزە؟
ڕوحیش کۆپی ئەوینێکە،لە نوسخەی دەردوو دەرمانت
دەخوازی کە لە دونیا دا بەهەشتێکی لە نوێ چێکەی
بە سروە بێژە خۆی بابێ لە ڕووت لادا پەچەی جوانت
وە یا کوو دەتهەوێ ئاخۆ کە ئەو دونیایە وێران بێ
کەزی خۆت ڕاوەشێنە، با،ببن گشت گیان بە قوربانت
من و سروەی هەژار لێرە،دوو لێ قوماوی مەزلوومین
ئەمن بۆ چاوی سێحراویت، وەئەو زولفی پەرێشانت
بەهەشتی تۆ، دەڵێم حافز، بەسە پاڕانەوە ئیدی...
لە خەم زێدە لە دونیادا لە گەڵ کەس نەبوە پەیمانت!
حامیدرەشیدی زەرزا-٢٠١٦/٢/٦ی زایینی.واینگ وەدابە

ساقیابرخیز ودرده جام را
خاک برسر کن غم ایام را
حافظ:
مەی بگێڕ  ڕابەو بدە پێم جامەکێ
خۆڵ وەسەرکە بۆم خەمی ئەیامەکێ
وێم بدە ئەو پیاڵە مەی تاکوو لە بۆت
من دەبەرکەم پۆشەنی ڕەنگ فامەکێ
گەرچی شوورییە لە لایان ئاقڵان
عەیب و عار ناناسی،پیاوی خامەکێ
ئەو مەیەی بێنە هەتا کوو بای غرور
پێی بکەم سەرکۆنە، لێی بێ تامەکێ
دووکەڵی سینگی تەژی گریانی من
هات و سووتاندی دڵی چەند بامەکێ
هاو دەمی سرڕی دڵی دێوانەکەم
کەس نیەو نادۆزمەوە،هیچ کامەکێ
ئەو گوڵە کاڵە دڵی بردم بەڵام
سەبری لێ ستادنم لە بۆ ئارامەکێ
ئیدی ناڕوانێ لە سەروی گوڵشەنێ
کێ بچێژێ لەو دەمی وی تامەکێ
سەبرکە حافز بە ڕەنج ڕۆژوو شەوێ
ئاخر وەردەگری ئەتۆ ئاکامەکێ
حامیدرەشیدی زەرزا- ٢٠١٦/٢/٧ی زایینی.وەدابە
لاپەرەی ٩---

خم زلف تۆ دام کفرو دین است
زکارستان او یک شمه این است
حافظ:
قەفی کەزیەی تۆ داوی کوفروو دینە
لە بیرەوەریەکەی کورتەی هەمیینە
تۆ بەژنت مووجزەی جوانیتە ئەمما
دووچاوی وا گەشت، جادووی موبیینە
لە چاوی تۆ چلۆن ڕزگار دەبێ گیان
کە بە تیروو کەوان هەر لە کەمیینە
هەزاران عافەرین بۆ چاوی ڕەشمار
کە لە ئاشق کوژی سێحر ئافەرینە
ئەوین عیلمێکی سەیرە لە هەسارە
کە چەرخی هەشتومی حەوتم زەمیینە
ئەتۆ پێت وایە بەدگۆ گیانی دەربرد!
حیساب ئی دەفتەری ڕاست و چەپینە
مەکە حافز لە مەکری دڵنیا خۆت
دلی بردووی لە فکری بردنی دینە
حامیدرەشیدی زەرزا- ٢٠١٦/٢/٧ی زایینی.وەدابە
-٥٨

واعظان کاین جلوه درمحراب منبر می کنند
چون بخلوت میروند آن کار دیگر می کنند
حافظ:

ئەو مەلایانە کە دێن وەعزێ لە سەر مەنبەر دەکەن!
ئەو لە شوێنی خلوەتی زۆرحوکمی ناحەق دەر دەکەن!
من هەمە پرسیارەکی سانا،،،،، لە خاوەن ئەنجومەن!
تۆبە دەر بۆچ کاکە خۆیان،، تۆبە زۆر کەمتر دەکەن؟
ڕەنگە باوەڕیان نەبێ خۆشیان،،، بە ڕۆژی داوەری!!
ئەو دەغەڵکاری عەبەس،دێنن،، لە گەل داوەر دەکەن
ئەی خودا کەر سوارەکانت،،، بۆ بەرێ داگێڕەوە!
ئەو کەروو گایانە لێرە،،،، حوکمی فەرماندەر دەکەن
ئەی گەدایی خانەقا،،، تێکشێ بەرەو دێری موغان
تێگەیشتوو ئەو کەسە لێرە،،،بە مەی لێو تەڕدەکەن
تۆ لە بەردەرگایی مەیخانەی ئەوین،،،،، تەسبێح بکە
کە سروشتی ئادەمی ،،تەخمیری ناو دەفتەر دەکەن
کازیوە دەنگێ لە عەڕشا، ،،،،هاتوو ئاوەز پێی گوتم
قودسیان گویا کە شێعری حافزی ،،ئەزبەر دەکەن!
حامیدرەشیدی زەرزا-٢٠١٦/٢/١٢ی زایینی.
-٢١١

شاهدان گەر دلبری زینسان کنند
زاهدان را رخنه درایمان کنند
حافظ:
دولبەران کە دولبەری ئەوسان دەکەن

قەڵش لە دینی خاوەنی ئیمان دەکەن
سا لە هەر شوێنێ کە نێرگز گوڵ بکات
گوڵدەمان چاویان لە نەێرگزدان دەکەن
ئەی جوانی بەژن بەرز،دەی لێدێ گۆی
بەرلەوە، لە بەژنی تۆ گۆچان دەکەن
ئاشقان، حوکمیان لە سەر خۆیان نییە
هەرچی تۆ فەرمان بدەی پەیمان دەکەن
خۆ لە بەر چاو کەمترە، لە دڵۆپەیەک
ئەو هەموو چێڕۆکە، لەو تۆفان دەکەن
یاری من سەر چۆپی گەر بگرێ دەمێ
دێن فرشتە،خۆ لە ڕێی بێگیان دەکەن
بیلبیلەی چاوم لە خوێناو شتڵ بوو...
لە کوێ ئەو زوڵمە لە گەڵ ئینسان دەکەن
خۆش لە گەڵ خەم رادەبوێرن پیاوی خوا
وەک  پەپوولان ڕوو لە ئاگردان دەکەن!
لا مەدە حافز لە ئاخی نیوە شەو...
ئاوێنەی پەیقینی دڵ پێ جوان دەکەن
حامیدڕەشیدی زەرزا-٢٠١٦/٢/١٢ی زایینی.وەدابە.
-٢٠٩

دوش وقت سحر ازغصە نجاتم دادند
وندرآن ظلمت شب آب حیاتم دادند
حافظ:

دوێشەو،سەحەری لە خەم نەجاتیان دامێ
سا هەر شەوەکی، ئاوی حەیاتیان دامێ

هاتن، منیان لە خۆ بایی ڕزگار کرد
بەو مەی لە جامی تەجەلای سیفاتیان دامێ
چ خۆش بەیانییوو ، چ مومبارەک شەوێ
لەو شەوی قەدر،، ئەو تازە بەراتیان دامێ
لەوەی واوە ئیدی ڕووی منووئاوێنەی جەماڵ
دەستووجێ خەبەر لە جلوەیی زاتیان دامێ
ئەمن کە بە موڕادی خۆم گەیم، سەیر نەبوو
موستەحەق بووم و ئەوان بە زەکاتیان دامی
لەو ڕۆژەوە، بە منیان مزگینی ئەو دەوڵەتەدا
بۆ ئەو جەورو جەفا،سەبرو سەباتیان دامێ
ئەو هەموو قەندو شەکرە،کە لە دەمم هەڵدەڕژێ
حەقدەسی ئەو سەبرە، لە داری نەباتیان دامێ
حامیدڕەشیدی زەرزا-٢٠١٦/٢/١٢ی زایینی وەدابە
-١٩٣

گفتند خلایق که توئی یوسف ثانی
چون نیک بدیدم بحقیقت به ازآنی
حافظ:
عالەم هەموو گوتیان، کە ئەتۆ یوسفی سانی
لێم ڕوانی و بینیم، کە تۆ زۆر تر لە وی جوانی
وا شیرینو دەم قەندو شەکەر لێوی بە خەندە
تۆ بێجگە لە جوانیت، گوڵەکەم شیرین زوانی
تەشبی دەمی تۆ ناکرێ،بە تازە گوڵی ناو باخ
قەت ناگا بە تۆ خونچە لە مەڕ تەنگ دەهانی
چەند دەفعە گوتت ماچێ دەبخشێ لە دەمت پێم
تۆ هەر وەکووسووسن هەتە گوڵ، حەرفی زوانی
فەرمووتە بە ماچێکی دڵوو گیان دەستێنی

ترسم هەیە، بیستێنییوو نەیدەی! تۆ یەمانی
چاوت وەکوو پەیکانێ،،، دڵوو گیانمی پێکا
بەو چاوی دەبیمار،عەجەب سەخت کەوانی
ئەوهەی تۆ لە بەر چاوی بخەی بایەخێ نابێ
بێ پایە دەبێ ئەو، لە نەزەر خەڵکی جەهانی
حامید ڕەشیدی زەرزا-٢٠١٦/٢/١٣ی زایینی-وەدابە
٥١٦

زاهد خلوت نشین دوش بمیخانه شد
زسرپیمان برفت باسر پیمانه شد
حافظ:
زاهیدی خلوە نشین، هاو دەمی مەیخانە بوو
پەیمانەکەی خۆی شکاند،هۆگری پەیمانە بوو
ئەو سۆفییی ئەنجومەن،پیاڵەو جامی دەشکاند
ئەو بە قومێک شەڕابی، زاناوو، فەرزانە بوو
لاوەتی خۆی دوێشەوێ ئەواها تبۆوە خەون
ئەمڕۆ، بەو سەری پیری،ئاشقو دێوانە بوو
جوانکەلەیەک،، تێپەڕی ئاوەزوو، دینی ڕفاند
ئەو بە هۆی ئەوینی وی ،لە عالەم بێگانە بوو
سووتا خەرمانی بولبول،بە ئاگری دەمی گوڵ
ڕوخساری کەنینی شەم، ئافەتی پەروانە بوو
پاڕانەوەی دوو بەیان، شوکر خۆڕایی نەچوو

دڵۆپەی بارانی خەم، گەوهەری یەکدانە بوو
دەمی مەیگێڕ دەپچڕی،ئایەیی ئەفسونگەری
دوعای نیوە شەوێ مە،هاوخەموهاوخانە بوو
شوێنی مەنزڵی حافز، هەر دەرگای پادشایە
دڵ بەرەو دڵدار چوو،گیان بەرەو گیانانە بوو
حامیدڕەشیدی زەرزا-٢٠١٦/٢/٢٨ی.وەدابە
-١٧٩

تاب بنفشه میدهد طره مشک سای تۆ
پرده غنچه میدرڕد خنده دلگشای تو
حافظ:
بۆنی ونەوشەکان دەدا، ،گرێی کەزی تەلایی تۆ!
پەردەیی خونچە دەدرێ،،،کەنینی گوڵ نومایی تۆ
هۆ گوڵەکەی بەیانی‌من،بولبولەکەی خۆت مەکوژە
دەکات لە ناخی دڵەوە، هەموو شەوێ دوعایی تۆ
ئەئەو منی، وەرز دەبووم، لە هاو دەمی فرشتەکان
هەموو شتی قەبۆڵ دەکەم،بە خاتری دووچاوی تۆ
ببینە دەوڵەتی ئەوین، فەخر دەکات بە فقری من
گۆشەی تانجی سەلتەنەت، لار دەکات ،گەدایی‌تۆ
پێکەوە دانیان ناکوڵێ، زاهیدو جامی مەی کەچی
ئەوهەموو، نەخشە سازییە، دەکەم لەبۆ ڕەزایی تۆ
تامی شەڕابی ئیشقی تۆم، قەت لە دڵی ناچێتەدەر
ئەوسەرە پرهەوەس دەبێ،بە خۆڵی ژێری پایی تۆ
پاشانشینی چاوی من، بەرهەڵێخی خەیاڵی تۆن

جێگە دوعایە، شایی من، لە چاوی من هەوایی تۆ
باغچەیی ساوایی دەمت،بە تایبەت وەرزی بەهار
حافزە خۆش کەلامەکەت دەباتە، ناو سەرایی تۆ!
حامیدرەشیدی زەرزا-٢٠١٦/٣/٢٦ی –وەدابە.
-٤٤٢

مخمور جام عشقم ساقی بده شرابی
پرکن قدح که بی می مجلس ندارد دابی
حافظ:
سەرمەستی جامی ئیشقم، مەیگێڕ بدە شەڕابی
پڕ کە لە بۆم پیاڵە، مەجلیس کە بێ مەی نابی
ناکرێ تاریفی جوانیت،،،،، لە پەردە دا بمێنێ
ویژەر لیدە هەوایەک، مەیگێڕ بێنە کەبابی
قامەتم بوو بە گۆچان، لەو خۆفی ئەو ڕەقیبە
لەو دەرکەم وەدەر بنێ، بۆ دەرکەیی پڕعەزابی
لە چاوەڕوانی بەژنت،،،ئێمەو هومێدەواری!
لەو عیشوەو کریشمەت، ئێمەو خەیاڵو خوابی
خوماری ئەو دوو چاوەم، ئاخۆ لە کوێیە جامێ
نەخۆشی ئەو دوو لێوەم،بێ لانی کەم جوابی
حافز دڵت مەنێرە،،، بە دوای خەیاڵی لاوان
تۆێنی توێنیاتی ناشکێ ،بە ئاوەکەی سەرابی
حامیدرەشیدی زەرزا-٢٠١٦/٣/٢٦ی -وەدابە
٤٦٦

تاچند کنم از تو قناعت به نگاهی
یک عمر قناعت نتوان کرد الهی
شهریار:
تا کەنگێ  قەناعەت گوڵەکەم،وا بە نیگاهی
عومرێک قەناعەت بکرن،، زۆرە ئیلاهی!
دێرینە لە دەوری تۆ وەکوو هاڵە دەسوورێم
چۆن هەڵبگرم  دەس لە  تۆ یارەب بە نیگاهی
پەروانەمە شەو دێمو دەدەم سەرلە دەمی شەم
بەو ئارەزووە!  دڵ دەدەمە دەس گڕی ئاهی
نە مافی وتارم هەسو نە ڕێگەیی دەرچوون
شێواوە سەرم خێرە،،، بدە ڕێگە  پەناهی
ئەو خەڵکە بەجێ بێلە،وەرە باوەشی گەرمم
گوڵ هەڵبێ لە بەر بای، دەدا مل وەگیاهی
عومرێک بە تاوان و شەرمەندە لە مەحشەر
شایانی عەفووی تۆم، نەکردەوە  چ گوناهی
حامیدرەشیدی زەرزا-٢٠١٦/٣/٢٧ی.وەدابە

آمدی جانم به قربانت ولی حالا چرا
بی وفا حالا که من افتاده‌ام از پا چرا
شهریار:
هاتیەوە گیانم بە قوربانت، بەڵام ئێستا لە بۆ

بێوەفا ئێستا کە کەوتوومە لە پێ، ئەوها لە بۆ
نۆشداروویی،دوایی مەرگی سۆراب کەوتیە دەست
دەکرا زوو هاتبایەوە، ئەی بێوەفا،هەنگا لە بۆ!
عومری ئێمە موڵەتی ئەمڕۆو سبەی ئێوەی نییە
من بەیانی چاوەڕێ بووم، کاتی ڕۆژ ئاوا لە بۆ
ئێمە لاویمان بە نازی تۆ لە دەست دا نازەنین
ئیدی تۆ نازێ لە گەڵ لاوان بکە،، وەیلا لە بۆ
ئیشقی فەرهادم، بە پسیاران بە لاڕێ برد بوو
لەو دەمی شیرین وڵامی تاڵوو سەر باڵا لە بۆ!
ئاخ لە دەستی عومری کورتوو وادەیی بێ ئیعتوبار
واله غافل بوون لە دەردی ئەو دڵی شەیدا لە بۆ
ئەی شەوی دووری لە تۆدا چاوەکانی من نەنوست
وا لە گەڵ بەختی خەواڵووی من، ئەوا لایلا لە بۆ
ئاسمان داوێتە ناو کۆڕی ئەزیزان، تەفرەقە!
من سەرم سوڕما، کە بۆ وێران نەبوو،دونیا،لە بۆ
لەو گەڵا ڕێزانی پاییز، ،،،بولبولی هەستی دڵم
خۆ کڕی مەرجی وەفاداری بوو،وا غەوغا لە بۆ
شەهریارا، بێ ئەزیزی خۆت، نەتکردبوو سەفەر
ئەو چەلە بۆ ڕێی قیامەت ،وا تەکوو تەنیا،لە بۆ
حامیدرەشێدی زەرزا-ی٢٠١٦/٣/٢٩ی زایینی-وەدابە

بێوەفا زووتر دەبا هاتبا یەوە هەنگا لەبۆ؟

هواخواه توام جانا و میدانم که میدانی
که هم نادیده می بینی و هم ننوشته میخوانی
حافظ:
ئەڤینداری ئەوینی تۆم ، دەزانیشم کە دەیزانی
ئەوەی نادیترێ دەبینی، لە وەی نانووسرێ دەڕوانی
تەشەر لێدەر بزانێ با، لە نێوان دڵکەتی و هەز کەر
کە کوێر هەر گیز نابینێ، نەخازا سڕڕی کەتمانی
کەزیت لێکهاوەڵا فەرموو، دڵی سۆفی بڕەقسێنە
لە هەر جینگوڕ جلوو بەرگی دەبینی کۆی سەماخوانی
کلیلی قفڵی داواگر، لە ناو دوو برۆی کەوانی تۆن
وەرە دانیشە لام توخوڵا،بە عەهدی دۆستی گیانی
مەلەک هەردیان کە ڕامووسی لە کڕنۆش بردنی ئادەم
لە جوانی تۆوە لوتفیان دی، لە زێدە حەدی ئینسانی
چرای ڕووناکی چاوانم، کزەی بای زولفی دۆستانە
خودایە کۆی ئەزیزانم، نەکات بای خەم پەریشانی
مخابن کاتی پڕ بایەخ، بە بێهوودە لە دەستان چوو
تۆ قەدری کات ناناسی، مەگین دووربی لە هەتوانی
تۆ دڵ ئیشی لە یارانت ، بە کارزانی مەکە حیساب
قەبووڵ کە، ڕەنج و بێدادی لە ڕێگای وادە ئاسانی
خەیاڵی چەنبەری زولفی فریووی تۆ دەدا حافز!
نەکەی هەر گیز لە دەرکەی دەی کە نەکرێ کارهاسانی
حامید رەشیدی زەرزا- ٢٠١٦/٤/٤ی زایینی. وەدابە
-٥١٤

دوش سودای رخش گفتم ز سر بیرون کنم
گفت کو زنجیر تا تدبیر این مجنون کنم
حافظ:

دوێشەوێ ویستم کە ئیشقی وی لە دڵ داغون بکەم
ئەو گوتی زنجیر لە کوێیە؟کاری ئەو مەجنوون بکەم
بەژنەکەم بشباند بە سەروی شەنگەبی، لێم توورە بوو
ئەو لە ڕاستی حێجزە، دۆستان بفەرموون چۆن بکەم
دولبەرا، بۆ گوفتی ناهەموار، پەنای بەخشین لە تۆ!..
نازەکی فەرموو! هەتا کوو تەبعی پێ مەوزوون بکەم
من ئەسیری ڕەنگ زەردی بێ گوناحی تەبعی خۆم
پێم بدە پیاڵێکی مەیگێڕ، تا کوو ڕووم گوڵگون بکەم
بای نەرمی کووچەیی لەیلی،،، لە ڕێی خوا تا بکەی
پاشمەنەی ماڵی لە ئاوی چاوی ناو جەیحوون بکەم
من کە ڕێم بردۆتە گەنجینەی دووچاوی جوانی دۆس
سەت گەدای وەک خۆم ئەلەو ڕێگایەدا قاروون بکەم
بووکی بێ وێنەی خەیاڵم، حافزت کەی دێتە بیر!
تا دوعایی دەوڵەتی ئەو جوانی ڕۆژ ئەفزوون بکەم
حامیدڕەشیدی زەرزا-٧-٢٠١٦/٤ی- وەدابە.
٣٧٥

زین همرهان همراز من تنها تویی تنها بیا

باشد که درکام صدف گوهر شوی یکتا بیا
شهریار:
لەو هاوڕێ و هاوڕازی من،، تەنیا ئەتۆی تەنیا وەرە
دەتوێ لە ناو قەلبی سەدەف گەوهەر بی یەکلاوەرە
یاخوا لە دەریایی دڵت، هەر گەوهەری یەکدانە بێ
ئەی ڕۆندگی  چاوی فەلەک، لەو داوینی دەریا وەرە
بەڕماڵ لە سەر ئاوین ئەمە، ،هۆگر بە ڕێگای ئاشتی
عەوداڵی هەستی ئیشقی دڵ،لەو ڕێگەیە ئەوها وەرە
ئەی مانگی کەنعانی  دڵم،،،، یاران فڕێیاندایە بیر
پەیوەندی هەودای ئێمە بە،ئەولاش نەبێ لەم لا وەرە
کردمت دەیینداری بەخۆت، لەو حاڵەتی شەوگاری دڵ
دۆزیتەوە گەر حاڵی وا، پەیداوو، ناپەیدا وەرە....
خۆ مەرجی ئیشقی سەربەخۆ،سەر لێشێواویو شێتییە
گەر دەتهەوێ یاری مە بێ، بیدەنگ‌و کڕ شەیدا وەرە
لەو کاری مە باکت نەبێ، سەرکۆنەیی بەد کار چش!
پەروانەوار، بۆ مەجلیسی ئەو شەمعی بێ پەروا وەرە
ئەو گۆشەیەی تەسکینی دڵ دوورە ئەلەو شووروشەڕە
دەتوێ کە ئاسودە بژی،، دوور لە شەڕی دونیا وەرە
تۆ شەهریاریت گەر دەوێ،ئیقلیمی گیان لەو خاکیان
وەک قاف داوین خڕکەوە،، ژێر سێبەری عونقا وەرە
حامیدرەشیدی زەرزا-٧/٤/٢٠١٦ی وەدابە.

مرا می بینی و هر دم زیادت میکنی دردم
ترا می بینم و میلم زیادت میشود هر دم
حافظ:
که دەمبینی ئەتۆ هەردەم،لە من زێدە دەکەی دەردم
کە دەتبینم، ئەمن مەیلم، دەبێ زێدە لە سەر هەردەم
لە وەزعی من کە ناپرسی، وە نازانی چ دەردم هەس
چ تێ ناکۆشی بۆ دەرمان،، مەگین نازانی تۆ دەردم
مرۆڤی نین، بەجێم بێڵیوو تەرکم کەی،، فیراری بێ
سەرم لێدە بپرسە لێم، لە سوێت سووتاموو وا مردم
لە تۆ،من دەست بەرنادەم،مەگین لەو خاکوئەو کاتی
بەسەر قەبرم بڕۆیوو بێی، کە بگرێ دامەنت گەردم
پشووسوارم لە ئیشقی تۆ،نەفس تەنگم هەتا کەنگێ
دەمارت لێ دەرێناوم،،، بەڵام نایڵێی: ئەمن کردم...
شەوێکی وا گەڕانم بوو،بە دوای دڵدا،لە ناوکەزیەت
کە ڕووم بینی و دوو ئەبرۆی کەوانیت ، ئاقڵی بردم.
ئەتۆم کە کردە ئامێزم لە ناکاو کەزیەکەت وێکهات
کە زارم نایە ناو زارت،لە ئیشقی جوانییەکەت مردم
لە گەڵ حافز تۆ ڕوو خۆشبە،بەڵادوژمن لە داخ بمرێ
لە تۆ گەرمی ببینم،من!چ باک لەو پیسی دەو سەردم
حامید ڕەشیدی زەرزا-٢٠١٦/٤/٨ی. وەدابە.

ازخون دل نوشتم نزدیک دوست نامه

انی رایت دهرا من هجرک القیامه

حافظ:

به خوێنی دڵم نووسی بۆ دۆستی خۆم نامه:
بۆ من  دووره مەکانیت، ڕەستاخیزوو قیامه
هەمه له دووری ئێوه،له چاو دەیان عەلامەت
نه تەنیا ئەسرینی چاو نیشانەی ئیشقی خامه
چەند ئازموونم کردوه،کەلکی نەبووه له بۆمن
ڕاسته دەڵێن: ئازموون بۆ جاری دوو بێ تامه
له دۆکتورێکم پرسی ئاحوالی یارم فەرمووێ:
له دووری وی عەزاب و له نیزیکی سەلامه
گوتم دەکەن سەرکۆنەم، ئەگەر وێگراین ببینن
گوتی سەرکۆنه له ئیشق، ئازاده به چەکامه
حافز به داواگر هات، جامی به گیانی شیرین
با لەو پێشکیش بچێژێ، کاسا من الکرامه!
حامیدڕەشیدی زەرزا- ٢٠١٦/٤/٩ی= وەدابه

بامدعی مگوئید اسرارعشق ومستی
تا بی خبر بمیرد در درد خود پرستی
حافظ:
مەبێژن بە نەیاری، نهێنی ئیشقو مەستی
بلا بێ خەبەر بمرێ لە دەردی خۆ پەرستی
دونیا مەکە تەنگەو تێل،لە پشتتی هەڵمەدە
کەس چی بۆ هەڵنەکراوە،لەو کارگایی هەستی
دوێنێ گوڵم پێی گوتم، لە کۆڕێکی موغان دا
چیت لە کافران داوە،، کە بووتی ناپەرەستی
هەتا کوو چاوەکانت، بێن ئیشقم پێ بفرۆشن
بۆم ناگیرێ پێشی دڵ، نەکات درێژ دەستی
لە گۆشەیی بێدەنگی، من ناکرێ خۆم وەشێرم
تا چاوت فێرم بکەن، ڕازو ڕمووزی مەستی
من ئەو ڕۆژم بینی بوو،کە فیتنەی لێ هەڵایسا
لە نافەرمانی زەمان، کەوتینە دەستی پەستی
حافز دەیوێ ئەوینت بە دەس تۆفان بسپێرێ
پێت وابێ لەو کێشە ڕزگاریت بووە مەستی!
حامیدرەشیدی زەرزا- ٢٠١٦/٤/٩ی-وەدابە.
٤٧٠

شهریست پر ظریفان وز هرطرف نگاری
یاران صلای عشق است گر میکنید کاری
حافظ:
شارێکە تەژی لە جوان، لە هەر لاوە نیگارێ

ئێرەیە شوێنی ئەوین،گەر دەکەن بکەن کارێ
چاوی فەلەک نەی دیوە،جوانتر لەوە جوانێ
وەدەس کەسی ناکەوێ، لەوە باشتر دڵدارێ
کەس دەستی وێڕاناگا،بە داوێنی ئەو گوڵە
خودا نەکا بنیشێ، گەردی لە سەر شاڵوارێ
بۆچ منی دڵ شکاوت لە دەرکەی خۆ وەدەرنا
داوای من سانایی بوو،ڕامووسان،شەوشکارێ
تێکە شەڕابی بێغەوش،بقۆزەوە هەل بە وەخت
بۆ ساڵی دی، کێ هەیتی هۆمێدی نۆ بەهارێ
لە ناو گوڵزاری، یاران،، ئەوە سەفیان تەنیوە
هەرکام پیاڵە بە دەستە،بە یادی ڕووی یارێ
ئەو گرێیە چۆن وەکەم،، سرڕی دڵم بنوێنم
دەردیکی زۆرگرانە، کەم کەس هەیە بکارێ
هەرتاڵە مووی حافز لە دەستی زولفی جوانێ
بێدەنگ‌و کڕ دانشتن، ناکرێ لە وێ دیارێ!
حامیدڕەشیدی زەرزا-٢٠١٦/٤/١٦-وەدابە
٤٨٠

درد مارا نیست درمان الغیاث
هجر مارا نیست پایان الغیاث
حافظ:

دەردەکەی مە، نیتی دەرمان وای وای
دووریەکەی مە، نیتی پایان  وای وای
دین‌و دڵیان برد، دەیانوێ گیان بەرن
وای وای لە دەستی جوانان  وای وای
بەر تەقایی ماچێ  گیانی لێم دەوێ
وا دەکەن، ئەو دڵ ستێنان وای وای
خواردیان خوێنی مە، ئەو کافر دڵان
ئەی موسڵمانان چ دەرمان وای  وای
هەر وەکوو حافز لە خۆڕا ڕۆژوو شەو
بوومە، دڵ سووتاوو بریان وای وای!
حامیدڕەشیدی زەرزا-٢٠١٦/٥/١٢ی وەدابە
-٩٩

دەست از طلب  ندارم تا کام من برآید
یا تن رسد بە جانان یا جان زتن برآید
حافظ:
ناوەستم لە تێکۆشان، تا تاسەم نەگرم دەبەر
یا ،دڵ دەگاتە دەم گوڵ،یا رۆح لە لەش دێتە دەر
کە گڵکۆم بکۆڵیەوە،،، دوایی مردنم دەبینی
لە بۆسۆیی دەروونم، دووکەڵ  دەدا لە گڕ سەر
لە ڕووتا لچکە لادەی، پیرووجەوان مەست دەبن
گوفتارت سەرخۆش ئەکا، کیژوولاوو کەڕو لەڕ

ئەوە گیانم دەردەچێ ، لە داخی لێوت دەمرم
دەترسم دەرفەت نەبێ،ڕۆحم لە لەش بچتە دەر
لە حەسرەتی دەمی وی، گیانم وەتەنگ هاتووە
ئاخۆ کام لێ وەرگرتنی، موورادم دێنێتە بەر
دەکەن زیکری خێری تۆ، لە کۆڕی ئیشقبازان
لە هەرجێ ناوی حافز، لە سەر زوانەو لە بەر
(جەهالەت دونیای داگرت،ئاقل سەریان لێ ماسا
ئاخوند بوون بە گورگی هار،خەڵکیش هەر بوونەوە مەڕ)
حامیدڕەشیدی زەرزا-٢٠١٦/٥/١٣ی زایینی. وسەدابە
-٢٤٨
ئەو بەیتی ئاخری ئی خۆمە.

ئەی شاهدی قدسی کە کشد بند نقابت
ئەی مرغ بهشتی کە دهد دانە و آبت
حافظ:
کێ لادەدا، ئەو پەچە ، گوڵدەمەکەم لە چاوت
ئەی تەیرەکەی،بەهەشتی کێ دەدا دانەو ئاوت
خەوم لە چاو ڕەویەوە، لە بەرخەمو کولوو دەرد
باوەشی کێت سەرییبنە، لە ناو پرچی بڵاوت
دەرویشی، لێم ناپرسیو، ترسم هەیە نەبێتن
فکری داوای بەخشینو ڕەوتی کردەوەی خاوت
وا دیارە شەپۆل دەدی،لە ئوقیانووسی ئەوین
دڵی بردم بە تاڵان،یەکجێ غەمزەکەی چاوت
ئەئەو تیرەی دوێنێکە لە برۆی کەوانی دەرچوو
هەڵەی کردو نەپپێکا، ئامانجی دەستی ڕاوت

هەر ناڵەو هاوارێ،کە کردم گوێت پێ نەدا.
وا دیارە لە جینایەت، بەرزە دەستی گوڵاوت
رێگای ئاو کەچی دوورە،وشیاربە لەو سارایە
نەکا غولی سارا گەرد،لارکا، گوێچکەی کڵاوت
کردەوەت هەڵبسەنگێ، ڕەنگە لە چاخی پیری
چونکە بە خۆڕایی چوو هەموو سەردەمی لاوت
ئەی شەمەکەی دل ئایسەر،کە قۆناخی ئەوینی
خودایە بە لوتفی خۆی دوور کا،لە بەڵاو داوت
حافز ئەو غولام نییە فیراری بێت لە خواجەی
سولح لە گەڵمان بکە،بگرە سەر ڕستەی ڕاوت.
حامیدرەشیدی زەرزا-٢٠١٦/٥/١٤ی زایینی-وەدابە

---١٧

سینه از آتش دل درغم جانانه بسوخت
آتشی بود دراین خانه که کاشانه بسوخت
حافظ:
سینگم بە گڕی ئەو خەمی گیانانەوە سووتا
ئاگرێ بەر بوو لە ماڵم،بە هێلانەوە سووتا
لەشم لە بەڕێوانی دووری دولبەر بجەلی
گیانم لە موحیبەتی گری گیانانەوە سووتا
سۆزی دڵ دوای ئاگری ئەسرینی دڵی شەم
دوێشەو لە خەمان وەکوو پەروانەوە سووتا
ئەو ناسیاگە، نە غەریبە کە دڵسۆزی منە
کە لە خۆم  بێگانە بووم،بە بێگانەوە سووتا
جلە پارسایەکەم،  ئاوی خەڕابات بردی

ماڵی ئاقڵ بەدەس ئاگری مەیخانەوە بسووتا
وەک پیاڵە دڵم لەو تۆبە کە کردم بشکا
وەک لالە جەرگم بێ مەیی خمخانەوە سووتا
ببڕەوە،ئەفسانە وەرەوە،کە بیلبیلەی چاو
جلی خۆی داکندوو بە شوکرانەوە سووتا
تەرکی ئەفسانە بکە حافز مەی فڕکە دەمێ
کە نەنووستین‌و شەم بە ئەفسانەوە سووتا
حامید ڕەشیدی زەرزا-٢٠١٦/٥/١٤ی زایینی-وە

آن ترک پریچهره که دوش از برما رفت
آیا چه خطا دید که از راه خطا رفت
حافظ:
ئەو کێژۆڵە جوانەی، شەوێدی،لام،وەلاچوو
تاوانی لە من چی دی، لە ڕێگای خەتا چوو
تا ڕۆیی لە بەر چاوم، ئەئەو چاوی جەهان بین
حاڵی نییە کەس دەردم، کە لەو چاوە چەها چوو
بۆ شەمعی نەچوو لەو گوزەری ئاگری دڵ دوێ
ئەو دووکەڵە،لەو سۆزی جەرگ بۆ سەروپاچوو
دوور لەو دەمە هەر جار بە جار سیلەیی چاوم
سێلاوی گرین لووزەوی بەست،دەردوو بەڵاچوو
کەوتین لە پێ ئەو دەم، بۆن هات خەمی دووری
لەو دەردە بمردین، ،،لە دەستمان کە دەوا چوو
فەرمووی دڵەکەم خۆ بە دوعا،دێتەوە وەسڵن
عومرێکە کە عومرم هەموو لەو ڕێی دوعا چوو

ئیحرام، چ گرێدان! نییە کە قوبڵە ئەلێرە
کۆشش چ دەکا ئیدی،کە مروە لە سەفا چوو
دوێنێ گوتی دوکتۆر لە حەسرەت کە منی دی
هەیهات کە ڕەنجی تۆ لە قانوونی شیفا چوو
دۆستم تۆ بپرسە، هەلە، جارێکی لە حافز!
پێشتر لەوە! حافز کە: ئەلەو داری فەنا چوو
حامیدڕەشیدی زەرزا-٢٠١٦/١٥- وەدابە.

٨٥

دل میرود ز دستم صاحبدلان خدا را
دردا کە راز پنهان خواهد شد آشکارا
حافظ:
دڵم دەڕوا لە دەستم خاوەن دڵان خودایە
ئەفسووس،سڕڕی نهێنی وا دیارە ئاشکرایە...
پاپۆڕی تێکشکاوین،تیی هەڵکە بایی وادە
بەڵکوو دیسان وەبینین،ئەو رۆگە ئاشنایە
ئەئەو دوو ڕۆژی گەردوون چێرۆکە یاکوو جادوون
چاکە لە گەڵ هاڤاڵان،قۆزتنەوەی گۆی خولایە
لە بازنەی گوڵوو مەیدا،چ جوان دەخوێنی بولبول
کە ئەو،ئەبەو نەغمانەی سەر مەستی بۆتە کایە
ئەی خاوەنی کەڕامەت،شوکرانەیی سەلامەت
ئێستا ئەوەی پێویست بێ دەستگرتنی بێنوایە
حەسانەوەی دوو دونیا،مانایی ئەو دوو وشەن
لە گەڵ نەیار هەڵکردن،پیاگەتی دۆست لەولایە

پییان نەداین ئیجازە، بۆ کووچەی ناوخۆشان
کە تۆ پەسەندی ناکەی، بگۆڕە ئەو قەزایە
ئەئەو شەڕابە تاڵەی،سۆفی بە پیسی ناو برد
بۆ تەسکینی دڵی مە، ئەو چاکترین دەوایە
تۆ کاتی بەلەنگازی بکە سەرخۆشیو مەستی
بۆ قاڕوون بوونی نەدار، پێشکێشم بە گەدایە
خۆ بایی مەبە وەک شەم،لە تانۆتت بسووتێ
دولبەرکە لە لەپی وی، مووی بەردی خارایە
ئاوێنەیی ئەسکەندەر، جامی شەڕابە بەگلەر
ئەتۆ تییدا دەبینی، ئەو مەڵکەی ئێ: دارایە
جواانکۆڵەی فارس زوان،ژین بەمرۆڤ دەبەخشن
مەیگێڕ بدە مزگێنی، بەو ڕەندە پارسایە
حافزهەروا،نەیپۆشی جلی لە مەی هەڵکێشراو؟
ئەی داواکاری دڵ پاک، بمانبە خشە ڕەجایە
حامید ڕەشیدی زەرزا-٢٠١٦/٥/١٦ی- ودابە

ای پادشه  خوبان داد از غم تنهائی
دل بی تو بجان آمد وقتست که بازآئی
حافظ:
ئەی پاڵشای جووانان، داد لە خەمی تەنیایی
دڵ بێ تۆ وەتەنگ هاتووە، کاتیتی، باز ئایی

گوڵ هەتاسەرلەو باخە دەم بە پێکەنین  نابێ
لە خەمناکان بپرسن،، دەردوو کوڵی جودایی
دوێنێ باسی زولفی تۆم لە گەڵ بای سەبا دەکرد
وتی هەڵەی،، تێپەرە لەو فیکرەتی سەودایی
دەیان بای سروە لێرە لە هەڵپرکەن، بە قەتار
ئەمەیە خەنیم ئەی دڵ، تا وەک با سووڕاوی
حەزوعەلاقەو دووری لەتۆ وای بە سەرهێنام
کە لە دستم دەرچێت،،سەرهەودای شکیبایی
خودایە بە کێ بلێم، ئەو وتەیە ،لە ،،جەهان
ڕووی بەکەس نیشان نەدا لەچ شوێنێ ئیلایی
مەیگێر چێمنی گولاَن، بێ تۆ چ ڕەنگی نیینە
شمشاد نازێکی فەرموو، باخچەت بیێتە ئاوایی
من دردی تۆم  دەرمانە، وا لە کاتی نەساخی
هەمدەمم یادی تۆیە،،،، لە گۆشەیی تەنیایی
لە بازنەی دابەشین دا، ئێمە خاڵی تەسلیمین
ئەمر هەر ئەمری تۆیە ،حوکم کەی بفرمایی
فکری خۆم و دەنگی خۆم لە دونیای ڕەندی نیە
کوفرە، لەو مەزەبەیدا،تەکەبوروو خوۆرایی
بەرتەقای، بازنەی مینا،خوێنی جەرگم مەی بدە
تاعەل بکەم گرفتم،،،،، بەو پیاڵەیی مینایی
حافز شەوی هیجران چوو،بۆنی خۆشی وەسل دێ
ئەو خۆشیەت لێ پیرۆز بێ، ئەی ئاشقی شەیدایی
حامیدڕەشیدی زەرزا-٢٠١٦/٥/١٦ی وەدابە
-٥٣٧

مدامم مەست میداردنسیم جعد گیسویت
خرابم میکند هردم فریب چشم جادویت.
حافظ:

دەکا مەستم بە دایم ئەو شنەی زولفی پەریشانت
لە دینم وەردەگێڕێ، ئەو دوو چاوی دوور لە ئیمانت
لە دوایی ئەو هەموو سەبرە، دەشێم چرکێکی بدبینم
شەمی دڵ بێم و بایسێنم، لە ژێر کانی دوو لێوانت
دەزانیت بۆ ئەمن کۆپی دڵی ئیشقیم لە لا بەرزە؟
ڕوحیش کۆپی ئەوینێکە،لە نوسخەی دەردو دەرمانت
دەخوازی کە لە دونیا دا بەهەشتێکی لە نوێ چێکەی
بە سروە بێژە خۆی بابێ لە ڕووت لادا پەچەی جوانت
وە یا کوو دەتهەوێ ئاخۆ کە ئەو دونیایە وێران کەی
کەزی خۆت ڕاوەشێنە، با،ببن گشت گیان بە قوربانت
من و سروەی هەژار لێرە،دوو لێ قوماوی مەزلوومین
ئەمن بۆ چاوی سێحراویت، وەئەو زولفی پەرێشانت
بەهەشتی تۆ، دەڵێم حافز، بەسە پاڕانەوە ئیدی...
لە خەم زێدە لە دونیادا لە گەڵ کەس نەبوە پەیمانت!
حامیدرەشیدی زەرزا-٢٠١٦/٢/٦ی زایینی.واینگ وەدابە

یوسف گمگشته باز آید بەکنعان غم مخور
کلبە احزان شود ڕۆزی گوڵستان غم مخور
حافظ:
یوسفی ون بوو، دێتەوە کەنعان، دیسان خەم مەخۆ
کاولە ئاش دیسان دەبێتە باخ و بێستان،خەم مەخۆ
ئەی دڵی پڕخەم، دووبارە چا دەبێ، دڵ بەد مەکە
ئەو سەری شێواو،دووبارە دێتە سامان خەم مەخۆ
کە بەهاری عومرباقی بێت،،،، لە ناو باخی گوڵان
هەڵدەدەی چەتری گولی تۆ تەیری خۆشخوان خەم مەخۆ
گەر جەهان دوو ڕۆژ بەکەیفی مە، خولوو سووڕی نەدا
هەر وەها نامێنێ دایم، حاڵی دەوران، خەم مەخۆ
تۆ مەبە ناهومید کە ئاگا نیی، لە سرڕی غەیبی خوا
ڕەنگە بن پەردە هەبێ لەو قەولوو پەیمان خەم مەخۆ
چەندە تۆفان بنچ و ریشەی بوونوو هەستی تێکدەدا
گەمییە وانت چونکە نوحە،تۆ لە تۆفان خەم مەخۆ
تۆ لە سارا کە بە قەستی کابە، هەنگاو هەڵگری!
سەر زەنیشت گەر بکا دڕکی موغیلان خەم مەخۆ
چەندە قۆناخ پڕمەترس ودوورو مەخسوودیش ونە
ڕێگا بێ کۆتاییی نابی،،گیانیی گیانان خەم مەخۆ
حاڵی مە، لە دووری یاران و لە بێ لوتفی رەقیب
خۆی دەزانێ ئەو خوادوەندی دڵۆڤان خەم مەخۆ
حافزا لەو بێ کەسی دادو خەمی شەوگاری ڕەش
تا هەبێ وێردی زبان و دەرسی قورئان خەم مەخۆ
حامیدڕەشیدی زەرزا-٢٠١٦/٥/١٦ی زایینی-وەدابە
-٢٧١

له دست کوته خود زیربارم
که از بلا بلندان شرمسارم
حافظ:
له کورتی دەستی خۆمە،ژیری بارم
کە لە باڵا بڵیندان، شەرمەسارم
مەگین زنجیر لە موو بگرم لە دەستم
دەنا وەک شێت،جێگا، کۆهسارم
لە چاوی من بپرسە حاڵوو احواڵ
لە ئاژماری هەساران سەر ژمارم
ئەبەو شوکرانە جامی ڕادەمووسم
هەڵی هێنا بە گویم سرڕی نیگارم
کە کردوومە دوعا بۆ مەی فرۆشان
دەیندارم بە وان، مننەت گوزارم
سوپاسی دەستوومەستی خۆم دەکەم من
لە ئازاری خەڵک بێ هێزە، دارم
سەرێکم هەس وەکووحافزلە مەستی
بە لوتفی ئەو سەرە هومێدەوارم
حامیدڕەشیدی زەرزا-٢٠١٦/٥/١٧ی زایینی.وەدابە



ببرد از من قرارو طاقت و هوش
بت سنگین دل، سیمین بناگوش
حافظ:
ستاندی لێم قەرارو تاقەت و هۆش

کچێکی دڵ ڕەق و ،یەکجار ڕوو خۆش
گوڵێکی ناسک ئەندام خڕوو خۆڵ
لە بن لەچکە،لە دڵ دیبرد دڵووهۆش
لە تاوی ئاگری سەودای ئەوینی!
وەکوو ئاوی کولیو ،قژقژ دەدەم جۆش
دەبووم ئاسودە من، گەر بام کراسی
لە باوشما دەگرت هەر چرکە دەم نۆش
ئەگەر بڕزن سەرانسەر ئیسکەکانم
ئەمن ناکەم ئەوی هەرگیز ،فەرامۆش
دڵوو دینم، دڵوو دێنمی بردووە
بەرۆکوو، یەخەوو ،گەردن،بیناگۆش
دەواو دەرمانی تۆیە، ماچی حافز
دەمی بمژە لە کات و ساتی سەرخۆش
حامیدرەشیدی زەرزا-٢٠١٦/٥/١٧ی زایینی-وەدابە
-٣٠١

بیاوکشتی ما در شط شەراب انداز
خروش و ولولە درجان شیخ وشباب انداز
حافظ:
وەرە پاپۆڕی مە، لە دەریایی شەڕابی باوێ
هەراو ئەنگامە،لە گیانی پیروو شەبابی باوێ
نوقمم کە، لە تیبانی شەڕابی، تۆ ئەی مەیگێڕ
گووتوویانە چاکە بکە،لە ئاوی سەرابی باوێ
لە کووچەی مەیخانە گەڕامەوە، خەتام کردوە
لوتف و کەرم بفەرموو: لە مەیی نابی باوێ

بۆم بێنە لەو مەییەی، گوڵڕەنگی بۆن خۆش
بزیسکەوپرشەی ئێرەیی لە دڵی گوڵابی باوێ
ئەگەرچی مەست و خەرابم، تۆش لوتفێ بکە
سیلەڕوحمێ بەو دڵەی حەیرانو خەرابی باوێ
ئەگەر دەتوێ کە خۆر، بە نیوە شەو بدینی
لە ڕووی کیژی گوڵ چێهرە،، نەقابی باوێ
ڕەخسەت مدە، کە مردم بە خاکم بسپێرن
بەرەو مەیخانەم بەرە، لە خمی شەڕابی باوێ
لە داخی چەرخ،گیانم وەک حافز،هاتە سەرلێو
بۆ لای دێوی خەمان، تیبری شەهابی باوێ
حامید رەشیدی زەرزز-٢٠١٧/٥/١٧-وەدابە
-٢٨١

گەمی ئیمە لەدریایی شەرابی شوور باوێ

بشنو این نکتە کە خود را ازغم ئازدە کنی
خۆن خوری گر طلب روزی ننهادە کنی
حافظ:
گوێگرە لەوحەنەکە، خوت لە خەم ئازادە بکەی
خوێن دەخۆی ئەگەر فکری ڕسقی نەنهادە بکەی
ئاخرالامر تۆ دەبیە گڵی گۆزە کەران،
فکر لەو کووپە بکەوە، کە تەژی لە بادە بکەی
ئەگەر لەو جۆرە کەسانەی دەتەوێ، بچیە بەهەشت
باشتر ئەوەیە، خۆشی لە گەڵ چەند پەریزادە بکەی

پاڵدانەوە، لە شوێنی مەزنان ناکرێ مەیکە گەمە
مەگێن هەرچی پێویستە هەمووی بۆ ئامادە بکەی
خێرەهای تێدایە ئەی شاجوانی جەهان
بە هیما سیلە چاوێ لە فەرهادی دڵدادە بکەی
دڵت کەنگێ ڕەقەمی بەرەکەت قەبوول دەکا هەیهۆ
مەگێن بە نەخشیکی گەللایی وەرەق سادە بکەی
ئەگەر خۆت بە لوتفی پەروەرەردگار بسپێری حافز
باشە کە کەیف لە گەڵ شانسی خوا دادە بکەی
حامیدڕەشیدی زەرزا-٢٠١٦/٥/١٧ی زایینی-وەدابە
-٥٢٢

فاش میگویم و از گفته خود دلشادم
بنده عشقم و از هەر دو جیهان آزادم
حافظ:
بە ڕاشکاوی دەیڵێمو لە وتەی خۆم دڵشادم
من غولامی ئەوینم،لە هەردوو کەون ئازادم
ئەمن تەیرێکی بەهەشتێ بوم، چ بکەم بەیان
ئەوەی منی هێنا بۆ ئێرە، ناوی بوو ئادم
ئەمن، فرشتەی ناو بەهەشتی بەرین بووم
ئادەم منی هێناو،، بۆ ئەو خەراب ئابادم
سێبەری تووبی،مێرەوانی فرشتە قەراخ حەوز
بە ئەوینیسەری کوچەی تۆ چوو لە یادم
لە سەر لەوحی دڵم نییە جگە لە بەژنی یار

چبکەم پێتێکی تری، فێر نەکردم ئوستادم
ئەستێرەناس هەسارەی بەختی منی نەناسی
خووایە لە دایکی زەمانە، بە چ شانس زادم
لەو دەمەوە بومە ئاڵقە بەگۆیی دەری مەیخانە
هەر چرکە خەمێ نوێ دێو دەکا،موبارکبادم
دەخوا خوینی دڵم بیلبیلەی چاوم، تۆڵەیە
بۆچ دڵم بە کیژی خەڵک دا ئەمنی ئادەم
بسڕەوە حافز ڕو بە سەری کەزی ئەسرین
دەنا ئەو لافاوە، دەر دێنی لە بنچ و بونیادم
حامیدڕەشیدی زەرزا-٢٠١٦/٥/١٨-وەدابە
-٣٣٨

زلف برباد مده تا ندهی بربادم
ناز بنیاد مکن، تا نکنی بنیادم
حافظ:
کەزیە وەبەربایی مەدە، تاکوو نەکەی بەربادم
نازی بنلادی مەکە ، تاکوو نەکۆڵی بونیادم
مەی لە کۆی بارمەخۆ، تاکوونەخۆم خوێنی دڵم
لێم مەشارەوە، دەم ، تاکوو، نەیە فەریادم
زولفەکەت ئاڵقە مەکە تاکوو نەکەی دەربەندم
پرچەکەت خڕ مەکەوە تاکوو نەدەی بەربادم
یاری بیگانە مەبە،تاکوو لە خۆم دوور نەکەی
خەمی ئەغیار مەخۆ، تاکوو نەکەی ناشادم
ڕووت وەدەرخەو، لە دەمی گوڵ بی نیازم کە

سەر هەڵەڵبڕە، تاکوو بکەی لە سەرو ئازادم
مەبە شەمی هەر کوڕێ، تاکوو نەمسووتێنی
بیری هەرقەومی مەکە، تاکوو نەڕۆی ئەزیادم
دەنگینی شاری مەبە، تا نەکەم ڕووم لە کێو
شوری شیرن مەخەڕی تاکوو نەکەی فەرهادم
بەو بەندە هەژارە بکە ڕوحمێکی لە ڕێێ خوا
با بە پێچکی تەختی شا، نەگات ، فەریادم
حافزلە بێوەفایی تۆ،حاشا،کە ڕوو وەرگێڕێ
ئەو چاخ کە لە بەندی تۆمە،ئەمن ئازادم.
حامیدڕشیدی زەرزا-٢٠١٦/٥/١٨-وەدابە
-٣٣٧

جان بێ جمال جانان،میلی جهان ندارد
هرکس که این ندارد حقا که آن ندارد
حافظ:
گیان بی جەماڵی گیانان، مەیلی جەهانی نیینە
هەر کەس کە ئەوهەی نییە،یانی ئەوانی نیینە
لە گەڵ چ کەس نیشانێک لەو دڵستانم نەدی
یان من لێێ بێ خەبەر بووم،یا ئەو نیشانی نیینە
هەر ئاونگێ لەم ڕیگا، سەت بەحری ئاوریینە
ئەفسووس کە ئەو معەما،شەرح و بەیانی نیینە
کوا قۆناخی ئاسایش دەکرێ لە دەست بدرێ
ئەی سارەوان تۆ ماژۆ، ئەو ڕێ پایانی نیینە
ئەو سازەی کە بەژنەکەی بەپەنجەی دەس ئەخوێنێ

بانگت دەکات گوێ بگرە، کە هیچ زیانی نیینە
ئەی دڵ تۆ ڕێگای ڕەندی لە دارۆغە فێر ببە
مەستیشە کەس لە مەڕ وی فکروگومانی نیینە
ئەحوالی گەنجی قاڕوون،زەمانە کە بە بای دا
لە گوێچکەی دڵ دەر باوێ،کە زێر نیهانی نیینە
ڕەقیبت کە شەمێش بێ، نهێنی لێ وەشارە
ئەو ناپاکەی سەر بڕاو، بەندی زوانی نینە
کەس لە دونیادا نییتی غولامێک وەکووحافز
چونکە تۆ ئەو پاشایەی کە لە جەهانی نیینە
حامیدڕەشێدی زەرزا-٢٠١٦/٥/١٨=وەدابە

درخت دوستی بنشان کە کام دل ببار آورد
نهال دشمنی بر کن،کە رنج بیشمار آرد
حافظ:
بچێنە داری دۆستاتی،کە تاسەی دڵ بە بار دێنێ
وە خەڵفی دوژمنی ببڕە،کە کێشەی بێ ژماردێنێ
کە میوانی ڕەفیقانی،لە عیشرەت دا بە وەیقار بە
ببینە دوایی سەرمەستی،هەمێشە مەی خوماردێنێ
بە فورسەت تۆ بزانە کات، کە دوایی ڕۆژگاری مە
ئەواگردش دەکا دیسان،زەمان لەلیل ونەهار دێنێ
کەژاوەچی کە فەرمانی کەژاوەی لەیلە، دەستی تۆ
خودایە دەو دەڵی باوێ، بەرەو مەجنون گوزار بێنێ
بەهاری عومری بخوازە دەنانائەوسرشت هەرسال
وەکوو نەسرین دەیان غونچە،لە بولبول وا هەزار دێنێ
خودایا چون دڵی بەبرین قەراری بەست لەگەڵ زلفی

بفەرمووی لێوەکەی ئاڵت، بە ئیقراری قەرار دێنێ
بە پیری واڵە دەخوازێ لە خوای باری دیسان حافز
لە لێواری جۆ دانێشێ،، نیگاری بۆ کەنار بێنێ
حامیدڕەشیدی زەرزا-٢٠١٦/٥/١٩ی زایینی.وەدابە

ابر آذاری بر آمد باد نوروزی وزید
وجه میخواهم ومطرب کەمیگوید رسید
حافظ:
هەوری نیسانم بەدی کرد،بای نەورۆز هاتەوە
لێرە پارە بۆ مەیوو، ئاوازوو، نەی، دەبیاتەوە
من خەجاڵەتباری گیرفانم، جحیلان وا لە سەف
ئیشق و موفلیسی بەڵایە، دوژمنی ئاواتەوە
قاتیشی هاتبێت مرۆڤی،ئابڕوو نافرۆشترێ
ئەو جلوو بەرگە کە بایی بادەو گوڵ، لاتەوە
پیم وەیە دەکرێتەوە، لە دەوڵەتم کاری دوێشەو
هەر دوعام کردوە هەتاکازیوە، بێ دەنگداتەوە
بەو دەمە، پڕ پێکەنینە، گوڵ ئەوە هاتۆتە باغ
وەک دەڵێن کە بۆنی گوڵ گۆیاخەمم دەشواتەوە
داوێنێ لەو عالەمی مەردی، بدڕێ چی دەبێ؟
بەڵکوو ئەو چاکە بشێ،ناوبانگی پیس بشواتەوە
ئەو لەتیفەم من لە لێوی لەعلی تۆ گوتوە،گوتت:
کەس وەکوو تۆ ئاوی زوڵمی کەزیەکەم ناخواتەوە
کاتی پاشا،خۆی نەپرسی حاڵی مەزلوومانی ئیشق
لاتریک ئیدی لە خۆشبەختی فکر ناکاتەوە!!
لە دڵی حافز کێ بوو دای ئەو تیری ئاشق کوژ گوڵم

فڕکەیی خوێنی، لە شێعری دا زەوی دەشواتەوە
حامیدڕەشیدی زەرزا-٢٠١٦/٥/١٩- وەدابە
-٢٥٥

دوش از مسجد سوی میخانه آمد پیری مە
چیست یاران طریقت بعد از این تدبیر ما
حافظ:
دوێ لە مزگەوتێ بەرەو مەیخانە ڕوویی پیری مە
دەی چییە یاران لە وەی واوە ،بڵێن تەکبیری مە
ئیدی چۆن ڕوومان بەرەو قوبلە بکەین ئێمەی مرید
رووی بەرەو ماڵی خۆمارە، ،ئێستاکانە،پییری مە
لەو خەراباتی تەریقەت، پێکەوە هاو پیاڵە بین
وا چووە ڕۆژی ئەزەل، بەو شێوەیە تەقدیری مە
زانیبوای ئاقڵ کە دڵ چۆن کەوتە داوی زولفی وی
شیت دەبوون سەرپاکی زانا،وا بە دووی زنجیری مە
ڕوویی جوانی ئایەتێکی لوتفی بۆ مە،کەشف کرد
لەو دەمە بیجگە لە لوتفی باش نییە، تەفسیری مە
ئاخۆ دەکرێ بەو دڵی بەردت لە هەوئاڵێن شەوێ
ئاخی ئاگرباروو سۆزی سینەیی شەوگێڕی مە
تیری ئاخی مە لە دونیا دەچتە دەر حافز نەکەی
تۆ بە گیانی خۆت ڕوحم کە، دوورکەوە لە تیری مە
حامیدڕەشیدی زەرزا-٢٠١٦/٥/٢٠-وەدابە

در دیر مغان آمد یارم قدحی در دست
مست از می ومیخوران از نرگس مستش مست
حافظ:
لە دێری موغان هاتە دەرێ یارم، پیاڵە بە دەست
مەست لە مەیوو مەیخۆرلە چاوی مەستی سەرمەست
لە ڕەنگ و بۆنی وی، شکڵی مانگی نوێ دەبینرا
لە بەژنی بەرزی وی، بژن و باڵای سنەوبەر پەست
ئاخر چۆن بڵێم کە هەم، کە لە خۆم خەبەرم نیین
یا چۆن بڵێم کە نیم، دڵم شەشدانگ بە وی بەست
شەمی دڵی دەمسازم بکوژاوە، ئەو کاتێ ئەو ڕابوو
هاوار لە هەواداران ڕابوو،کە هەستاوو نوشەست
بۆنێگی یەکجار خۆش لە پرچ و کەزی وی هاڵا
کەمانکەشێکی وەسمە، بە برووی وی برد دەست
وەرەوە کە عومری جوانی دەگەڕێتەوە بۆ حافز
هەرچەند تەیرێ کە لە قەفس بەربوو نایەتەوە دەست
حامیدرەشێدی زەرزا-٢٠١٦/٥/٢٠-وەدابە
-٢٩

مژده ایدل که مسیحا نفسی می آید
که زانفاس خوشش بوی کەسی می آید
حافظ:
مزگێنی لە تۆ ئەیدڵ، مەسیحا نەفسێ دێ
لەو هەناسانەی وا خۆش، بوونی کەسێ دێ
تۆ خەمی دووری مەکە، هاوار کە شەوێدی
فاڵەکم بە نییەت گرتۆتەوە،، فەریادرەسی دێ

له ئاوری دات ئەمین، نە،منم خۆشحال وبەس
مووسێ بۆ ئێرە بە هیوای گڕی قەبسێ دێ
هیچ کەس نییە کە بە تۆ ئیش و کاری نەبێ
هەرکەس بۆ ئێرۆکە  بە دوای هەوسێ  دێ
کەس نازانی کە قۆناخی موخسوود لەکوێیە
هەرئەوەندە کە دەنگی درایی جەرەسێ دێ
خەبەری بولبولی ئەو باخە، بپرسن لە من
هاوارێ کە من دەیبیسم،لە قەفەسێ دێ
یار کەدەیەوێ بکا حاڵی لە نەساخ خەم پسیار
پێی بێژە خۆش بە، کە هێشتا نەفسێ دێ
قومێکم پێ بدە کە لە مەیخانەی جوامێران
هەرحەریفێک بە دوای مولتەمیسێ  دی
یارهەیەتی نەزەری ڕاوی دڵی حافزدۆستان
ئەو هەڵۆیە،بۆ ڕاوی خەرمەگەسێ دێ
حامیدڕەشیدی زەرزا-٢٠١٦/٥/٢١-وەدابە
-٥٨٠

سالها پیروی مذهب رندان کردم
تابفتوای خردحرص بزندان کردم
حافظ:
ساڵەهای ساڵ،پەیرەوی مەزهەبی ڕەندانم کرد
تا ئەو تەماحەی کە هەم بوو،  لە زنیدانم کرد
من هەر لە خۆوە ڕێم بۆ  مەنزلی عونقا نەبڕی
تەکبیری ئەوکارە، لە گەڵ تەیری سولیمانم کرد

سێبەر بخە سەر دڵی بەکوڵم، مەحبووبی ئەزەلی
ئەوماڵی هەبوو، بە هیوای تۆ،من  وێرانم کرد
تۆبە، کە ئیتر ڕامووسم لێوی مەیگێڕ و ئێستا
لێوی حەسرەت دەگزم بۆچ گوێ بە نادانم کرد
دژی عادەتە زۆراتی هۆکاری وسولی یەکیەتی
کەسبی ئەو ئاپۆری، لەو کەزی پەرێشانم کرد
نەخشی ساڵح وفاسق، نە بە دەستی منوتۆیە
ئەوەی سوڵتانی ئەزەل، فەرمووی هەمانم کرد
هەمە بە لوتفی خواوەند، تەماع لە بەهەشت
هەرچەند نووبەرداری مەیخانەی مەستانم کرد
نۆکە بە پیرە سەری باسی یوسفم کەوتە دڵی
چاکەی سەبریکە، لە کاولە ئاشی ئەحزانم کرد
کازیوەڕابوون وسەلامەتی، بخوازە وەک حافز
ئەوهەی کردم هەموو لە دەوڵەتی قورئانم کرد
کە بە مەزنی دیوانی غەزەل دەنگینم سەیرنییە!
ساڵەهای ساڵ،،غولامی خاوەنی دیوانم کرد
حامیدڕەشیدی زەرزا- ٢٠١٦/٥/٢١= وەدابە

من که از آتش دل چون خم در جوشم
مهر بر لب زده،خون میخورم وخاموشم
حافظ:
ئەمن کە لە ئاگری دڵ، وەکوو خومرە لە جۆشم
چەندە دەمم هەڵدروە،،، خوێنی دڵم دەنووشم
خۆ کوشتنە. کە تەماح، لە لێوی جوانان کردن

تۆ بمبینە لەو کارە، من بە  گیان تێ دەکۆشم
من کەنگێ ئازاد دەبم لە خەمی دڵ کە هەردەم
خاڵی کەزی جوانێک ،ئاڵقە دەکا،  لەگۆشم
حاشا کە ئەمن ئاقیدەم، بە تاعەتی خۆم هەبێ
هەر ئەوەند، کە جارجارە، پیاڵەیەکی  دەنۆشم
بە پێچەوانەی نەیار،، هیوامە .. رۆژی سزا
لوتفی عافووی دانەنێ، باری گوناح بە دۆشم
باوکم باغی جەنەتی بە دوودەنکە گەنم فرۆشت
بیژووبم، ئەو دونیایە بە دەنکەک جۆ نەفرۆشم
ئەو پارسیا پۆشینەم  لە رێی دینداری نییە!!
پەردە بە سەر سەت عەیبی نهێنییم دادەپۆشم
من کە ناموێ ننۆشم، جگە لە مەی سافی خم
چبکەم کە وتەی پیری موغان نەچێتە گۆشم
کە بۆم دەست بدا شاییووگۆڕانی وئەوینی دڵ
شێعری حافزی دەبات،کاتی هەڵپڕکێ هۆشم
حامیدڕەشیدی زەرزا-٢٠١٦/٥/٢٢ی-وەدابە.
-٣٦٥

حجاب چهره جان مێشود غبار تنم
خۆشا دمی که از چهره پرده برافکنم
حافظ:
پەچەی روخساری گیان، دەبێتە توزی لەشم

خۆشە، ئەو پەردە،لە ڕوولادەم،نەک بکەشم
ئەو قەفەسە  شیاوی تەیری  وەکوو من نییە
دەڕوم بۆ مێرگی بەهەشت،ئەمن تەیری ئەوبەشم
مەعلووم نەبوو بۆچ هاتم، ئاخری بە کوێ دەچم
داخ و حەسرەت،کە خافڵ لە کارو باری خۆشم
چلۆن تەوافێ بکەم، لە هەوای عالەمی قودس
پێک هەڵدوورواوە، لە دونیا ئیسکلێتی کەلەشم
لە خوێنی دڵم بۆنی ئیشق و ئەوین دەبارێ
لە لات سەیر نەبێ،کە هاودەرد خەم وهەشم
نەخش ونیگاری جلی زێراویم تۆ مەبینە
زۆر سۆزی نهێنی هەن،لە جامەی دوورەبەشم
وەک حافز بۆنی شیعرم هەموو دونیا دابگرێ
لە بەر بوونی خۆشی تۆ،کەس نازانێ، کە هەشم
حامیدڕەشیدی زەرزا-٢٠١٦/٥/٢٢-وەدابە.

روزگاری شد که در میخانه خدمت میکنم
در لباس فقر،کار اهل دولت میکنم
حافظ:
سەردەمێکە من لە مەیخانەی ئەوین خزمەت دەکەم
بەو جلوو بەرگی هەژاری، خزمەتی دەوڵەت دەکەم
تا بە داو بگرم لەوێ من، قومریی خۆش خاڵوو خەت

هەر لە بۆسەو چاوەڕوانم، تاکوو دێم فورسەت دەکەم
وەعزدەری مە،بۆنی مافی گوێنەداپێ ئەو قسەم...!
وا لە ڕووی خۆیدا، دەڵێم من،نەک بڵێی غەیبەت دەکەم
پێ بە پێی بای من دەڕۆم،تاکوو دەگەم بە ماڵی دۆست
لەو ڕەفیقانیش کە داوای، کۆمەگ و هیمەت دەکەم
خۆڵی کووچەت زەحمەتیکی وای نەبوو بۆم  پێشتر
لوتفەهات فەرموو گوڵم،تەخفیفی ئەو زەحمەت دەکەم
کەزیەکەی یار داوی ڕێگاو، غەمزەکەی، تیری بەڵا
بێتەوە بیرت تۆ ئەی دڵ،چەندە، تۆ نسحەت  دەکەم
چاوی بەد بینان بپۆشە، ئەی خودایی عەیب پۆش
ئەو چەنە لێدانە من، لەو گۆشەیی خلوەت دەکەم
حافزم لە مەجلیسێ،،مەی فڕ دەکەم  لە کۆڕی تر!
من لە گەڵ ئەوخەڵکە ئەوهالە،گەمەو سوحبەت دەکەم
حامیدرەشیدی زەرزا-٢٠١٦/٥/٢٢- وەدابە

گرم از دست بر خیزد که با دلدار بنشینم
زجام وصل می نوشم زباغ عیش گل چینم
حافظ:
ئەگەر بێتوو لە دەستم بێ و بکرێ ڕۆژێ بیبینم
لە جامی وەسلەکەی فڕکەم، مورادیخۆم وەدەس بێنم
شەڕابی تاڵی سۆفی سۆژ، دەکا بنیادەکەم وێران

تۆ زارت بێنە ناو زارم، بەرە ئەو گیانی شیرینم
مەگێن دێوانەمە ئەو شەو، خەوم نایەتە ناو چاوان
لە گەڵ مانگێ لە ئاخافتن،لە خەونۆچکە پەری بینم
تۆلێوت شەکری دا مەستانو چاوت مەی بەمەیخۆران
منم لەو ناهومیدی دا، نە گەڵ ویوو نەگەڵ ئینم
لە هەر تۆزێ کە با هێنایوو بەهرەی برد لە ئەنعامت
گوڵم من بێنەوە یادت،کە خزمەتکاری دێرینم
نەهەرکەس نەزمەکی رێکخست شەکر دەرژێ لە گوفتاری
ئەمن قرقاوڵی دەگرم، کە هێند چالاکە، شاهێنم
ئەگەر باوەڕ ئەتۆ ناکەی، بچوو لای ئەو نەقاشی چین
کە"مانی" دیهەوێ کۆپی لە شێعری تام هەنگوینم
تۆ ڕەمزی مەستیو ڕەندی لە من فێربە،نە لە حافز
کە هەر چرکە ئەبەو پیاڵە،ڕەفیقی مانگو پەروینم.
حامیدرەشیدی زەرزا-٢٠١٦/٥/٢٢-وەدابە
-٣٨٤

ساقیاسایەابراست وبهارو لب جوی
من نگویم چە کن اراهل دلی خود بگوی
حافظ:

مەیگێڕ سێبەری هەورەو بەهاروو لێواری جۆی
ئەمن خۆ ناڵێم چ بکە، گەر ئەهلی دڵی بخە ڕووی
بۆنی یەک ڕەنگی لەو سەیتەرەیە نایە،ڕابە سەر پێ
تاکەی جلی پیسی سۆفی بە شەڕابی دەشۆی
ناکەس تەبیعەتە جەهان، بە کەڕەمی پاڵ مەدەوە

گەڕیدەی هەنگاو قایم، لە سپڵە هەڵمەهێنە ڕووی
دوونسحەتت لێدەکەم، گوێگرو،سەت زێڕی بەرە
لە دەرکەی عەیش وەدەرکەوی،لە ڕێی عەیبە نەڕۆی
شوکری ئەمە بکە،،کە جارێکی دی ببینی بەهار
خەڵقی چاکە بچێنیو، لێکۆڵینەوە، بخەیە دووی
کە ڕۆگەی جانانەت دەوێ ئاوێنەکە، ڕاست ڕاگرە
نابینی گوڵ و نەسرین شین بن. لە ئاسنو ڕووی
گوێچکەت بکەرەوە، کە بولبوڵ بە گریانەوە دەڵێت:
خواجە دریغ مەکە،بۆنکە گوڵی سەرکەوتن بەهووی
گوتت لە حافزی ئێمە، بۆنی ڕییایی دیتو بەس
عافەرین بە هەناسەت، لە بۆن کردنی وا زووی
حامیدرەشیدی زەرزا-٢٠١٦/٥/٢٣-وەدابە
-٥٢٧

نوش کن جام شراب یک منی
تا بدان بیخ غم از دل بر کنی
حافظ:
نۆشی گیانت کە شەڕابی یەک مەنی
تاکوو ڕیشەی سەت خەمی پێهەڵکەنی
هاوەڵاکە، دڵ وەکوو جامی شەڕاب
نەک بە قاراندودی خومرەی ڕوو دەنی
کاتێ لەو جامە تۆ ڕەتڵێ نۆش کەی
ئیدی لێ نادەی، ئەتۆ لافی منی

توو وەکوو بەردبە،لە هەنگاونان لە ئاو
بۆچ ڕیاکار مایەوەو، تەڕ دامەنی
دڵ بە مەی بەستە هەتا جوامێر بی
گەردنی تەقواو ریبا، تێک بشکەنی
ڕابە جدی بە، وەکوو حافز هەتا
دڵ بە ماچی ئەو نیگارەت کەی خەنی
حامیدڕەشیدی زەرزا-٢٠١٦/٥/٢٣-وەدابە
-٥١٩

ساقیا بیار بادە کە ماه صیام رفت
در دە قدح کە موسم ناموس ونام رفت
حافظ:
مەیگێڕ شەڕابی بێنە،، مانگی ڕەمەزان ڕۆیی
دەی پێاڵەکەم بۆ تێکە، کاتی کەربەردان ڕۆیی
کاتن بە خۆڕایی چوو،،دەبێ قەزایکەینەوە
عومرن بە بێ حزووری،پەیمانەو پەیمان ڕۆیی
وام مەست بکە،بۆخۆشم،نتوانم خۆم وەناسم
لە ئولکەی خەیاڵاتدا خۆشێ هات قەیران ڕۆیی
بۆ وەی پێن بگا لۆچێک لەم شەڕابەی بژاردە
شوکری خودا ئەمڕۆکە، ڕۆژی نائینسان ڕۆیی
ئەو دڵەی کە مرد بوو، دووبارە زیندوو بۆوە
ئەوەی بۆنی ئەو مەیەی هەڵمژی عینوان ڕۆیی

ڕەخنەی دڵم بوو بە مەی، جەژنی ژینم هاتەوە
ئەو بەزم و رەزمی دینی، ئەوها بە ئاسان ڕۆیی
لە مەڕ تۆبە تاکەنگێ بسووتێم من وەکووعوود
لە سەرم سەودای خاوی دەردی بێدەرمان ڕۆیی
چیدی نسحەتم مەکە،، حافز ڕێی نەدۆزیەوە
گشت ئاقڵ گەڕانەوە،،،جرێن و نەزان ڕۆیی
حامیدرەشیدی زەرزا-٢٠١٦/٥/٢٣-وەدابە
-٨٧

عیب رندان مکن ای زاهدپاکیزه سرشت
که گناه دگران بر تۆ نخواهند نوشت
حافظ:
غەیبەتی خەڵکی مەکە  زاهدی خاوین،قەسی
کەس نایەوێ، گۆناحی کەسی بۆ تۆ بنووسی
ئەمن  چاکم یا کوو پیس،ئەتۆ چیت داوە لە من
هەر کەس چ بچێنێ،، ئەو دەدرویتەوە داسی
هەموو خوازیاری یارن، چ و شیارو چ مەست
هەمو ماڵی ئەوینە،  بێ تەوفیر، پێش و پەسی
سەری تەسلیمی من و، خشتی دەری مەیخانە
لێم وەرناگرێ نەزان، بەو مێشکی وا نەجەسی
تۆ ناهومێدەم مەکە، لە لوتفی دوارۆژی خوای
ئاخۆ لە پشتی پەردە گوێیسی دەنگی کەسی
نە تەنیا بەڵکوو ئەمن دەرچوم لە پەردەی تەقوا
باوکم،بەهەشتی دۆڕاند،بە هەوای بولهەوەسی

حافز که ڕۆژی ئەجل وەدەستت بکەوێ جام
یەکسەر لە خەرابات ڕا دەتبەنە بەهەشت. وصی.
حامیدڕەشیدی زەرزا-٢٠١٦/٥/٢٣-وەدابە

بلبلی برگ گلی خۆشرنگ درمنقارداشت
واندرآن برگ ونوا خۆش نالەهای زارداشت
*حافظ:*
بولبولێ بەرگی گوڵی خۆشرەنگی،لەو ناو زار بوو
لەو گەڵا دا، نالەوو، گریانی پڕ خەمبار بوو
گوتمە ئەو:لەو حاڵی وەسل ئەو نالەو هاواری چیت؟
پێی وتم: ئەو جلوەیی مەحبووبە،، لەو دیدار بوو
من سکاڵام نین، کە یارم هات لە گەڵمان دانەنیشت
ئەو لە گەڵ مەی گفتگۆوو،ڕووی قسە پێ عار بوو
ویگرا هەڵناکەن نیازوو نازی مە، بەو جوانی دۆست
خۆش بەحاڵی نازەنینێ،بەخت لە گەڵ وی یار بوو
ڕابە بۆ ئەو نەخشی پێنووسی، بکەین گیانن فیدا
ئەو هەموو نەخشی سەیر،لەو حیکمەتی پەرگار بوو
کە مریدی ڕێگە ئیشقی، فکری بەد ناوی مەکە
شێخی سەنعان بۆ گرەو خەرقەی لە لای خومار بوو
خۆش بە حاڵی ئەو قەلەندەر، کوفرو ئیمانی نەدی
زکری تەسبێحی پەری، لەو بازنەیی زنار بوو
چاوی حافز ژێری بانی قەسری ئەو حۆری لەشە
هەر وەکوو باخی بەهەشتێ پر گوڵ و جۆیبار بوو
حامیدرەشیدی زەرزا-٢٠١٦/٥/٢٣-وەدابە

حاصل کارگه کون ومکان این همه نیست
باده پیش آر که اسباب جهان این همه نیست
حافظ:
بەرهەمی کارگەیی کەون و مەکان ئەو هەموو نین
مەی بێنە لە بۆم، پێویستی جەهان ئەو هەموو نین
لە دڵووگیانی شەڕەف سوحبەتی گیانان مەقسوود
مەقسەد ئەونییە، دەنا دڵ و گیان ئەو هەموو نین
مننەتی ئەو داری تووبیت ، بۆ سێبەری مەکێشە
ورد بنۆڕە، ئەو سەروی ڕەوان ئەو هەموو نین
دەوڵەت ئەوەیە، کەبێ خوێنی دڵ،وەدەست بێ
دەنا بەو حەولوو تەقەلا،باخی جنان ئەو هەموونین
دونیا پێنج و دوو رۆژە،لەو بەینە،موڵەتت هەس
بە حەسێوە، زەمانێ کە زەمان ئەو هەموو نین
لە لێواری بەحری فەنا ، چاوەڕوانم ئەی مەیگێڕ
تێگە غەنیمەتە ،نێوان دەم و لێو، ئەو هەموو نین
زاهد دڵنیا مەبە،لە گەمەی زەمانە دەسم داوێن
کە ڕێ لە صومعە تا دێری موغان ئەو هەموونین
دەردەداری وەکوو منی هەژارو بەخت ڕەش
ڕەواڵەت ئاتاجی نووسین ودەربڕین ئەوهەموونین

ناوی حافز به ژمارەی باش قەبووڵی وەرگرت،
بەڵام لای رەندان،سوودو زیان ئەو هەموو نین.
حامیدڕەشیدی زەرزا-٢٠١٦/٥/٢٣-وەدابە
٧٧-،،،،،،

گرزدست زلف مشکینت خطائی رفت رفت
ور ز هندوی شما بر ما، جەفائی رفت رفت
حافظ:
گەرلە دەستی زولفی ڕەشمارت خەتایەک چوو چوو
گەر لە خاڵی بەژنەکەت، بۆ مە،جەفایەک چوو چوو
بەرقی ئیشقت جۆخینی سۆفی ئەوا سووتاندو سووت
زوڵمی پاشای کامڕەوان،،گەر بۆ گەدایەک چوو چوو
لە تەریقەت دا نییە، هۆکاری دڵ ئێش ، بێنە مەی!
هەر کدورەت گەر دەبینی، وەک سەفایەک چووچوو
عیشقباری دەیەوی قوربان ئەتۆ خۆت ڕاگری،
حەچەمەتێک گەر بووو بووو،یا خەتایەک چووچوو
گەر دڵێک لەو غەمزەیی دڵدار باری بردوو برد
گەر لە نێوان هاونیشنینان،وا سزایەک چوو چوو
عەیبی حافز تۆ مەڵێ واعز، کە رۆی لە خانەقا
قاچی ئازاد چۆن دەبەستی،بۆ چ لایەک چووچوو
حامیدڕەشیدی زەرزا-٢٠١٦/٥/٢٤-وەدابە
-٨٦

زاهد ظاهرپرست از حال ما آگاه نیست
درحق ما هر چه گوید جای هیچ اکراه‌نیست
حافظ:
شێخه‌که‌ی زاهیر په‌رست،له‌و حالی مه ئاگاه نییه
دژ به‌ئێمه، هه‌رچی بێلێێ هیچ جێی ئیکراه نییه
تا سه‌ناریۆیه‌ک بدا روو، بیده‌قێک ده‌بزوێ دڵ
ئۆڵکه‌ی شه‌ترنجی ڕه‌ندان، جێی مه‌جالی شاه نییه
هاچییه؟ ئه‌و میچی به‌رزوساده‌و پڕنه‌خش وگوڵ
له‌و موعه‌مایه، چ زانا،، له‌و جه‌هان ئاگاه نییه
ئه‌و چ نه‌وعه ده‌وڵه‌توو،ئاخۆ چ جۆره حیکمه‌ته
له‌و هه‌موو ده‌ردی نهێنیی دڵ، مه‌جالی ئاه نییه
خاوه‌نی دیوانی مه،، ،پێم وایه نازانێ حیساب
چونکه له‌و توڕڕه، چ نیشانێ له مه‌ڕ ئه‌ڵڵه نییه
ده‌یهه‌وێ کێ بێبوو، یاکوو ده‌یهه‌وێ بڕوات کێ
په‌رده‌دارو ده‌رکه‌وان هیچ، له‌و ده‌رو ده‌رگاه نییه
بۆ ده‌ری مه‌یخانه ڕۆین کاری یه‌ک ڕه‌نگانه بوو
خۆفرۆشان قه‌ت به‌کۆوچه‌ی مه‌یفرۆشی راه‌نییه
گه‌رهه‌بی تشتێ ئه‌وه له‌و قامه‌تی ناسازی مه‌ن
خۆده‌نا ده‌ستت له بۆ به‌ژنی چ که‌س کوتاه نییه
من غولامی دۆستی خۆم لوتفی دایم بۆم هه‌یه
لوتفی شیخو موفتیو زاهید،گا هه‌ن، گاه نییه
شوێنی دانیشتنی سه‌روی حافز،نیشانه‌ی هیمه‌ته
ئاشقێکی مه‌ی به‌لێو،ده‌ربه‌ندی ماڵ و جاه نییه

حامیدڕەشیدی زەرزا-٢٠١٦/٥/٢٤-وەدابە
-٧٤

منم که گوشه میخانه خانقاه منست
دعای پیر مغان ورد صبحگاهی منست
حافظ:
ئەمنم کە قولینچکی مەیکەدە، خانەقایی منە
دوعاییی پیری موغان، ویردی پەگاهی منە
ئەگەر گۆرانی سەحەری نییە گوی لێبگرم
بەستەی هەر سەحەریم، عوزرگوناهی منە
لە پادشاو گەدا، بێ مننەتم، شوکری خودا
گەدایی خۆڵی دەری دۆست،، پادشاهی منە
مەبەست لە مزگەوتوو مەیخانە گەین بە تۆیە
جگە لەوە خەیاڵو تاسەم نییە خواگواهی منە
مەگین بە حوکمی ئەجل، چادر هەڵکەنم دەنا
ڕەوینەوە لە دەرکی دۆس، نەرەسم و ڕایی منە
لەو چاخەوە کە من، ڕووم لەو دەرکە کردووە
بەرزایی بەستێنی ئەو خۆرە، تەکیەگاهی منە
گوناح خۆ، لە ئیختیاری ئێمە دا نەبوو"حافز"
ئەتۆ لە ڕێگای ئەدەبەوە، بێژە: گوناهی منە
حامیدڕەشیدی زەرزا-٢٠١٦/٥/٢٤-وەدابە
-٥٦

ڕوزگاریست کەسودای بتان دین منست
غم این کارنشاط دل غمگین منست
حافظ:
ڕۆژگارێکە کە ئیشقی ئەو گوڵە، کۆی دینمە
بەردەوامی هۆی نیشاتی،ئەو دڵەی خەمگینمە
دیتنت پیم وایە من،چاوی جەهان بینی دەوێ
کوانێ دەکرێ من بڵێم: دین چاوی دونیا بینمە
یاری من کە زیبی گەردون،زینیتی ئەو خەڵکەیە
ئەو لە ڕووی تۆوە،کە ئەسرینی بە دڵ پەروینمە
تا کوو ئیشقی تۆ، منی ئەوها بدا دەرسی بزان
وێردی ئەو خەڵکە تەواوی مەدحتو تەحسینمە
دەوڵەتی فقرم خوداوەندە ،بدە هەرزانی پێ
ئەو کەڕامەت تاکوو ئێستا حەشمەتو تەمکینمە
واعزی دارۆغەناس، مەفرۆشە تۆ ئەو گەورەیی
چونکەجێ قۆناخی سوڵتان، قەڵبەکەی موسکینمە
ئەی خودا ئەو کابەیی موخسود،تەماشاگەی کێیە؟
دڕکوو داڵی ئەو سەری ڕێی، تۆگوڵوو نەسرینمە
حافزا لە گەورەیی پەرویزی ئیدی باسی چی!
لێوەکانی پیاڵەکێشی خوسرەوو شیرینمە
حامیدرەشیدی زەرزا-٢٠١٦/٥/٢٤-وەدابە
-٥٥

لعل دیراب بخون تشنه لب یارمنست
وزپی دیدن او دادن جان کارمنست
حافظ:
لەعلی تێرئاوی بە خوێن تینوو، دەمی یاری منە
خۆ بە قوربان کردنیشی،، کاکە گیان کاری منە
شەرم ئەلەو چاوی دەڕەشمارو،دەبژوانگی دەزێڕ.
ئەو کەسەی دڵبردنی دی،دەم لە ئینکاری منە
ساروان تۆ جێوبانی خۆت مەبە دەروازەکەی
شاهڕایکە، ،کە مەنزلگەی دە دڵداری منە
من غولامی تالعی خۆمە،، ئەلەو قاتی وەفا
ئیشقی ئەولوولووی سەرمەستە خەریداری منە
سندوقی عەتروگوڵوو زولفی عەبیر ئەفشانەکەی
فەیزی یەک چرکە،لە بۆنی خۆشی عەتاری منە
باخەوان وەک سروە لەم دەرکە بە چلاکی مەڕۆ
ئاوی گوڵزاری تۆ لەو فرمێسکی گوڵناری منە
شەربەتی قەندوو گلاوێ لەو دەمی یارام تکا
چاوی وی دۆکتۆری ئەو قەلبی بریناری منە
حامیدڕەشیدی زەرزا-٢٠١٦/٥/٢٤-وەدابە
-٥٤

صحن بستان ذوق بخش وصحبت یارانخۆشست
وقت گل خۆش باد کزدی وقت میخواران خۆشست

حافظ:
کۆڕی پڕ زەوق‌و لە خۆشی‌و هاودەمی یاران خۆشە
هەردەمێ فورسەت هەبێ،ماچی دەم‌و زاران خۆشە
کاتی تێی هەڵکات سروە ،، بۆنی خۆشیم دێتە دەم
وا لە دووروو دوور وڵاتیش گفتی دڵداران خۆشە
بەرلە وەی غونچە بپشکۆێ، لەچکەی لادا لە ڕووی
هاتە بن گوێی ناڵەیی بولبوول، لە شەوگاران خۆشە
دەی بدەن مزگێنی بەو تەیرە،، لە ڕێگای ئیشقەوە..
نەک بەگەنجی خۆ بە پیریش، ،بینی گوڵزاران خۆشە
لە دەمی ئەو سووسنی ئازادە، ،،من گوێبیس بووم:
لەو جەهانە کۆنە، ،هەر حاڵی دەسووکباران خۆشە
گەر هەبێ خۆشی لە بازاری جەهان،، با پێت بڵێم
شیوەیی ڕەندیوو،،،خۆشباشیی و عەییاران خۆشە
تەرکی دونیا،حافزا،،،،ڕێگاو تەریقی خۆی هەیە!
دەمهەوێ وای بۆ نەچێ،،،حاڵی جەهانداران خۆشە
حامیدڕەشیدی زەرز٢٠١/٥/٢٥-وەدابە
**-٤٥**

تاسرزلف تۆ در دست نسیم افتادە است
دل سودازدە ازغصە دو نیم فتادە است
حافظ:
تا سەری زولفت، وە دەستی بای بەیانی کەوتووە
دڵ لە حەسرەت وی،دەیان تیری وەگیانی کەوتووە

چاوی جوانی تۆ  وەکوەوە ئەو نوسخەیی کازیوەدان
ڕەنگوو ڕووی ئەستیرەیی،شەوقیان وەبانی کەوتووە
کێ لە بازنەی کەزیەکەی، لێی حاڵییە خاڵی ڕەشی؟
نوختەیی دووکەڵ، لە ئاڵقەی جیی جوانی کەوتووە
زولفی ڕەشماری لە گوڵشەندا لە ناوباخی بەهەشت
هەر وەکوو تاووس،،،،، لە کانی مێرەوانی کەوتووە
سیبەری بەژنت لە فێنکایی،،،،دەمی عیسا مەسیح
عکسی ڕووحیکە،،، لە ناو زریای کەوانی کەوتووە
ئەو کەسی بیجکە لە کابە،،، نەییوو بیری لێوی تۆ
من لە درگای مەیکدەی تۆم دێ،،، نیهانی کەوتووە
حافزی ون بوو لە گەڵ خەم دێ دەسازی رۆژگار
عە هدوو پەیمانێ،،،، وەدەستی مێرەوانی کەوتووە.
حامیدرەشیدی زەرزا-٢٠١٦/٥/٢٥-وەدابە
-٣٨

درایِن زەمانە رەفیقی کە خالی ازخلل است
صراحی می ناب و سفینە غزل است
حافظ:
لەو زەمانە،ئەو دۆستی بە وەفاو دوور لە هەلە
تەنیا پیاڵەی شەڕابی ناب‌و، سەفینەی غەزەلە!
ژیان بە سانایی بگرە،تێپەڕە،ڕەهەندێکی تاریکە
پیاڵە لە عومر وەرگرە،، ئازیزێکی  بێ بەدەلە
نەک ئەمن لە بێ کردەوە، لە جەهان مەلوول مام
ڕەنجی پسپۆروو زاناش، لە عیلمی بێ عەمەلە

بەچاوی ئاقڵ لەم ریێبواری تەژی لە جەوغە بنۆڕە
دونیاو ئیشی دونیا، بێ بێئیعتووباروو محەلە
بگرە کزی کێژێکی جوانو ئیدی بێدەنگ بە
سعدو نحس لە کار تێکەری زوهرەو زوحەلە
دڵم هیوای بە یەک گەینی ڕووی تۆ بوو
بەلام حەنجەل لە ڕێگای عومر ڕێگری ئەمەلە
ناکرێ بە هیچ شیوە، ئەوی وشیار بکەینەوە
چونکە حافزی ئێمە،مەستی شەڕابی ئەزەلە
حامیدرەشیدی زەرزا-٢٠١٦/٥/٢٥-وەدابە
-٤٧

زلف آشفتەو خوی کردەوخندان لب مست
پیرهن چاک و غزلخوان و صراحی دردست
حافظ:
زولفی ئاڵۆزو،دەمی پڕپێکەنینوو، لێوی مەست
بەو کراسە هەڵدڕاوە، پیاڵەیی مەی وا لە دەست
چاوەکەی دەریای شەپۆلوو،لێوەکەی ئەفسوون خوێن
دوێشەوێ لای نیوە شەوهات،بووسەرینم باسکی دەست
بردیە بن گوێچکەم دوو لێوی وا بە سرتە پێی وتم:
ئاشقی دێرینی من، بێداری، یا خەوفتوویە، خەست
ئاشقێک ئەوها کە مەی شەوگیڕی پیشکێشی بکەن
کافری ئیشقە، ئەگەر بێتوو نەبێت بادە پەرست!!
دەی بڕوو زاهید ئەتۆ ئەو عەیبە، بەس بەگرە لە من
کێیە نازانێ کە ئەو توحفە بەمە نەدرا ئەلەست
ئەوکەسەی ئەومەی لە پیاڵەی ئێمەی کرد، خواردمانەوە

سا ئەگەر خومرەیی بەهەشتە، یاشەڕابی لێوی مەست
پێکەنینی جام و مەی، کەزییەی گرێکراوی  نیگار
بە دەیان تۆبەی وەکوو ئەو تۆبەیەی، حافز شکەست
حامیدرەشیدی زەرزا-٢٠١٦/٥/٢٥-وەدابە
٢٩

ساقی بنورباده برافروزجام ما
مطرب بگوکارجهان شد بکام ما
حافظ:
ساقی بەو نوورت، تۆ هەڵکە جامی مە
خولدەدا گەردوون بەرەوە ئیعلامی مە
ئێمە لەو پیاڵە دەمی یارمان بدێت
بی خەبەر لەو ڵەززەتی خۆشتامی مە
ئەو کەسە نامرێ دڵی زیندوە بە ئیشق
لەو گۆڤارە سەبت بکە ئیکلامی مە
چەندە نازوو چەند گریشمە بەژن بەرز
کەنگێ دێ بۆ لان، سنەوبەر جوانی مە
بای شەماڵ گەر تۆ بە وێدا تێپەڕی
ئەو پەیامەی من  بدە، گیانانی مە
مەستی لەو چاوە جوانە  دێتەوە
لەو ڕو پێی ئەسپادرا، ئەحکامی مە
پڕمەترسم کە لە ڕۆژی داوەری
نانی شیخ بێخێربێ، زۆرلە نانی مە
حافزا بارانی ئەسرین بێنە چاو

بەڵکوو ئەو تەیرە بچێ سەردامی مە
حامیدرەشیدی زەرزا-٢٠١٦/٥/٢٥-وەدابە
-١٢

عیشم مدامست ازلعل دلخواه
کارم بکام است الحمدالله
حافظ:
خۆشیم تەواوە،لە لەعلی دڵخواە
بە تاسە گەیوم ئەڵحەمدوولیللاه
ئەی بەختی سەرکێش توندی ڕێکوشە
جار جامی زیڕو، جار بەژنی وەک ماه
ئێمەیان بە ڕەند، کردە ئەفسانە
پیرانی جاهیل، شێخانی گومراه
لە دەستی زاهد تۆبەم کردوە
لە فعلی عابد ئەستەغفیرەڵڵاه
گیانا چ بدەم شەرحی دەردی هیجر
لە کۆڵەم بەوە، ئەڵحەکموو لێللا
کافر نەبینی، ئەو خەمەی بینییم
لە بەژنی یاروو لە ڕەخسارەی ماه
سوێی لێوت بردی، لە بیری حافز
دەرسی شەوانەو، وێردی سەحەرگاه
حامیدڕەشیدی زەرزا-٢٠١٦/٥/٢٦-وەدابە
=٤٤٩

مزرع سبز فلک دیدم وداس مه نو
یادم ازکشته خوێش آمد هنگام درو
حافظ:
مووچەی سەوزی فەلەکم بینیو داسی مانگی نوێینە
بیرم لە تۆ چاندنی خۆم کردەوە، وەختی دەروێنە
وتم ئەی شانس تۆ خەفتی و ڕۆژ ڕوون دەرکەت
گوتی بەو هەمووە، لە ڕابردووت، نائۆمید مەنوێنە
کە رووت لەپاکژو، زکوردی وەکوو مەسیحا بێ
ئاوێنە،وەردەگرێ لە گزنگی ڕووت ڕەنگی بی وێنە
پاڵ وە هەسارەی فێلەزان مدە ، ئەئەو جەردەیە
تانجی کاووسی بردوو کەمەری کەیخوسرەو بۆ وێنە
گوارەی زێرو لەعل، چەندە قورساییە دەخاتەگوێ
دەوری باشی گوزەرانە، خاوەن نسیحەت بدوێنە
چاوی نەزەرو پیس لە خاڵی تۆ لە ئولکەی جوانی
بەئاژۆتنی ئەو بەیدەقە،لە مانگو ڕۆژ، باچ ئەستێنە
ئاسمان مەفرۆشە، ئەو گەورییە لە ڕێگای ئیشق
مانگوو پەروینی بە دەنکە جۆیی دا دەس وەردێنە
ئاوری دوو زمانی و ڕیپا، جۆخینی دینی سووتاند
حافز ئەو عەبایە داکەنە،بێ نرخ تربووە لە ترخێنە
حامیدڕەشیدی زەرزا-٢٠١٦/٥/٢٦=وەدابە
=٤٣٨

ای نور چشم من سخنی هست گوش کن
تاساغرت پر است بنوشان ونوش کن
حافظ:
نووری چاوم،من قسێکیم پێیە،تۆ لێم وەرگرە
تاکوو پیاڵەت وا پڕە،،، بیخۆوە، دونیا بن بڕە
واله ڕێگەی ئیشقە،بەسیە چیدی واسواسی مەبە
گوێچکەیی دڵتا، لە پەیغامی سرووشی ڕاگرە
هەڵوەریوە گوڵ لە باغا،نایە دەنگی سازی مە
دەف دەکا هاوارونالە، تاری دەنگخۆشن کرە
لای عەباو تەسبێح نییە، ئەو لەززەتی مەستی دەلێن
هیمەتێ ئیتر، لە دەرگای مەی فرۆشی وەرگرە
ئازموون فێر بە، لە پیران و گەریدانی جەهان
کە لە چاخی پیری ڕۆڵە. ئازموون خەم بەرگرە
پەنجەیی ئیشقی بە پێی وشیار نەنوونسراوە لە لەوح
دەتەوێ کە زولفی یارێ، ئاقڵو هۆشت هەڵبڕە
خۆ لە گەڵ دۆستان دریغ ناکرێ لە گیان ماڵوحاڵ
من دەیان گیانم فیدا بێ، بەو نەسیحەت وەرگرە
یارەبی مەیگێر ئەتۆ قات قەت نەبێ پیاڵەت بەتاڵ
چاوەکی پڕ مێهرەوانی، لەو غولامەت داگرە
کە بە مەستی بەو عەبای زێڕاوی هاتی تێپەڕی
ماچەکی تۆ نەزری حافز کە، فرشتەی باکرە
حامیدڕەشیدی زەرزا- ٢٠١٦/٥/٢٦-وەدابە
-٤٢٩

منم که شهره شهرم بعشق ورزیدن
منم که دیده نیالوده‌ام به بد دیدن
حافظ:
ئەمن دەنگینی شارم، بە ئەوین  وەرزین
ئەمنم کە چاوم شتڵ نەبووە بەخەراو بینیین
وەفا بکەین وسەرکۆنە بکرین وخۆشحال بیین
کە لە ڕیگای تەریقەتی ئێمە،کوفرە دڵ ڕەنجیین
بە پیری مەیخانەم وت، چییە ریێگەی دەرباز
جامی مەی ویست و گوتی عەیبە داپۆشیین
مەبەستی دڵ لە تەماشای باغی عالەم چییە؟
بە دەس بیلبیلەی چاو لە ڕووت گوڵ چنیین
ناپرسی لەو نەخشەی کە خۆم داومە لە ئاو
کە هەتا وێران بکەم نەخشی خۆ پەرەستیین
بە سەری زولفی تۆ ئاگادارم من دەنا نا
کەشش کەنەبوو لەولای چ فایدە تیکۆشیین
جلەوی بەرەو مەیکەدە دەبم لەو مەجلیسە
کە وەعزی بی عەمەلان واجبە  بیسیین
لە لێوی یار فێربە مێهرەوانی بەرووی باش
لە دەورەی ڕووی جوانان خۆشە بەسەربەرین
ڕامەبووسە، جگە لە لێوی مەیگێروپیاڵە حافز
کە دەستی زاهید فرۆشان خەتایە ڕامووسین

حامیدڕەشیدی زەرزا-٢٠١٦/٥/٢٦-وەدابە
-٤٢٣

خدا را کم نشین باخرقه پوشان
رخ از رندان بێ سامان مپوشان
حافظ:
لە بۆ لای دوو ڕوووان،تۆ کەم گوزەر کە
لە ڕەندانی، دە بێ سامان، نەزەرکە
ئەلەو خەرقە، گەڵی لەکە، دەبینرێ
لیباسی مەی فرۆشانە، دەبەر کە
ئەلەو سۆفی وەشانە، چاو بپۆشە
لە گەڵ ئەو بادە خۆران هاوسەفەرکە
ئەتۆ دڵ ناسکی، ناهێنی تاقەت.
رزاگرانان ئەلەو مەجلیسە دەرکە
کە مەستت کردووم خۆت،لێم مەشارۆ
کە نووشت دا،لە زەهر سەرفی نەزەرکە
سوراحی مەی کە خوێناوی تێزاوە
لە پیسی وانە ، تەرکی ئەو نەزەر کە
دڵی حافز وەکوو مەنجەڵ لە سەر کوچک
لە کوڵدایە، خەمی خۆتی وەسەرکە
حامیدڕەشیدی زەرزا- ٢٠١٦/٥/٢٦-وەدابە
=٤١٦

تاسرزلف تۆ دردست نسیم افتادەاست
دل سودازده،ازغصه دونیم افتاده است
حافظ:
تا سەری زولفت وەدەستی ئەو شنەی با،کەوتووە
ئەو دڵی دەرد دیو، لە خەم دا پڕ تەمەننا کەوتووە
چاوی جادووت عەینەتوو بیللا،هەسارەی لای بەیان
ئاخ بەڵام لەو نوسخەیە، کاروانکوژی، لا کەوتووە
دڵ لە بازنەی زولفی تۆ، ئەو خاڵی ڕەش زانی چییە
نوختەیی دووکەڵ، لە ئاڵقەی جیمی جوانا کەوتووە
زولفی ڕەشمارت لە گوڵشەندا بەهەشت نیشان دەدا
وەک بڵێی تاووس، لە ئاوی کانی ئەولا کەوتووە
ئەو دڵەم ئێستا لە ئیشقی تۆیە، ئەی موئنیسی گیان
خۆڵی ئەو ڕێیگایە بابردی، وەبەر با، کەوتووە
سێبەری بەژنت، لە ناو دڵدا وەکوو عیسا مەسیح
عەکسی ڕووحێکە، وەبەر ئەو لوتفی ئەڵڵا کەتووە
ئەو کەسەی بێجگە لە کابە وێردی لێوانی نەبوو
دیم لە دەرکەی مەی بگێر، بێدنگ‌و کڕ واکەوتووە
حافزی ونبووت لە گەڵ دەردو خەمی تۆ هاودەمە
عەهدو پەیمانێکی کۆنە،، پڕ لە هیوا کەتووە.
حامیدڕەشیدی زەرزا-٢٠١٦/٥/٢٧-وەدابە
-٣٨

زلفت هزار دل بیکی تارمو ببست
راه هزار چارەگرازچارسو ببست
حافظ:

کەزیەکەت، هەزار دڵی، بە تاڵە موو بەستەوە
ڕێگای هەزار چارەی،لە چوارلا بە دەستەوە
تا دڵدار بە بۆنی تۆ، گیان و سەریان فیداکەن
بکاتەوە گرێی زولف، لە دەردی سەربەستەوە
بۆیە ئە من شەیدا بووم، نیگارم وەکوو مانگێ
بە ئیمای هەر دوو برۆی، خۆنواندنی بەستەوە
ساقی بە چەندین ڕەنگ، مەی لە پیالەی ئیمە کرد
روخساری جۆرا جۆری ئەوها هێنا دەستەوە
خودایە، گۆزەکەی مە، چ دوو زبانی کرد بوو
بە سزای ئەو گوناحە،گەروی دە خوین خستەوە
وێژەر چ قامێکی گوت، لە پەردەیی هەڵپڕکێ
کە بەو گوۆوەندوو شایی رێی لە سۆفی بەستەوە
کێ دەردی ئیشقی نەدیت دیاریدا وەسلی نەویست
دەستنویژ هەڵنەگر،چلۆن ،ئیحڕام بەدەستەوە؟
حامیدڕەشیدی زەرزا-٢٠١٦/٥/٢٧-وەدابە
-٣٢

ما را له خیال تو چه پروای شرابست
خم گو سر خود گیر که خمخانه خرابست
حافظ:
مەستی دەمی تۆ گیانە، چ پەروای شەڕابە
ئیدی تۆ بڕۆ، خومرە،کە خەمخانە خەرابە
ئەوخومڕە بەهەشتیش بێ،بەبێ دۆست فڕیدە
هەر چەندە بنۆشی مەی لێی،دەردوو عەزابە

داخم، کە گوڵم  ڕۆیوو،گریانی بەجێهێشت
بۆم وەسفی خەیاڵی دەمی،وەک،بڵقی لە سەر ئابە
دەی گیانە، ئەتۆ ڕابە،کە بۆت ناکرێ ئەمین بین
ئەو ژوورە،کە لافاو گرە، دەرچوونی سەوابە
بۆ لات ئەوە دێوو، وا  تێدەپەڕێ  یار
بێگانە کە دەیبینی،، لە وی بەستە نیقابە
گوڵ دیتی لە سەرپەلکی روخت شەونەم دوێنی
لەو ئاگری شەوقی خەمی دڵ، نوقمی گولاَبە
سەرسەوزە دەروو دەشت،وەرە تاکوو نەهێڵێن
دەست هەڵگرە گەردوونکە، وا پاکی، سەرابە
لەو گۆشەیی مێشکی منا، نابینی نەسیحەت
لێرۆکە، لیپاولیپ، هەرای چەنگوو، ڕوبابە
حافز کەلە مەستی و لە ڕەندی بوو نەزەر باز
پێت سەیر نەبێ، لاوییوو دەورانی شەبابە
حامیدرەشیدی زەرزا-٢٠١٦/٥/٢٧-وەدابە
-٣١

آنکەرخسار ترارنگ گل وپروین داد
صبرو آرام تواند بمن مسکین داد
حافظ:
ئەوهەی کەڕوخساری تۆی ڕەنگی گوڵوو نەسرین دا
سەبرو قەرارو ئارامیشی بە منی هەژاروو موسکین دا
ئەوهەی  کەزیەکانی  تۆی فێری ئەو تالانوو برۆ کرد
بە دلۆڤانی خۆی دەتوانێت کەرەم، بە منی غەمیگن دا
من لەو ڕۆژەوە، تەماعی هیوام لە فەرهادی بڕی

که جڵەوی دڵی شێت و شەیدای بە لێوی شیرین دا
خەزینەی زێر بێکەلکە،تەنیا، قەناعەتە، کە دەمێنێ
ئەوهەی ئەوی دا بە پادشایان، ،بە گەدایان ئەوین دا
دونیا تازە بووکێکە ،بە شکڵی ڕەواڵەتی دەنا،نا
هەرکەس پێی وەنووسا،بە وی عومرەکەی کاوین دا
لە وەی واوە دەستی من، داوینی سەرو ڕەخی جۆی
ناخازا، نۆکە کە بای سروە، مزگێنی لە فەروەردین دا
لە ناو لەپی خەمی زەمانەدا،دڵی حافز بوو بە خوێن
زەرزا-ش لە دین حاشای کردوو، پاڵی وە بێ دین دا
حامیدرەشیدی زەرزا-٢٠١٦/٥/٢٧-وەدابە
-١١٥

زان یار دلنوازم، شکریست باشکایت
گرنکتەدان عیشقی بشنو تواین حکایت
حافظ:
لەو یاری دەم بەخەنەم، شوکرە،لە گەڵ شکایەت
کە نوکتە زانی ئیشقی، گوێبگرە لەو حیکایەت
بێ دەسحەقوو بێ مننەت،هەر خزمەتی کە کردم
خوایە ڕەوا مەبێنە،،، تۆشماڵی بێ عینایەت
ڕەندانی لێو، تێنوو، کەس پێیان نادا، ئاوێ
دەڵێی وەلی ناسەکان، ڕۆیون ئەلە ویلایەت
لە زولفی وەک کەمەندی، ئەیدڵ مەهاڵێ لە وێ

سەری بڕاو دەبینی، بێ تاوان، بێ جینایەت
چاوت بە غەمەزەی مە،خوین دەخواو دەپەسەندی
قەت بە ڕەوا مەزانە، لە خوێن ڕێژان حیمایەت
ئەلەو شەوە تاریکە، لێم ونبوو ڕێگای مەخسوود
لەو گۆشە وەرە،دەرێ، ئەستێرەکەی هیدایەت
بۆ هەرلایەک رویشتم، جگە لە وەحشەت نەبوو
هاوار ئەلەو سارایەو، لەو رێگای، بێ نیهایەت
شاجوانەکەی من وەرە، دەکوڵێ خوێنی دەروونم
بمبەرەوە ساتێکی،، ژێر سێبەری عینایەت
ئەو ڕێگایە ئاخیری، کەس سەری لێ دەرناچێ
بەڵکوو سەت هەزار قۆناغ دورترە لە بیدایەت
چەندە ئابڕووت بردومە،من رووت لێنا وەرناگێڕم
جەفای حەبیبان چاترە ،لە دوژمننان عینایەت
ئەوین دەگژت رۆبچی، ئەتۆش وەکوو حافزی
قورئان لە بەر دەخوێنی،، بە چاردە ڕێوایەت
حامید ڕەشیدی زەرزا-٢٠١٦/٥/٢٨-وەدابە
-٩٧

طالع اگر مدد دهد دامنش آورم به کف
گر بکشم زهی طرب،وربکشد زهی شرف
حافظ:
شانسم ئەگەر یار بێ،داوێنەکەی بگرمە کەف
شاد دەبم بکێشرێ ،بکێشێ ئەو زهی شەڕەف
دڵ کەڕەمی لە کەس نەیدی، ئومێدیشی بەکەس نەبەست

کەچێ قسەم دێوو دەبا، شێعروغەزەل،بۆ هەر تەرەف
کەوانی دوو برۆیی تۆ، کاری دڵی نەکردەمەوە!...
کەچی ئەڵەو خەیاڵە دا، عومری ئەزیز بوو تەڵەف
کوانی برۆی دۆستی من،دەپێکێ بۆم مەیلی خەیاڵ
نەیدا ئەبەو کەوانە کەس،تیری موورادم لە هەدەف
چەندە بە نازی گەورەکەم. ئەو دڵی وا ڕەق وەکوو بەرد
ناکەن بیر لە باوکیان ، ئەئەو کوڕانی ناخەڵەف
من بە خەیاڵی زاهیدی گۆشە نشینوو، سەیرە  لام
لە هەرلایە کوڕێژگەیەک، بۆم لیدەدا،لە تاڕوودەف
بێخەبەرن کە زاهیدان،، بێژەر بۆم لێدە، تۆ ساز
مەستە وەکوو وی دارۆغە، بینە شەڕابی لاتەخەف
ببینە سۆفی شارەکەت،پارووی حەڕام کە بادەدا
کلکو بژی درێژ بن،ئەو کەری گیاخۆروو،خەڵەف
حافز ئەگەر تۆ دەتهەوی ڕاستی بدرکێنی وەرە
بەدڕەقەیی ڕیی تۆ بێ، هیمەتی پیاوی بە شەڕەف
حامیدڕەشیدی زەرزا-٢٠١٦/٥/٢٨-وەدابە
-٣١٦

دوش با من گفت پنهان کاردانی تیز هوش
وز شما پنهان نشاید کرد سر می فروش
حافظ:
پێی گوتم دوێنێ شەوێ ئەو کارزانێ، تیژ هۆش
ناکرێت تا لێت وەشێرم،سرڕی پیری مەیفرۆش
پێی گوتم: ئاسان تۆ بگرە،کارەکان، ئاسان بژی

پڕ گرێیە کاری دونیا، بۆ ئەوانەی دڵ کڵۆش
تۆ بە ئەو چۆڕە مەیە داتمی، فەلەک رووناک بوو
زهرە هاتبوو بۆسەما،بەربوت بەدەس دەیوت بنۆش
بەو دڵی خوێناوێوو ، دەم پێکەنین بۆم بێنە مەی
نەک وەکوو، بلوێروو تاڕ،بە برێنەکی دێنە خرۆش
تا نەبی تۆ ناسیاگ لەو پەردە، سرڕێ ناشنەفی
گوێی نامەحرەم نییە خۆ شوێنی پەیغامی سرووش
بگرە گوێ لێم ئەی کوڕم ئیدی خەمی دونیا مەخۆ
پێم وتی گوفتێ وەکوو دوڕ گەر ئەتۆ بدبێت هۆش
والە دەورو پشتی ئیشقی گفتووگۆ ناکری مەگین:
هەرهەموو ئەعزای لەش،ببنە چاو،یان ببنە گۆش
خۆ فرۆشی وا، لە ماڵی نوکتە دانان، ،مەرج نییە
یان بە زانیاری بئاخۆ ،پیاوی ئاقڵ،یان خەمۆش
پیم بدە مەی فامی کرد حافز هەمو ڕەندی جەهان
ئەی خودایی ئاسمانان، جورم بەخشوعەیب پۆش
حامیدڕەشیدی زەرزا-٢٨-٢٠١٦/٥-وەدابە
-٣٠٥

فکر بلبل همه آنست که گل شد یارش
گل در اندیشه که چون عشوه کند درکارش
حافظ:
فکری بولبول هەموو ئەوەیە،،گوڵ بێ یاری
گوڵیش لەو خەیاڵە دایە،بە هەڕمێن بکا بازاری
دڵ بردن هەموو ئەوە نییە، کە ئاشقی بکوژن
تۆشماڵ ئەوەیە، کە ئاگاداربێ لە خزمەتکاری

کاتێتی کە خوێن شەپۆل بدات لە دڵی لەعل
لەو مەغبوونییە، قاپی گڵ، دەشکێ بازاڕی
بولبوول لە بەرەکەتی گوڵ، فێر بوو وتە  دەنا
ئەو قەولووغەزەل،نەدە هۆندراوە لە مونقاری
ئەی ئەوەی بە کۆچەیی حەبیبیدا دێوودەچی
ئاگادار بە،لە وێ سەران دەشکێنێ دیواری
ئەو سەفەر کردوو کە دەیان قافڵەی لە گەڵە
خوایە لە هەر کوێیە،بەڵا دووربێ لە دیداری
هەمدەمی سەلامەتییە،کە دوودڵ پێکبچارێن
لایەنەی ئەوین ئازیزە،،، لە بیر نەکەی یاری
سۆفی مەستە،بۆیە پێچ و کڵاوی خواربووە
پیاڵەکی مەی بنۆشی دەکەوێتە مل،دەستاڕی
ئەو دڵەی حافز کە هۆگری دیداری تۆبووە
نازپەروەری وەسلە،، نەکەی بدەی ئازاری
حامیدڕەشیدی زەرزا-٢٠١٦/٥/٢٩-وەدابە
-٢٩٥

باز آی و دل تنگ مرا مونس جان باش
وین سوخته را محرم اسرار نهان باش
حافظ:
وەرە،تۆ بۆ دڵەکەم ،،هاودەمی گیان بە
سووتاوە دڵم، مەحرەمی ئەسراڕی نیهان بە
لەو مەی، کە لە مەیخانەیی دڵ،، قیمەتی  نایە
پەیکێ بدە پێم و، دژی ڕۆژوو ڕەمەزان بە

بەو ئاگرە ،تۆ داوتە لە کەشکۆڵی دە عارف
ئەو جارەکە،سەر ئاڵقەیی ڕەندانی جەهان بە
دڵ پڕ بوو لە خوێن ئەمڕۆ لەداخی دەمی ئاڵت
ئەی دوڕڕی بەقیمەت بە هەمان مێهرونیشان بە
تا کو لە دڵی تۆزی خەم و دەردی نەنیشتووە
لێمشتی گرین، تۆ بە دووی ئەو نامە ڕەوان بە
حافز ئەوە هەیتی هەوەسی جامی جەهان بین
ئەی کەشتی لە شەپۆلی دەروونی بە ئەمان بە
حامیدرەشیدی زەرزا-٢٠١٦/٥/٢٩-وەدابە
-٢٩٠

یارب این گل خندان کەسپردی بەمنش
می سپارم بتو از چشم حسود چمنش
حافظ:
خوایە ئەو خونچەگوڵە،کە ئاسپاردت بە ئەزبەنی
دەیسپێرمەوە،بە تۆ،لە حەسوودی چاوی چەمەنی
چەندە لە کۆچەی وەفا سەت قۆناغ دوورە
دوور بێ ئافاتی دەوری فەلەک، لە گیانوو بەدەنی
کە تۆ گەییە مەنزلی سەلمی،، ئەی بایی سەبا
چاوەڕوانم، ئەو سەلامی ئێمە، لە ئێوە بشەنی
بە ئەدەب گرێ بکەوە، ئەلەو کەزی ڕەشماری
شوینی دلانی ئازیزە، تێکنەدەی پرچی خوتەنی
پیموەیە دڵم حەقی وەفای لەگەڵ خالووخەتی هەس

بگرە ڕێزی تەوای، لە توڕڕەی عەنبەر شکەنی
لە شوێنێک کە بە بیری  لێوی وەی، دەنۆشن
مەست پەستە،هەیێ خەبەرلە خۆی بە ڕۆشەنی
مەیخانە شوینی کڕینو فرۆشوو پاشەکەوت  نییە
ئەوی ئەو ئاوە بخوا،جلی باوێ لە ناو ئاوی گەنی
ئەوەی لە ڕەنج و خەم بترسێ حەڵال نییە ئەوینی
سەری ئێمەو قەدەمی، یاکوو لێوی ئێمەو دەهەنی
هەموو بەیتی شێعری حافز،عیرفانو مەعریفەتە
ئافەرین بۆ هەناسەی دڵکێش و ناسکی سوخەنی
حامید ڕەشیدی زەرزا-٢٠١٦/٥/٢٩-وەدابە
-٣٠٠

بیا تاگول بر افشانیم و می در ساغر اندازیم
فلک را سقف بشکافیم وطرحی نو دراندازیم
حافظ:
وەرە، تاگوڵ هەڵڵاوین و شەڕاب لەو پیاڵە هاویژین
قەڵش تێکەین لە میچی عەرشو تەرحی دیکە داڕێژین
ئەگەر خەم  لەشکری بێنێو، خوێنی ئیشقی بڕژێنێ
منو مەیگێڕ بە  هاودەستی، بچینوو خۆڵی دابێژین
شەڕابی سووربکەین تێکەڵ لە گەڵ بوونی گوڵاوی شار
شنەی عەتراوی سووڕانیش ،لە ئاگردانێ  باوێژین
لە دەس دایە کە تاڕوو بێژەرو دەنگی سروودی خۆش
بە شێعرەو،چرکە لێدانوو،بە هەڵپەرکێ سەر هاویژین

شنەی خۆڵی  وجوودی مە، لە بۆ عالی جەنابی بن
وەکوو شایی جوانخۆازان،نەزەر بۆ مەنزەر ئاوێژین
دەکا یک باس لە مەڕ ئاقڵ،،یەکێ لاتاوو سەرکۆنە
بڵا بۆچوونی هەموانیان،لە  لای دادوانێ هەڵڕێژین
ئەگەر دەتوێ بەهەشتی بێ، وەرە با بچێنە مەیخانە
لە بن کۆپەی شەڕابی سوور،دەحەوزی کوسەرئاوێژین
قسەزانی و، دەم پاراو، لە شیراز، ڕێزی ناگیرێ
وەرە حافز،هەتا خۆمان ئەلەو، موڵکە دەرئاوێژین
حاامیدرەشیدی زەرزا-٢٠١٦/٥/٣٠-وەدابە
-٤٠٣

خیز تا خرقه صوفی بخرابات بریم
شطح طامات ببازارخرافات بریم
حافظ:
هەستە با  جبەیی سۆفی، بۆ خەڕابات بەرین
لاف وو گەزاف،بۆ  بازاری خەڕافات بەرین
سادە پۆشی و خاکی بوون، ،،ڕێی  تەریقەتە
جلی بوستامی و بەرماڵ،، بە سەوقات بەرین
تاگۆشە نەشین، پیاڵە لە مەیخانە دەکەن نۆش
چەنگی سەحەری بۆ دەری ئەوپیری موناجات بەرین
ئەوعەهدە لە گەڵ تۆ لە ساڕای ئەمین بەستمان

با وەکوو مووسای،بەرەوە شوێنی میقات بەرین
ئەو تەپڵی nامووسی تۆ بەرینە،عەرەشی عەزیم
بەیداخی ئەوینی تۆ با،بۆ بانی سەماوات بەرین
خۆڵی کۆچەی تۆ، لە سارای قیامەتی سبەی
لە سەر دانین و، بە ئیفتخارو موباهات بەرین
ئەگەر زاهید لە رێن ببێتە دڕکی مەموو زین
لە گوڵستان، بەرەو زیندانی موکافات بەرین
شەرمان لە جلی بە گوناح و تەڕ بووی خۆن
کە بەو فەزلوو هونەرە، ناوی کەڕامات بەرین
دڵ کە ڕێز لە کات نەگرێ نەشێ کارێ بکات
بەس خەجاڵەت، لەو حاسڵی ئەوقات بەرین
فیتنە دەبارێ لەو میچی خێچ ڕابە سەرپێ
هەتاپەناه بۆ مەیخانە،لە هەموو ئافات بەرین
حافز ئابڕووی خۆت لە دەرکەی دنی مەڕێژە
باشترە،حاجەت بۆلای قازی حاجات بەرین
حامیدرەشیدی زەرزا-٢٠١٦/٥/٣٠-وەدابە

دەردم از یاراست ودرمان نیز هم
دل فیدای او شدوجان نیز هم
حافظ
دەردەکەم لە یارمەو دەرمانەکەش
دل بە قوربانی ئەویو،وا گیانەکەش

بیردەکەم لەو هەی بە قەستی خوێنی مە
عەوهدەکەی بشکاندوەو، پەیمانەکەش
دۆستان با پێو بڵێم لە پەردە دا
دێتەوە، گێڕانەوە، داستانەکەش
دوایی چۆن هات ئەوشەوانی وسلی دڵ
دی و دەڕوا تاڵی ئەو هیجرانەکەش
هەر دوو دونیا رۆشەنی ڕووی وییە
پێم گوتی پەیداوو، ڕووپۆشانەکەش
ئیعتووبار بۆ کاری دونیایێ نییە
بەڵکوو بەوگەردوونەوو گەردانەکەش
ئاشق نا ترسێ لە قازی، بێنە مەی
بەڵکوو لەو یرغۆی ناو دیوانەکەش
دارۆغەش زانی کە حافز ئاشقە
ئاسەفی ئەو مولکی سولیەمانەکەش
حامیدڕەشیدی زەرزا-٢٠١٦/٥/٣٠-وەدا

-٣٩١

صبح است و ژاله میچکد از ابر بهمنی
برگ صبوح ساز و بده جام یک منی
حافظ:
بەیانەیە، ئاونگ دەتکێ لە دەمی گوڵشەنی
سازو بەرگی بادەنوشی بێنە، بدەجامی یەک منی
لە زریایی تەکەبورکەوتوومە، بێنە شەڕاب

هەتا ڕزگارم بکات، لە زەلکاوی مائی و منی
خوێنی پیاڵە بخۆرەوە کە حەڵاڵە خوێنی وی
مێهرەوانی کاریکە، کە دەکرێوو ،کردنی
مەیگێڕ پەلە بکە،وەرە کە خەم لە بۆسە  دا
وێژەر لێدە هەر ئەو ئاهەنگە، کە  دەیژەنی
شەڕابم دەیە،تاڕ سەری هینایە بن گوێم‌و،وتی:
خۆش تێپەڕکە، گوێگرە لە منی پیری مونحەنی
مەیگێر بە بێ نیازی، ڕەندان کەمێ بدە
هەتا بشنەڤی دەستەواژەی مغنی هوالغنی
حامیدڕەشیدی زەرزا-٢٠١٦/٥/٣٠-وەدابە
**-٥٢٠**

بمژگان سیه کردی هزاران رخنه در دینم
بیا کز چشم بیمارت هزاران درد برچینم
حافظ:
بە بژوانگی ڕەشت کردوە، هەزاران قەڵش لەودینم
لە تاوی چاوی بیمارت، ،ئەمن ئێستاکە، کەم بینم
وەرە ئەی هاودەمی قەلبم، لە بیرت کردوە یارانت
مەبادا، تانجی خونکاری، بە بێ تۆ ڕۆژێ من بینم
ئەلەو دونیایی بێ بونیاد لە دەس فەرهاد کوژ فەریاد
کە کردی جادوو فێڵی، مەلوول لەو گیانی شیرینم
لەگرفەی ئاوری دووری وەکووگوڵ نوقمی ئارق بووم

ده بێنە ئەو مەیی لێوت، بەشم لەو باخە بستێنم
جەهانی بێ وەفاو باقی،بە قوربان شاهدو ساقی
هەتا سوڵتانەکەی عاڵەم، غولامی ئیشقە دەبینم
کە لە شوێنم کەسی دیکە، بکا دۆستی، حوکمدارە
حەڕامم بێ گوڵێکی تر،لە شوێنی  دۆستی بڕوێنم
بەیانی باشی وت بولبول،لە کوی مەیگێڕ ئەتۆ ڕابە
دەکا بیداد لە مێشکم دا، خەیاڵی خەونی دوشێنم
شەوی مردن لە ناو نوێنا،دەچم ناوباوەشی حۆری
ئەگەر لەو چاخی گیاندانا،ئەتۆ بی شەمعی باڵێنم
حەدیسی تاسەمەندی من، ئەلەو نامە کە تاپۆ بوو
هەڵەی تێدا نییە چونکە،کە حافز داویە تەڵقینم
حامیدڕەشیدی زەرزا-٢٠١٦/٥/٣١- وەدابە.

صنما باغم عشق تۆ چه تدبیر کنم
تابکی در غم تو ناله شبگیر کنم
حافظ:
من لە گەل ئەو خەمی ئیشقە  چ تەکبیر بکەم
تا کەنگێ لە ئەو دەردە، ناڵەیی شەوگیر بکەم
دەرچوو لەوە، دڵەکەم،نەسیحەت وەربگرێ

مەگین هەر بە سەری کەزیەکەت زنجیر بکەم
ئەوهەی لەو بێنە دووری تۆم چێژت هەیهات
لەو کاغەزە، بۆم سەختە، کە، تەحریر بکەم
لە گەڵ سەری پرچی تۆ کۆی پەریشانی خۆم
کوانی ئەو فورسەتە کە بێنم و بۆت تەقریر بکەم
ئەو کاتی کە ئارەزوو تاسەی بینینی گوڵەکم بێ
بەخەیاڵ نەخشی دەم وچاوەت تەسویر بکەم
گەر دڵنیابم کە ویسالت بۆ من دەست دەدا
حازرم دڵوو دێنم لە گەمەیی تۆ دا توفیر بکەم
دوور بەوە لە بەزم ئەی حافز،درێژی مەکەوە
ئەمن ئەونیم کە ئیدی گوێچکە بە تزویربکەم
ئیدی هیوا نییە بە پارسایی لە فەسادی حافز
لەگەڵ، قەزاو قەدەر داینەوە، چ تەکبیر بکەم
حامیدڕەشیدی زەرزا-٢٠١٦/٥/٣١- وەدابە
**-٣٧٣**

عمریست تا من در طلب هر رۆز گامی میزنم
دست شفاعت هر زمان در نیکنامی میزنم
حافظ:
عومریکە بە دوای ئەوی، هەنگاو لە هەنگاوی دەدەم
ئەو دەست و دەم لالانەوەم  لە خۆش ناوێکی دەدەم
بێ مانگی ئەوها ڕوونیخۆم چۆن تێپەڕێنم ڕۆژی خۆم
داوێ لە شوێنی دادەنیم، ، تەیرێکی لەو داوی  دەدەم

ئەورەنگی جوانی وێ لەکوێ ؟گوڵچیهرەیی مانی لە کوێ
نۆکە لە ڕێگەی ئاشقی،هەر مەشقی سەر ڕاوی دەدەم
چونکە کە نینە ئاگەیی،،،، لەو قامەتی سەروو سەهی
گوڵبانگی دڵ هەر چرکەیەک بەگوێچکەیی لاوی دەدەم
لەو چەرخە زستانەش ئەمن رووگەی بهارم خۆشدەوێ
گویم لیگرن، هاواڵەکان،، مزگێنی ڕووی تاوی دەدەم
خەم کەدەزانم نیست دەبێ،نمەرەی خەیاڵم بیست دەبێ
بەوئاخی خوێنپڕژێن خۆم، تیر لە دڵی بەد ناوی دەدەم
حامیدڕەشیدیزەرزا-٢٠١٦/٥/٣١-وەدابە
-٣٦٩

بتی دارم کە گرد گل ز سنبل سایبان دارد
بهار عارضش خطی بخون ارغوان دارد
حافظ:
گراوی من لە دەوری گوڵ لە زولفی سایەبانی هەس
بەهاری خونچەیی لێوی، لە خوێنی ئەرغەوانی هەس
ئەوە داپپۆشی تۆزی خۆر،دەم وگۆنەی خوداوەندە
بدە ژینی ئەبەد تۆ پێی ،،کە جوانی جاویدانی هەس
دەهاتم کە بیم ئاشق،،، گوتم بردم گوڵی مەخسوود
کەچی نەمزانی ئەو زریا،شەپۆلی خوێن فشانی هەس
لە چاوت نیتی گیان دەرباز، لە هەرلایەی کە دەبینم
لە بۆسەی دایە لەو گۆشە، بەدەس تیروکەمانی هەس

که داوی تووڕڕەکەی بینی،لە تۆزی ئیشقی دەتکێنی
بە غەممازی سەبا بێژی،کە سڕڕی مە نیهانی هەس
بڕێژە چۆڕێکی سەرخۆڵوو، حالی ئاشقان بشنەڤ
لە جەمشیدوو لەکەیخوسرەو فەراوان داستانی هەس
لەڕووت کە پێکەنی بولبول،تۆ خۆت ماوێژە داوێنی
نییە هیچ ئیعتووبار بۆگوڵ،کەچی جوانی جیهانی هەس
خودا، دادم تۆ بستێنی،ئەلەو دارۆغەیی مەجلیس
لە گەل ئیدیکە مەی نۆشی،لەگەڵ من سەرگرانی هەس
بە بەن سامۆرتەی داکەم ،،خودایە بمکە نیچیریت
بەڵای زۆرە، درەنگی من، بو تامەزرۆ، زیانی هەس
ئەتۆ لەو بەژن و باڵایەت، مەکە بی بەش دووچاوانم
ئەلەو سەرچاوەیەم دانێ ،کە خۆش ئاوی ڕەوانی هەس
ئەمینم کە، لە خۆفی دووری،گەر هیوات ئەتۆ وایە
لە چاوی ناحەزوو پیسان، خوداوەند لە ئەمانی هەس
چ عوزری بەختی خۆم بێژم،کە شار شێواندراو دولبەر
خەراپی کوشت ئەو حافز،کە شەکری لە زوانی هەس
حامیدڕەشیدی زەرزا-٢٠١٦/٦/١-وەدابە.
-١٢٣

دمی باغم بسربردن جهان یکسر نمی ارزد
بمی بفروش دلق ما کزین بهتر نمی ارزد
حافظ:

له گەڵ خەم واله ڕابواردن، لەوە یەکسەر بەسە نابێ
بە مەی بفرۆشە ئەو جلکە، لەوە باشتر بەسە نابێ
له کووچەی مەیفرۆشانێ، وەرتناگرن بە جامێ مەی
ئەئەو بەڕماڵ وو تەقوایە، بە دەردی سەر بەسە نابێ
ڕەفیق سەرکۆنەیی کردم، ئەلەو دەرکە سەرت لادە
چ لێهات ئەوسەری ئێمە، بە خۆڵی دەر بەسە نابێ
شکۆیی تانجی سولْتانی،،،کە ترسی گیانیشی تێدا
کڵاوێکی گەڵی جوانە، بەڵام بۆ سەر بەسە نابی
دەدا دیاری گەڵی ئاسان، خەمی دەریا بەبۆنی سوود
پەشیمانم کە ئەو تۆفان، بەسەت گەوهەر بەسە نابێ
له بۆ تۆ باشترە رووخسار، لە دڵداران کە داپۆشی
کە خۆشی زەوتی دونیایێ، خەمی لەشکەر بەسەنابێ
وەکوو حافز قەناعەت کە، ئەلەو دونیای پیس لادە
بە جۆیەک مننەتی سپڵە،،، لە بۆ دەرد ئیتر بەسەنابێ
حامیدڕەشیدی زەرزا-١/٦/٢٠١٦- وەدابە
-١٥٨

سروچمان من چرا میل چمن نمیکند
همدم گل نمیشود یاد سمن نمیکند
حافظ:
ئەو سەروی ڕەوانی من،بۆچ بۆنی سەمەن ناکا
یان هەودەمی گوڵ نابێ، یادێ له چەمەن ناکا
دوێنێ کە گلەم کرد بوو، لەو تووڕڕەی کەزیانی
هاتوو وتی ئەو گوێلار، چ گوێچکە بە من ناکا

تاكوو دڵی وا هەرزەم دەڕوات بە دوای زولفی
لەو ڕێگە سەفەر دوورە،ئەو عەزمی وەتەن ناكا
لە كن، دوو برۆی ڕەشمار،پارامەوە من دوێنێ
كوێچكەی وەها كێشراوە،كە گوێچكە بەمن ناكا
بەوداوێنە چین چێنە، لام سەیرە كە بای سروە
لەو ڕێگوزەری تۆوە، چۆن موشكی خوتەن ناكا
تا كزەیی ئەو بایە، ئەو كەزیە دەكات چین چین
من بۆیە، دڵم یادێ، لەو عەهد شكەن ناكا
دڵ كە بە ئومیدی رووی، وا هاودەمی گیان نابێ
گیانیش بە هەوایی لوتفی، كە خزمەتی تەن ناكا
مەیگێڕیی جوانی من، چەندە كە هەموو دەردە
كێیە لەشی خۆی یەكجێ، وەک پیاڵە دەهەن ناكا
بەسە بە جەفای خۆتا،ڕەونەق مەبە لە جەوانیم
بێ ئەشكی دڵم هەوریش، لێی دوڕڕی عەدەن ناكا
كوشتەی دەمەكەی تۆیە، ئەو حافزی شیرازی
شیاوی سزای تیغە،، كە دەركی سوخەن ناكا
حامید ڕەشیدی زەرزا-٢٠١٦/٦/٢- وەدابە
-٢٠٣

آنانكه خاک رابنظر كیمیاكنند
آیابود كەگوشە چشمی بماكنند
حافظ:

ئەو کەس،خۆڵی بەرپێ یەکنەزەر کیمیا دەکەن
ئاخۆ ئەو ڕۆژێ بە مە،ئەوگۆشە چاوە دادەکەن
دەردەکەم شاراوبێ، باشرە لە دوکتۆری نەزان
چاوەڕوانم تا لە ڕێی غەیبی ئەوان بۆم چا دەکەن
دولبەرم لانادا، چۆنکە، پۆشەنی لە سووڕەتە
هەریەکە،بۆچوونی خۆیان،جورێکی ئینشا دەکەن
چونکە عاقیبەت بەخێری بۆ قەلەندەر نەبووەقەت
کارەکان ئەوها، لە کێوی فکری وان ئاوا دەکەن
بێگومان ئەهلی نەزەر زۆر وردبینن وا لە ئیشق
بۆیە ئەهلی ئیشقی پەیمانی لە گەڵ ئاشنا دەکەن
هەر لە پەردەی دایە کاری فیتنە و فیتنەگەری
تاکوو پەردە لادەچێ ئەو کارە هەر ئەوها دەکەن
بەرد بگرێ،گەر ئەلەو باسە، ئەتۆ پێت سەیر نەبێ
خاوەنی چێرۆکی دڵ،داستانی خۆش اجرا دەکەن
فرکە،مەی.کە سەت گوناحی ژێری پەردە لە نەیار
چاترە لەو تاعەتەی،،،بەو شیوەیە، بە ڕێیا دەکەن
ئەو کەراسی وا، کە بۆنی یوسپیم پێوە دەکەم
پڕ مەترسم بیدەڕن،ئەو هەی درۆ ئیملا دەکەن
تێکشێ بۆ لای مەیخانە،کە گشت عالەم لەوێن
وەختی خۆیان،بۆ دوعاو،وێردی تۆ ئاوا دەکەن
چاکە بە دزەی بێ، بلا تاکوو نەزانی هیچ کەس
چونکەئەو خیرە بەخاتر ئەو ڕەزای ئەڵڵادەکەن
وسلی دایم بۆ کەسی نابێ،، مویەسەر، حافزا
پاشا کەم لوتفی دەرحەق،پیاوی بێ ئەنوا دەکەن
حامیدرەشیدی زەرزا-٢٠١٦/٦/٢-وەدابە

آن کیست کز روی کرم با ما وفاداری کند
برجای بدکاری چو من یکدم نیکوکاری کند
حافظ:
کوا ئەوکەسە؟لە ڕووی کەرەم، بێوو وەفاداری بکا
لە شوێنی کاری ناڕەوا، بێ موستەحەق کاری بکا
بێوو بە دەنگی نای‌و نەی، بێنی لە دڵ پەیغامی وەی
بە قرۆشکەیەک لەو سوورە مەی،مەیلی وەفاداری بکا
ئەوکەس کە گیانم دابەوی، قەلبم سەری بۆ کرد نەوی
قەت ناهومێد نابم لە وی،،،ڕەنگە کە دڵداری بکا
پێم وت گرێت نەکراوە ما،لەو تووڕڕەیە، لەیلایەکەم
فەرمووی بە فەرمانی منە، دژ بە تۆ تەڕڕاڕی بکا
پەشمینە پۆشی توند خوو، لە ئاشقی نەیبردوە بۆ
لە مەستیەکەی ڕمزێ بڵێ، تا تەرکی وشیاری بکا
وەک من بەلەنگازو شوان، زەحمەت دەبێ یاری ئەوان
پاشا لە کوێوو،عەیشی نیهان، کوڕێژگە بازاری بکا
من لەو گرێی پڕ پێچ وخەم، هاسانە، کە بینم ستەم
لەو بەندوو زنجیری چ خەم، ئەوهەی کە عەیاری بکا
لەو لەشکری خەم بێژمار، لەو شانسەمە هاواری یار
کە فەخرەدین،عەبدولسەمەد. تابێوو خەمخواری بکا
لەو چاوی پر فێڵاوی وی، حافز مەهێنە ناوی وی
ئەو چینی کەزییەی بەگرێی، دەیوێ کە تەڕڕاری بکا

حامیدرەشیدی زەرزا-٢٠١٦/٦/٢-وەدابە
-٢٠١

دوش سحر از غصه نجاتم دادند
واندر آن ظلمت شب آب حیاتم دادند
حافظ:
دوێشەو سەحەری لە خەم نەجاتیان دامێ
لەو تاریکە شەو، ئاوی حەیاتیان دامێ
لە بێهۆشێ تێرێژی نووری زاتیان کردم
مەی لە جامی گەورەیی سیفاتیان دامێ
چ موبارک بەیانەو، چ شەویکی پیرۆز بوو
ئەوشەوی قەدر،کە ئەو تازە بەراتیان دامێ
لە وەی واوە ئەمنو ئاوینەیی تاریفی جەماڵ
کە لە وێ خەبەر، لە جلوەیی زاتیان دامێ
من کە بە مراد گەیم و خۆشحاڵم سەیر نییە
بە من دەشیا، کە ئەوان بە زەکاتیان دامێ
لە غەیبەوە بە منیان مزگێنی ئەو دەوڵەتە دا
کە بەو جەورو جەفا، سەبروو سباتیاندامێ
ئەوهەموو قەندو شەکرە،کە لە وتم هەڵدەرژێ
پاداشی سەبریکە،کە لەو داری نەباتیان دامێ
هیمەتی حافزوو هەناسەی سەحەرخیزان بوو
کە لە بەندی خەمی ڕۆژگار، نەجاتاتیان دامێ
حامیدڕەشیدی زەرزا-٢٠١٦/٦/٣-وەدابە
-١٩٣

سحرم دولت بیدار به بالتن آمد
گفت برخیز که آن خسروشیرین آمد
حافظ:
سەحەری دەوڵەتی وشیاریم بۆ باڵین هات
گوتی : ڕابە کە ئەو خسرەوی شیرین هات
پیاڵەکی لێدە و بە سەرخۆشی بچوو لێی بڕوانە
هەتا ببینی کە گراویت بە چ جۆرئائین هات
مزگینیم بدەیە،نەدیمی خزمەت بۆعەترپڕژانی
ئەوە لە سارا ی خوتەن،مامزی عەتراوین هات
گریان ئاوی لە دەمی سووتاوی ئەوین پڕشاند
ناڵەیی یاری دەری، ئاشقی غەمگین هات
تەیری دڵ دیسان، هەواداری ئەبرۆ کەوانە
ئەی قومری تۆ نیگەران بە،کە شاهین هات
مەیگێڕ مەی بدە خەم مەخۆ لە نەیارودۆست
کە بە کەیفی دڵی ئێمە بوو، دلاوێن هات
ڕەسمی بەد قەولی کاتی دی، هەوری بەهار
گریانی بۆ سەمەن و سەنبولوو نەسرین هات
کاتێ سروە، وتەی حافزی لە بولبول بیست
عەترپڕژان بە تەماشایی لالەو پەروین هات
حامیدڕەشیدی زەرزا-٢٠١٦/٦/٣- وەدابە
-١٨٥

مرا مهر سیه چشمان زسر بیرون نخواهد شد
قضای آسمانست و این دگرگون نخواهد شد
حافظ:
خۆشەویستی چاو ڕەشانم من لە سەر ناچێتەدەر
قەت قەزایی ئاسمانی، نایە گۆڕانی بە سەر
چەند نەیار ئازاری کردو لێی نەهێشت جێ ئاشتی
ئاخری، ئاخی سبەینانە، منی کرد بەختەوەر
کارێ نەسپارد پیم خولا ،بەخولا ،لە رەندی ویوەوە
سا بەشم ئەو بوو بەرێ من،هەر ئەویشم کەوتە بەر
دارۆغە تۆ من بە دەنگی نای و دف فەرمووعەفوو
سازی شەرعی لێرۆکە، کەوتۆتە ناو قانوونی سەر
گەر مەجالم بێ وەشارم، لێرە من سرڕی ئەوین
ئەی چ بێژم بۆ لە باوەش گرتن و شوێنی نەزەر
ئالی لێوو جێی ئارام ،،، مێهرەوانی مەی بگێڕ
چێ دەبێ کارت کەچی ئیستا نییە پەیمانە دەر
مەبەڕە تۆچاوت لە نەخشی خەم لە سینەی حافزی
ڕەنگی خوێنی دەستی دڵدارە، بە ئاو ناڕواتە دەر
حامیدرەشیدی زەرزا-٢٠١٦/٦/٣- وەدابە
-١٧٣

من نه آن رندم که ترک شاهد وساغرکنم

محتسیب داند کەمن این کارها کمتر کنم
حافظ:
من نە ئەو ڕەندم، کە تەرکی ساغرو دولبەر بکەم
دارۆغە باشتر دەزانێت،،،کاری وا کەمتر دەکەم
من کە عەیبی توبەکارانم بگووتوە،،،، زۆر جار
توبە لەو مەی،کاتی گوڵ دیوانە وەش بم، گەر بکەم
ئیشق دوورڕێکە، ئەمن خەواسی دەریای مەیکەدە
من سەرم دانواند لە بۆ وێ،کە سەرم ئەفسەربکەم
لالە مەیگێر،نیرگزیش مەست، ئێمە فاسق ناو دەبن
داوەرم گەر هەس خودایە، ،بێژە کێ داوەر بکەم
ئیستێکی ڕاگرە جڵەو، ئەی تورکی شارشێوینی من
تا لە ئەسرین ڕێگەکەی تۆ پڕ گولوو گەوهەر بکەم
من لە یاقووتو لە لەعلی ئەشک چاوم بوو خەزین
چۆن نەزەر لە فەیزی ئەو خۆرەی بلێند ئەختەر بکەم
وەک شنەی کەگوڵشەنی بەو ئاوی لوتفی شووتەوە
کەج دلم ناوبە،کە چاو لەو سەفحەی دەفتەر بکەم
قەولوو بڕیەی ئاسمانی،،، نیتی هێندە ئیعتووبار
عەهەد لە گەڵ ئەوپیالەو شەرتم لەگەل ئەوبەر بکەم
من هەمە کە لەو گەدایی تاج و،گەنج و،سەلتەنەت
چۆن تەما،لەو چەرخەیی ئەوهالە دوون پەروەربکەم
چەندە ئاویتەی هەژاریم ، شەرم لەو بی هیمەتی
گەر بە ئاوی چاوی خۆرێ، بیم داوین تەر بکەم
گەر لە ئاگر ئاشقانی هەڵبژاژارد، ئەو لوتفی دۆست
چاو تەنگم گەر تەماح لەو کانییەی کەوسەر بکەم
ئالی لێوی دوێنەکە، عیشوەی دەدا حافز بەڵام
ئەو ئەمن نێمە، لە وی، ئەفسانەکان باوەڕ بکەم
حامیدرەشیدی زەرزا-٢٠١٦/٦/٣- وەدابە.

درنمازم خم ابروی تۆ بایاد آمد
حالتی رفت کەمیحراب بفریاد آمد
حافظ
لە نوێژ ئەبرۆی کەوانی تۆم وەربیر هات
لە دەرد میحراب بە گریانە، بە پێر هات
لەمن نەت بێ، تەماعی هۆش‌و دل،سەبر
ئەمن خۆڕاگریم، دەورەی بە سەرهات
کە مەی خالیس بێ،تەیری چەمەن دێن
کە کارو ئاشقی، بێ دەرد سەر هات
دەکەم من بۆنی چاکسازی سروشتی
گوڵی شاجوانی لێرە، وەک قەمەر هات
تۆ بووکی بەخت مەدە دژ من سکاڵا
لە پەردوو چاوەڕێیە زاوا گەر هات
هەموو دولبەر بە زیڕوو زیوو خشڵن
بە تەنیا ئەو، بە ئیلاهی نەزەر هات
دەکەن شایی چیاوو بەردوو داریش
کە ئەوسەروە لە ژیرخەمدا بەدەر هات
غەزەل خوێن بە،لە شایی گفتی حافز
تۆ ویژەر،خاترەت جاز-ی بەبەر هات
حامیدڕەشیدی زەرزا-٢٠١٦/٦/٣-وەدابە
-١٨٢

من که ازآتش دڵ چون خم در جوشم
مهربر لب زده خوین میخورم و خاموشم
حافظ:
من که له ئاگری دڵم،وەکوو خومرە له جۆشم
مۆرم له لێوم داوەو،خوێن دەخۆم وخامۆشم
له لێوی جوانان تەماح، خۆ کوژییه، ڕەفیقان
تۆ بم بینه، لەو کارەم که چلۆن تێ دەکۆشم
من که ئازاد بم، لەو خەمی دڵ که هەر دەم
خاڵی کەزی جوانێکی ئاڵقه دەکات له گۆشم
حاشا دەکەم که نیمه، من ئاقیده به تاعەت
هەر ئەوەنده که جارو بار پیاڵەیەکی دەنۆشم
به پێچەوانەی نەیار،،،، پێم وایه رۆژی سزا
فەیزی عافوو دانەنێ، باری گوناح به دۆشم
باوکم باغی بەهەشتی بەدووەنگەگەنم فرۆشت
بێژوو بم که دونیایێ، بەدەنکێ جۆ نەفرۆشم
پەشمینه پۆشینی من، به هۆی دڵداری نییه
پەرده بەسەرسەت عەیبی، شیراوەم دادەپۆشم
من که دەموێ نەنۆشم،جگه له ئاوی خومرە
وتەی پێری موغانه، چبکەم نەکەم له گۆشم
بێوو که بۆم رێکەوێ، موتریب ومەجلسی ئیشق
غەزەلی حافزی دەبا،کاتی هەڵپەرکی هۆشم
حامیدرەشیدی زەرزا-٢٠١٦/٦/٤-وەدابه
٣٦٥-،،،

چرا نه درپی عزم دیار خود باشم
چرانه خاک سرکوی یار خود باشم
حافظ:
بۆچی به دوای دێوو شاری خۆم نەبم
بۆچی ژێر پێی خوڵی یاری خۆم نەبم
ئەو خەمی غەوربەت چ نایێنه بەدەس
بۆچ نەڕۆم من، شاریاری خۆم نەبم
بەسیه بۆ نامەحرەمان، بمه ویسال
بۆچی بەندەو ، پەردەداری خۆم نەبم
وا کە کاری عومر، نه پەیدایه، گوڵم
بۆچ له ڕوودا و،لای نیگاری خۆم نەبم
وەی له بەختی وا گران و ئەو خەوە
گەر گلەم هەس، ڕازداری خۆم نەبم
من له لام ڕەندیوو،ئاشق پیشه بوو
بۆچی مەشغول کاروو باری خۆم نەبم
ڕێنوینی حافزی ببوو، لوتفی خودا
من کەچی وا شەرمەساری خۆم دەبم
حامیدرەشیدی زەرزا-٢٠١٦/٦/٤-وەدابە.
-٣٦٢

تۆهمچوصبحی ومن شمع خلوت سحرم

تبسمی کن وجان بین که چون همی سپرم
حافظ:
تۆ وەکوو کازیوەیوو ،ئەمن هەسارەی سەحەرم
دەی پێبکەنە لە ڕووما، با گیانمت پێ بسپەرم
ئەوهەی من لە دڵم دایە، داخی کەزی بادراوە
ونەوەشە دێتە گریان، لە سەر تەرمی گوزەرم
لە لاشیپانەی موراد، کردومەوە دەرگای چاو
نەزرێکم تێ هەڵکەی، نەتبوو ڕوو لە نەزەرم؟
چلۆنت شوکر بکەم، ئەی خێڵی خەمی غەفاک
لە ڕۆژی بێکەسی دا، تۆ ناچییە دەر لە سەرم
غولامی ئەو بیلبیلەم بەو هەموو جەفا کاریەی
دەبارێنێ سەت دڵۆپ،کە دەردی بۆ بژمەرم
بووتی مە بە هەرنەزەر،نەزەری خۆی دەنوێنێ
کەس نابێنێ گریشمەی، ئە من خاوەن نەزەرم
بەسەر قەبری حافز داکە یار بڕوا وەکوو بای
لە شەوق کفنی دەدڕم، سەر دادەکەمە دەرم
حامیدڕەشیدی زەرزا-٢٠١٦/٦/٤- وەدابە.
،،-٣٥٤

من که باشم که برآن خاطر عاطر گذرم
لطفها میکنی ای خاک درت تاج سرم
حافظ:
کێم ئەمن لەو: خاتری پڕ بۆنی عەترت ڕابرم
لوتفەهات کردوە بە من،خوڵی دەرت تانجی سەرم
بێژە لە کوێت خوێندوە،دەرسی محیبەت گیانەکەم

با شکـو زەن لەو رەقیبانەت  نەچتێە  ناوسەرم
هیمەتێکم  بەدرەقەی رێگە بکە، تەیری قودس
زۆر درێژە رێگە مەقسود، من کە تازە سەفەرم
بای بەیانی، تۆ وەرە، ئەو بەندەگی منی پێ بڵێ
تا لە بیرت نەچووە، کاتی وێردی بانگی سەحەرم
چاوەڕوان ئەو ڕۆژەمە،بپێچمەوە، لەو شوێنە  بار
با ئەلەو کووچە گەڕێ، ئەمرۆکە، باس وخەوەرم
حافزا گر ویستی تۆ هەر گەوهەری ویسال بێت
چاوکەم دەریا دەکەم، فرمێسک لە بۆ غەوتەوەرم
شایی دریا خۆی بە کۆی زیرهاتە پێشوازی دەمم
دەم وتی شاها،ئەمن خۆم بەحری دوڕووگوهەرم
حامیدڕەشیدی زەرزا-٢٠١٦/٦/٤- وەدابە

-٣٥٠

چو سرو اگربخرامی دمی بگلزاری
خوردغیرت رووی تۆهر گل خاری
حافظ:
وەکووسروە،دەمێکی گەر بچی ناو  باخ و گوڵزاری
بەخالەت وا دەکا، گوڵ خۆ بدینن درکی  سەرداری
لە کوفری زولفی تۆ، هەر ئاڵقە  شـێوانێکی تێدایە
لە سێحری چاوەکەت لێیکەوتووە، هەرگۆشە بیماری
مرۆ وەک شانسی من،ئەیچاوی مەستی یار بۆ نۆستن
کە لە دواتە، لە هەر لایێک هەزاران ئاخی بێداری

به قوربان خۆڵی ڕێگەت بێ،ئەمن گیانم ئەگەر هەرچەند
کە نەخدینەی گیان نییتی، لە بەر چاوی تۆ میقداری
دڵا بەو زولفی دڵبازان، مدە چیدیکە ،لاف بەس کە،
وەکوو قفڵی کلیل ون بوو،غروور بەر بەستە بۆ کاری
بەسەر چووعومرو ئەو کارە، دوایی هەرنەهات چبکەم
دڵم گیراو، لە بۆی هاسان نەکردم، کەس گرفتاری
بە یارم وت: وەکوو نوختە، بچوو ناو خاڵی دایرە
بە خەندە پێی گوتم حافز ئەوینو شێوە،دەسکاری
حامیدڕەشیدی زەرزا-٢٠١٦/٦/٤-وەدابە.
-٤٧٩

سحربابا‌د میگفتم حدیث آرزومندی
خطاب آمد کەواثق شو بالطاف خوداوندی
حافظ:
بە،بام وەت من بەیانی ئەو حەدیسی ئارەزوومەندی
لە غەیب وتیان تۆ باوڕت بێ ،دڵۆڤانی خوداوەندی
دوعاو ئاخی شەوو ڕۆژێ کلیلی ڕێگە مەخسوودە
ئەبەو ڕێدا بڕوو سەرڕاست، دەگەییەخاڵی پەیوەندی
قەڵەم نیتی زوانی وا، کە سرڕی ئیشقی دەر ببڕێ
سەرووی ئەو حەدی تەقدیرە، بەیانی ئارەزومەندی
ئەتۆ ئەی یوسپی میسری،،بە شایی کە لە خۆ بایی
وەبیرت بێتەوە باوکەت، چ لێهات مێهری فەرزەندی
جەهانی کۆنی ڕووجندی،کە زاتەن نیتی هیچ ڕوحمێ
لەلوتفی وی چ دەخوازی،ئەویش هەربەندەیەو ،بەندی

که ناکات شاهینی وەکو تۆ، تاماع لەو هێسکی بڕزیوە
حەیف ئەو سێبەری هیمەت، ببێتە چەتری نامەردی
ئەلەو بازارە قازانج بوون،ڕەزایی خوایە، بە ئەهلی دڵ
خوڵایە مونعیم فەرموو،، بە دەرویشوو ڕەزامەندی
بەشێعری حافزی شیرازی، دەکەن شایی وهەڵپرکێ
بەڵەک چاوانی کشمیریو، تورکانی سەمەرقەندی
حامیدڕەشیدی زەرزا-٢٠١٦/٦/٥-وەدابە
-٤٧٥

ڕوزگاریست کەمارانگران میداری
مخلصان را نەبوضع دگران میداری
حافظ:
سەردەمێکە تۆ دەکەی من، نیگەران
هیچ ناپرسی لە من، وەک دیگەران
سیلە چاوێکت ،لە ئێمە هەر نەبوو
ئەوهەیە، ئەو عیززەتی،وا مێرەوان
داپۆشە ئەو پەنجەیی ئاشق کوژیت
بەسە عیشوەو،بەسە نازی دولبەران
نە بەگوڵ ڕوحمێ، نە خێڵی بولبولان
لێت دڕاندن تۆ، جلی عیشوەگەران

دەتهەوێ گەر جلکی ڕەنگی سۆفیان
بێ خەبەربێ، لەو دڵی بێ خەبەران
نێرگزی باغی نەزەر،ئەی چاوی دڵ
بۆچی نۆکە بووی لە گەڵ منسەرگران
گەوهەری جامی جەم، لەو کەونی ترە
تۆ تەمننات برد ە بەر گۆزەکەران
هەر دەبێ کیسەت بەتاڵ بێتن لەزێڕ
ئەو تەماحی هەت کە لەو سیمبەران
چەند ڕەندی و خەرابی هەس گوناح
ئەوە دەنەی ئاشقانەیە، بۆ دڵبەران
ڕامەبیرە حافزە،، بێ ڕۆژی خۆش
چیت تەوەقع هەس لە دونیابگوزەران
حامیدرەشیدی زەرزا-٢٠١٦/٦/٥-وەدابە
-٤٨٦

ای دل بکوی عشق گذاری نمیکنی
اسباب جمع داری و کاری نمیکنی
حافظ:
ئەی دڵ،بە گەڕەکی ئەویندارى گوزەرێکی ناکەی
کەلوو پەل،کۆو بەردەستە ،، تۆ کاریکی ناکەی
بەو داری شەقین لە دەستت گۆیەکی لێ نادەی
پەلەوەر لە بەر دەستەوو،بەڵام شکارێکی ناکەی

ئەو خوێنە کە شەپۆل دەدا، لە ناو جەرگت.
تۆ لە کاری  ئەوڕەنگی ئەوی، نیگارێکی ناکەی
عەتراوەی نەبوو کاتی ئافەرین،، وەک بای سەبا
بۆ  دەڤەری دۆست، تۆ چ گوزارێکی ناکەی
دەترسم لەو گوڵشەنە، کۆشی گوڵت بۆ پڕ نەبێ
لە قەفی گوڵدا، ترسی دڕکی دەیندارێکی ناکەی
لە قوڵی گیانی تۆ سەت عەتری مامزی خوتەن
ئەو هەمووە بە قوربانی،گرێی کەزی یارێکی ناکەی
پیالە کە مەتلووبی دڵە، لاری دەکەی و دەیڕێژی
ئاخۆ ،فکری میحنەتی بەڵای خۆمارێکی ناکەی
 حافز بڕۆ کە غولامەتی ئەو پاڵشای وەخت
ئەگەر هەموو دێنو دەکەن، تۆ جارێکی ناکەی
حامیدرەشیدی زەرزا-٢٠١٦/٦/٥-وەدابە
-٥٢٣

نوبهاراست درآن کوش کە خۆشدل باشی
کە بسی گل بدمد بازو تو در گل باشی
حافظ:
تازە بەهارە، تێ بکۆشە کە خۆش دڵ بی
زۆرگوڵ دەرسکێن،ئەو دەم تۆ لە ژێرگڵ بی
ئەمن نۆکە ناڵێم: ئەتۆ چ بکەو، چ مەکە.
تۆ بۆخۆت دەزانی،ئەگەر زێرەکو ئاقڵ بی
تاڕی دەستت لە پەردە  نەسیحەتت دەکا
وەعزت ئەو دەم کارتێکەرە واعزەکی قابل بی

له گوڵزار، هەر گەڵایە دەفتەری حاڵی ترە
حەیفە کە لە کاری ئەوان بێخەرەو خافڵ بی
نەخەدینەی عومرت دەبا خەمی دونیا بەگەمە
کە شەو ڕۆژ ئەو ئاهۆیەت لە بۆ نازل بی
کەچی ڕێگەکی پڕ مەترسیە لە مە را بۆ وێ
چوون هاسانە،کە تۆ ئاگاداری مەنزڵ بی
حافز ئەگەر تۆ بەختی بەرز یاریت بکات
نێچیری جوانچاکی بۆنخۆش و بەشمایل بی
حامیدڕەشیدی زەرزا-٢٠١٦/٦/٥-وەدابە
-٤٩٤

عمر بگذشت بەبیحاصلی وبوالهوسی
ای پسرجام میم دە کەبەپیری برسی
حافظ:
عومرم ڕۆیی بە خۆڕایی،لە ڕێی بەزموو هەوسی
کوڕێژگە بدە پیاڵەی مەی،کە تۆش بە پیری ڕەسی
چ شوکرێکە ، کە لەو شارە، ئەوە قانع بوونە
ئەو شاهبازی دە تەریقەت بە مقامی مەگەسی
دوێ، لە گەڵ خێڵێ غولامان، چوومە دەرکەی
وەتی: ئاشقی بەستەزمان، تۆ باری چ کەسی
لە گەڵ دڵی پڕ خوین پێویستە ڕابوێری
هەر کێ دەنگینی جەهان بوو،بە عەتراو نەفسی
کاروان ڕۆییوو، تۆ لە خەودا، سارا لە بەرەت
وە چ  بێخەبەر،لە دەنگی زەنگوڵەی تەرەسی
باڵوو پەڕت بکەرەوە، لەدەوری تووبی خولەکی بدە

داخەکەم تۆی تەیری زەریف، ئەسیری قەفەسی
هەتا وەکوو  عود سۆز، داوینی یاران بگرم
گیانمان دانا سەر ئاگر،بە دوای خۆش نەفەسی
-حامیدرەشیدی زەرزا-٢٠١٦/٦/٥- ودابە
**-٤٩٤**

دردیرمغام آمد یارم قدح دردست
مست ازمی و میخواران از نرگس مست
حافظ:
هاتە دێری موغان، یارم پیاڵە بە دەست
ئەو مەستی مەیوو مەیخوۆر لە مەستی چاوی مەست
لە ناڵی هەسپی شکڵی مانگی نوێ دەدیترا
لە بەژنی بەرزی، بەژنی سنەوبەر نەوی دەست
ئاخرچ بڵێم کە هەیە،کە لە خۆم خەبەرم نین
وەبۆچی بڵێم کە نییە، لە گەڵ وی نەزەرم هەست
شەمی دڵی ڕووناکم بکووژاوە، کە ئەو ڕۆیی
هاوار لە نەزربازان ڕابوو،کە ئەو بونشەست
کە عەتر بۆنخۆشبوو، لە کەزی وی هاڵا
کە وەسمەکەوانی کێشا، بە برۆی پەیوەند بەست
بگەڕێوە،کە دەگەڕێتەوە، عومری حافز!
کەچی تەیری لە قەبەس بەربوو نایەتەوە دەست
حامیدڕەشیدی زەرزا-٢٠١٦/٦/٦-وەدابە

ساقیا برخیزو دردە جام را
خاک برسرکن غم ایام را
حافظ:
ڕابە مەیگێڕ، پێم بدە ئەو پیاڵە مەی
خۆڵ وەسەرخەم کە، بەدەنگی نایوو نەی
ئەو شەڕابەم پێ بدە تاکوو لە بەر
دەربهێنم ئەو جلانەی ڕوو چوونەی
گەرچی بەد ناویە، لە لایان ئاقڵان
نامهەوێ من ناوونەنگ، بۆم لێدەدێ
بای غرورتاکوو بەمەی خۆڵ کەم وەسەر
چم لە وییوو، چم لەوانەوو، چم لە وەی
دووکەڵی ئەو سینگەیی بریانی من
گڕ دەدا بنچینەیی، ئەو عای و عەی
مەحرەمی سرڕی دڵی دێوانەکەم
قەت نەبوو دڕوەک دەڕێنێ لەم لەشەی
دەمهەوێ جوانێک دڵم ئارام بکا
مەستی وی بم، نامهەوێ من پیاڵە مەی
ئیدی نانۆڕێ لە مێرگوو چیمەنان
هەرکەسی بینی،دەمو ئەندامی وەی
سەبرکە،حافز، هەتادێ رۆژی خۆی
خۆزیا جارێ پڕ بەدڵ دەمگوت:ئۆخەی
حامیدرەشیدی زەرزا-٢٠١٦/٦/٦-وەدابە

ساقی بنور باده برافروز جام ما
مطرب بگو کەکارجەهان شد بەکام ما
حافظ:
مەیگێڕ بەنووری بادە ئەو دڵەم ڕووناک کەوە
وێژەر تۆ بە دەنگی تاڕ، چرای دڵم هەڵکەوە
ئێمە لە ناو پێاڵەدا، وێنەی مەحبووبەمان دی
ئەی بێ خەبەر لە لەززەت، شەڕابم بۆ تێکەوە
چ چاخ نامرێ ئەوکەسە، دڵی زیندوە بەئێشق
ئەوە وتەی راستییە، ئی پووچەڵت خڕکەوە
ئەی با کە لە گوڵزارێ، بەرەوماڵی وی دەڕۆی
زاری پەیامی دڵمی ،هەر لە وێ بۆ بکەوە
مەستی بە چاوی شاهد، دڵبەندەو زۆرخۆشە
لەو ڕووە تۆش بە مەستی، وڵامەکەی بدەوە
نانی حەڵاڵی شێخی و، نانی حەرامی ئێمە
دەترسم فەرقی نەبێ،،، رۆژی لێ پرسینەوە
حافز خۆ لە دەمی تۆ،دوڕوگەوهەر دەبارێ
تەیری ویسال لە دووتە، دەرگاتی لێ بکەوە
حامیدرەشیدی زەرزا-٢٠١٦/٦/٦-وەدابە
-١٢

ایدل مباش یکدم خالی زعشقو مستی
وانگه برو کەرستی ازنیستی وهستی
حافظ:
ئەی دڵ تۆ خاڵی مەبە،تاوێ لە ئیشق و مەستی
ئەو دەم بڕۆو دەربازی، لە نەبوونوو لە هەستی
گەر گیان لە لەش ببینی، خەریکی کاری وی بە
هەر قوبڵە، هەڵبژێری،،باشترە لە خۆ پەرستی
لەگەڵ نەبوو لێقەوماو،وەک شنەخۆش نەفەس بە
نەساخی ئەو ڕێگەیەی، ،چاترە لە تەندورستی
لە مەزەبی تەریقەت، ، ،خاوی نیشانەی کوفرە
بەڵێ ڕێگایی دەوڵەت، چالاکی یە، وەچوستی
فەزلوو ئەقڵ کە بدینی،،خۆت لاتەریک بنوێنی
وادیارە چی تێ ناگەی، هێشتا نەزانوو مەستی
لە دەرکەی خۆشەویستان، لە ئاسمانێ مەڕوانە
لە عەرشی سەربەرزەوە،دەکەویە،نەوی دەستی
دڕک چەندە لەش گەزبێ،گول بۆی تێدێنێتەوە
سانایيە، تاڵی شەڕاب، لە قەراخ زەوقی مەستی
سۆفی پێاڵە لێ دەدا،، حافز، خۆی دەپارێزێ
تۆ داوێن کورت،تاکەنگی، دەکەی درێژدەستی
حامیدڕەشیدی زەرزا-٢٠١٦/٦/٦-وەدابە
-٤٦٩

ای دڵ که ازآن چاه زنخدان بدر آئی
هرجا که روی زود پشیمان بدر آئی
حافظ:
ئەی دڵ کە لە ئەلەو بیری ئارچەن بێیەدەرێ
بۆ هەر کوێ بچی زوو پەشیمان دێیە دەرێ
وشیاربە،وەسوەسەی شەیتان لە گوێ نەگری
وەکوو ئادەم  لە بەهەشتی مەنان دێیە دەرێ
ڕەنگە دەستت تۆ نەگات بە ئاوی حەیات
بەتێنواتی  لە لێواری، کانی حەیوان بێیەدەرێ
وات وەکووسروە دەکەم یاسەول دەمی هیمەت
کە وەکوو غونچە،، شادو خەندان بێیەدەرێ
لەتاریکەشەوی دووری تۆگیانم هاتە سەرلێو
کاتیتی کە وەکوو ئەومانگی تابان، بێیە دەرێ
لە ڕێگاتم بە دەیان جۆی ئاو هەڵبەستووە
کە تۆ لەواندا وەکوو سەروی ڕەوان بێەدەرێ
حافز مەکە بۆخۆت فکر، ئەو یوسپی میسر
دەگەڕێتەوو،، لەو کاولە ئاش، دێتە دەرێ
حامیدرەشیدی زەرزا-٢٠١٦/٦/٧-وەدابە
-٥٣٩

کنون میدمد ازبوستان نسیم بەهەشت
من وشراب فرح بخش ویارحورسرشت
حافظ:

ئەوە دێ لە مەرخوزار، ئەو شنەی بایی بەهەشت
ئەمن و شەڕابی فێنک،ئەو یاری حوری سروشت
بۆچ بەلەنگاز لێنەدا،، ئەمڕۆ، لافی خونکاری
چادری سێبەری هەور،بینرا لە هەوارگەی کشت
مێرگۆڵان، حەکایەتیان، لە مانگی خاکەلێوەن
کوا ئاقل دەکرێ بە قەرز دونیا و،نەخد بەهەشت
خانوی دڵ بە مەی چێکە،کە ئەو دونیایی وێران
خەریکە، لە خۆڵێ مە، بڕێتەوە، هەموو خشت
قەت چاوەڕوانی وەفا لە دوژمنی خۆت مەکە
وەک وەی،شەمی خانەقا بایسینی لە چرای کنشت
دەفتەروو،کاغەز بۆ سەرکۆنەی من ڕەش مەکەوە
کێ دەزانێ کە تەقدیرچی لە سەرت دا نویشت
دریغ مەکە لە هەنگاو بۆ سەرجەنازەی حافز
چەند گوناحی مەی هەبێ، ئەو دەچێتە بەهەشت
حامیدرەشیدی زەرزا- ٢٠١٦/٦/٧- وەدابە

ایکه برما ازخط مشکین نقاب انداختی
لطف کردی سایه‌ای بر آفتاب انداختی
حافظ:
تۆ ئەلەو کەزیە، پەریشانە، نیقابت کردەوە
کەم نەبێ سایەت لە سەر مە،خۆری چاوت کردەوە
دەتەوێ چ بکا لە گەڵ مە، ئاوڕەنگی ئەو دەمەت
تۆ بە ئەم جادوو لە نەخشە، ڕەسمی باوت کردەوە
تۆکۆڵت بڕفاند لە شاجوانان لە شاری خەلخ، بژی

جامی کەیخوسرەو بەهۆی دەستی هەراوت کردەوە
بەو شەمە ئیشقی بدوڕاندوە،بە جورێ هەرکەسێ
بێجگە پەروانە، لە گشت لا ئیستڕابت کردەوە
تۆ خەزینەی ئیشقی خۆت وا،بردە وێرانەی دڵم
سێبەری دەوڵەت بە ئەو خەزنی خەرابت کردەوە
داخ ئەلەو ئاوەی کە ئەو ڕۆگەی شێران لە وێ
تێنووی لێوت، دوبارە توینی، ئاوت کردەوە
خەونی وشیاریت گریدا،وا لە نەخشی ئەوخەیاڵ
تومەتت بۆ شەوڕەوانی خێڵی خوابت کردەوە
لەچکەکەی لادا لە ڕوو تا یەک نەزەر لە جلوەگاە
لە حەیا حۆریوو پەری، هێناو حیجابت کردەوە
لەو فریوی نیرگسی مەخموورولەعلی مەی پەرست
حافزی خلوەنشێن لەو شەت شەڕابت کردەوە
من لە بۆ نیچیری دڵ، لە گەردنم زنجیری زولف
وەک کەمەندی خوسرەو مالک ڕەقابت کردەوە
حامیدڕەشیدی زەرزا- ٢٠١٦/٦/٧- وەدابە.
-٤٦٧

صنما باغم عشق تۆ چ تەکبیر بکەم
تابکی درخەم تۆ نالەیی شبگیر بکەم
حافظ؛
گوڵەکەم لە گەڵ خەمی تۆ چ تەکبیر بکەم

تا کەی لە خەمت، نالەیی شەوگیر بکەم
دڵی دێوانە ئیدی دەرمانی نییە بۆ ئەودەردە
مەگین بە سەری زولفی تۆی، زنجیر بکەم
ئەوەی کە لە دووری تۆ کێشام، هەیهات
لە نووسراوێکدا مەحاڵە، کە تەحریر بکەم
لە گەڵ سەری کەزی تۆو، پەریشانی خۆم
کوا مەجال،ئەوە هەمووە، بۆ تۆ تەقریربکەم
ئەو دەم کە ئارەزووی بینینی گیانانم بێت
لەنەزە نەخشی ڕووی جوانی تۆ تەسویربکم
کە بزانم،، ویسالی تۆم،، بۆ دەست دەدا
دڵ وو، دینم، دەدۆڕێنم و، تەوفیر بکەم
ئیدی نییە بە خوا هومێد،بە پارسایی حافز
چونکە تەقدیر ئەوها بوو، چ تەکبیر بکەم
حامید ڕەشیدی زەرزا-٢٠١٦/٦/٧- وەدابە.
-٣٧٣

حجاب چهره جان میشود غبار تنم
خۆشا دمی که ازآن چهره پرده برافکنم
حافظ:
پەچەی ڕووی گیانم، دەبێتە تۆزی لەشم
خۆش ئەو دەمێ، لەو ڕووە پەردە بکەشم
قەفەزێکی ئەوها شوێنی منی وێژەر نییە
دەڕۆمە بەهەشت کە تەیری ئەوێ بەشم
دەرنەکەوت،بۆ هاتم،ئەوجارەکە دەچمە کوێ ؟

مخابن که خافڵ بۆم له کاری و باری خۆشم
چ تەواف بکەم تۆ له دونیا عاڵەمی قوتس
لەو رۆژەوە ئاویتەی تەختە بەندە کەلەشم
ئەگەر لە خوێنی دڵم،، بۆنی زەوق دێت
سەیرِ نیە، هاو دەمی مامزێکی مەهوەشم
تەرازی کراسی زێرِاویم، مەبینه وەکووشەم
دردوو کوڵی نهێنیم هەن. له داوێنی لەشم
وەرە غرووری حافز لە وی دووربکەوە
لەگەڵ بوونی تۆکەس نەیبیست لەمن هەشم.
حامیدرِەشیدی زەرز-٢٠١٦/٦/٧- وەدابە
-٣٦٧

زاهد خلوت نشین دوش بەمیخانه شد
از سر پیمان برفت با سر پیمانه شد.
حافظ:
زاهیدی خلوه نشین، هاودەمی مەیخانه بوو
پەیمانەیی خۆی شکاند،هۆگری پەیمانه بوو
سۆفییەکەی ئەنجومەن،پیاڵەو جامی دەشکاند
ئەو بە قومێک شەرِابی، زاناوو، فەرزانه بوو
شوێدی لاوەتیخۆی دیسان هاتبووە،خەونی
ئەمرِۆ، بەو سەری پیری،ئاشقو دێوانه بوو
جوانکەڵەیەک، ،تێپەرِی ئاوەزوو،دینی رِفاند
ئەو به هۆی ئەوینی ئەو،له عالەم بێگانه بوو
سووتاخەرمانی بولبول،بە ئاگری دەمی گوڵ
رِوخساری کەنینی شەم، ئافەتی پەروانه بوو
پارِانەوەی دوو بەیان، شوکر خۆرِایی نەچوو

دڵۆپەی بارانی خەم، گەوهەری یەکدانە بوو
دەمی مەیگێڕ دەپچڕی،ئایەیی ئەفسونگەری
دوعای نیوە شەوێ مە،هاوخەموهاوخانە بوو
شوێنی مەنزڵی حافز، هەر دەرگای پادشایە
دڵ بەرەودڵدار چوو،گیان بەرەو گیانانە بوو
حامیدڕەشیدی زەرزا-٢٠١٦/٢/٢٨ی.وەدابە
-١٧٩

دوستان دختر رز توبه زمستوری کرد
شد سوی محتسب کاربدستوری کرد
حافظ:
ڕەفیقان کیژی تەرێ،، تۆبەی لە ڕووسەری کرد
بۆ لای دارۆغە ڕۆیی،،کاری بە دەستووری کرد
مەی لە پەردە هاتە دەر،،،،، ئارەق بسترێنەوە
تاکوو نەڵێن حەریفان بادە بۆچی..... دووری کرد
مزگێنی بدە ئەی دڵ،،، کە ئەو وێژەری ئەوین
رێی مەسانەی گرتە بەر،چارەیی مەخمووری کرد
رەنگی ئەو ئاوە ناڕوا، بە سەت ئاگری بە تین
ئەوهەی لەگەڵ زاهدی،ئەو مەیی ئەنگووری کرد
غونچەی نازکی وەسلم بە شنەی سروە پشکووت
تەیری خۆشدەنگی شایم کارلە گەلای سوری کرد
حافز تۆ هەر خاکی بە، چونکە دەبینی حەسوود
لە دەستدانی دینو دڵ سەرپاک لە غرووری کرد
حامیدرەشیدیزەرزا- ٢٠١٦/٦/١٣- وەدابە

مخمور جام عشقم ساقی بده شرابی
پر کن قدح که بی مەی، مجلس ندارد آبی
حافظ:
خوماری جامی ئیشقم مەیگێڕ بدە شەڕابێ
بۆم پڕکە ئەو پیاڵە، مەجلس کە بێ مەی نابێ
تاریفی جوانی دەمەت، لە پەردە دا نامێنێ
وێژەر لێدە هەویەک، مەیگێر بێنە شەڕابێ
بەژنی من بۆ بەگۆچان، تادوایی وە رەقیبت
لەم دەرکە دەرنەکات، لە بۆ دەرکەیی عەزابێ
لە چاوەڕوانی دەمەت، ئێمەو هومێدەواری
لە کرێشەی ویسالت، ئێمەو خەیاڵووخوابێ
خوماری ئەو دووچاوم، ئاخۆ لەکوێە جامی
نەخۆشی ئەو دوولێوەم،بەلانی کەم جوابێ
حافز دڵت مەنێرە، بە دوای خەیاڵی جوانان
تێنوو،تێنواتی ناشکێت، بە ئاوەکی سەرابێ
حامیدرەشیدی زەرزا-٢٠١٦/٦/١٦-وەدابە.

-٤٦٦

دوستان دختر رز توبه زمستوری کرد
شد سوی محتسب کاربدستوری کرد
حافظ:
ڕەفیقان کیژی تەرێ،،تۆبەی لە ڕووسەری کرد
بۆ لای دارۆغە ڕۆیی،،کاری بە دەستووری کرد
مەی لە پەردە هاتە دەر،،،،، ئارەقی بستڕنەوە
تاکوو نەڵین حەریفان: بۆچی بادە دووری کرد
مزگێنی بدە ئەی دڵ،، کە ئەو وێژەری ئەوین
ڕێی مەستانەی گرتە بەر،چارەیی مەخمووری کرد
ڕەنگی ئەو ئاوە ناڕوا، بە سەت ئاگری بە تین
لە گەڵ زاهدی،ئەوەی ئەو مەیی ئەنگووری کرد
غونچەگوڵی وەسلەتن، بە شنەی سروە پشکووت
تەیری دەنخۆشی شاین، کار لە گەلای سوری کرد
حافز تۆ هەر خاکی بە، چونکە دەبینی حەسوود
لە دەست دانی دین و دڵ،پاکی لە مەغرووری کرد
حامیدرەشیدیزەرزا- ٢٠١٦/٦/١٣- وەدابە
-١٤٦

سحرگاهان کەمخمورشبانە
گرفتم بادە باچەنگ وچغانە
حافظ:
خوماری دوێ شەوێمە، ئەو بەیانە
بە نەغمەی تار وەرمگرت بادە گیانە

به مەیخۆری لە خۆم دوور کرد ئاوەز
لە شاری بوونەوەر کردمی ڕەوانە
گراوی مەی فرۆشم چاوی داگرت
نەجاتی دام لە گشت مەکری زەمانە
ئەڵەو مەیگێڕە جوانەم دوینکە بیست
ئەتۆی ئەو تیری سەرکۆنە نیشانە
بچوو ئەو داوە دانێ بۆ کەسی تر
لەجێی بەرزە هەڵۆ، هیلانە گیانە
نەدیم وویژەرو مەیگێر بۆ خۆیتی
خەیاڵی ئاوو گڵ لەو ڕێ بەهانە
بدە پاپۆریکی مەی تۆند بئاژۆین
ئەڵەو دەریایی بێ گۆشەو کەڕانە
وجوودی مە، مووعمایەکە، حافز
کە لێ کۆڵینەوەی بۆتە فەسانە
حامیدڕەشیدی زەرزا-٢٠١٦/٦/١٥.وەدابە

مخمور جام عشقم ساقی بده شرابی
پر کن قدح کە بی مەی، مجلس ندارد آبی
حافظ:
خوماری جامی ئیشقم مەیگیڕ بدە شەڕابێ
بۆم پڕکە ئەو پیاڵە، مەجلس کە بێ مەی نابێ
تاریفی جوانی دەمەت، لە پەردە دا نامێنێ
وێژەر لێدە هەویەک، مەیگێر بێنە شەڕابێ
بەژنی من بۆ بەگۆچان، تاکوداویی رەقیبت
لەم دەرکەمان دەرنەکا، لە بۆدەرکەی عەزابێ

له چاوەڕوانی دەمت، ئێمەو هومێدەواری
لە کرێشەی ویسالت، ئێمەو خەیاڵووخوابێ
خوماری ئەو دووچاوم، ئاخۆ لەکوێە جامی
نەخۆشی ئەو دوولێوەم،بەلانی کەم جوابێ
حافز بۆچی دنێری،دڵ بۆ بە خەیاڵی جوانان
تێنوو،تێنواتی ناشکێت، بە ئاوەکی سەرابێ
حامیدرەشیدی زەرزا-١٦/٦/٢٠١٦-وەدابە.
**-٤٦٦**

راهی بزن کەآهی برساز آن توان زد
شعری بخوان کەباآن رطل گران توان زد
حافظ:
سازێ لێدە بەو ئاهەنگ لافێ لە ئاشقان دەین
بچرێ شێعری کە بە وی پەیمانە لەپەیمان دەین
لە سەردەرانەی یاران، کە بکرێ دابنێین سەر
گوڵبانگی سەرفیرازی،دەکرێ لە ئاسمان دەیین
بەژنی وەک گۆچانی مە،،سانایيە خۆ بنوێنێ
لە چاوی دوژمنان تیر،بەجۆرە لە کەوان‌دەیین
ناگونجێ لە خانەقا، ئەو سرڕی ئیشق بازی
پیاڵەی مەیی موغانە،با لە پیاڵەی موغان دەێن
بەڵەنگاز کوانی هەیتی،، پۆشەنی بارەگای شا
ئێمین‌و ئەو کۆنە جل،دەکرێ ئاگرلەوان دەین

خاوەن نەزەری دووکەون لە یەکێدا دەدۆڕێ
دەکرێ لە ئاشقیدا ئەو رەخنەیە لە گیان دەین
دەوڵەتی یەکبوونن بێ، دەرکەن بۆ دەکاتەوە
دەکرێ ئەبەو خەیاڵە، سەرن لە ئاستان دەین
ئیشق و،لاوەتی و ڕەندی کۆمەڵکی موورادن
کاتێ مانا کۆبۆوە،دەکرێ لە گۆی بەیان دەین
سەت ڕێگری سەلامەت لەکەزیت سەیر نییە
کە ڕێگرن ئەتۆ بێ،،، دەکرێ لە کاروان دەین
حافز بە حەقی قورئان ،لە ڕیبایی روو وەگێڕە
ئامانجی ئەوین بێنن، لێری تیروکەوان دێن
حامیدرەشیدی زەرزا-١٦-٦/٢٠١٦-وەدابە
-١٦٢

تاز میخانه دمی نام و نشان خواهد بود
سر ما خاک ره پیر مغان  خواهد بود
حافظ:
تا لەو دەری میخانە، ئەو ناوو، نیشان ماوە
بازنەی دڵی ئیرادەت،، بۆ پیری موغان ماوە
لەو گوێچکەیە جێگر بوو ئەو ئاڵقەی ئەوپیرە
کارتێکەری ژینم بوو، وەک بووم، هەمان ماوە
هاتی کە تۆ تیپەڕبی، لەو خاکی سەری گڵکۆم،
وەک شوێنی زیارەتگای،ڕندانی جەهان ماوە
ئەو تورکەیی ئاشق کوژ،بەو مەستیە وا ڕۆیی
ئەو جۆگەلەی خوێناو، لەو چاوم ڕەوان ماوە
ئەو کات ئەمن چاوم، سەر دادەنێ گۆڕیچە!

تا ڕۆژی قیامەت دێ، هەر بە نیگەران ماوە
هەر بێنا کە تۆبینیت لەو حافزەیی بەخت ڕەش
ئەو کەزیە کراوەی وی، بۆ ڕێگرەکان ماوە
حامیدڕەشیدی زەرزا-٢٠١٦/٦/١٧- وەدابە
-٢١٨

دوش درحلقه ماقصه گیسوی تو بود
تادل شب سخن از سلسله موی تو بود
حافظ:
دوێشەوێ لە بازنەی گفت،باسی کەزی تۆ بوو
تاکوو بەتڵێ شەو،قسەن،زنجیرەی زولفی تۆ بوو
دڵ لە ناو بژوانگی تۆ کە دەگەوزی لە خوێن
ئەو دیسان ئارەزوی،دوو برۆی کەوانی تۆ بوو
گەر نەبا،بای سروە بێنیت ئەو پەیامە لە بۆم
کەس نەبوو دەستم ویراگا،کە لە کووی تو بوو
عاڵەمی لە شۆرو شەڕ لە ئیشق بێ خەبەرن
فیتنەکەی دونیا،لە غەمەزەکەی چاوی تۆ بوو
وا منی شیواو سەر،هەر لە دەم مرتەق بڕاو
داوی ڕێگەم هەودای ڕەشی داوداوی تو بوو
بکەرەوە، پەچەت، هەتا بکرێتەوە  دڵی من
خۆشییەک کە بینیم، لە ڕەخ هەودای تو بوو
بە وەفابە، بۆ سەر گڵکۆی حافزی وەرە:
دەکرا لە جەهان،کە:ئارەزووی ڕووی تۆ بوو
حامیدڕەشیدی زەرزا-٢٠١٦/٦/١٧- وەدابە.

قتڵ این خسته بەشمشیر تۆ تقدیر نبود
وەرنە،هیچ از دل بیرحم تو تقصیر نبود
حافظ:
قەتڵی ئەو دەرمەنە، بە شیری تۆ تەقدیر نەبوو
دەنا،هیچ لە دڵی بێڕوحمی تۆ، تەقسیر نەبوو
منی شێت کە کەزی تۆم لە دەست بەرهەڵدا
هیچ لایەق ترم،،، ئەلەو ئاڵقەیی زنجیر نەبوو
خوایە،ئەو ئاوێنەی جوانی،چ جەوهەری هەس
کە لە ویدا،ئاخی دڵی من، چ تەئسیری نەبوو
سەر لە حەسرەت بۆ دەرکی مەیخانە دەێتەوە
چونکە ناسیاگی تۆ،لە تەکییەی ئەو پیر نەبوو
نازەنینتر لە بەژنت لە گوڵزار نازەنینی نەرسکاو
خۆشتر لە نەخشت، لە عاڵەمی تەسویر نەبوو
ئیدی مەگین وەک سروە، بکەومە شوێنت
بەرهەمی دوێشەو، جیا لە ناڵەی شەوگیر نەبوو
ئەو ئاگری دووری کە لە تۆم کێشا وەک شەم
جگە لە فەوتانی خۆم، ئیدی چ تەکبیر نەبوو
ئایەتێک بوو: عەزاب و خەم، حافز بێ تۆ
کە لە بۆ کەس قابلی شیکرنو تەفسیر نەبوو
حامید ڕەشیدی زەرزا-٢٠١٦/٦/١٧- ودابە.

الا ای  طوطی گویای اسرار
مبادا خالیت شکر زمنقار
حافظ:
ئەری ئەی تووتییەکەی دەم پڕ لە گوفتار
بە خورجێنت لە دەم دەڕژێت قسەی یار
سەرت سەوزو دڵت خۆش و دەمت گوڵ
دەباری غونچە، لەو لێوو، دەم وو، زار
بەسە ئەو لەبزی سەربەستە لە گەڵ دۆست
وەرە بۆم هەڵبڕێژە  قەند بە خەلوار
گوڵاوی ئەو دەمت بێنە، کە بۆن کەم
کە پێی بێ،بەختی نوستووم ئەو شۆ بێدار
چ بوو لەو پەردەیە دەرچوو کە وێژەر
دەرقسێنی ئەوە هەم مەست و، وشیار
ئەلەو ئەفیوون، کە مەیگێڕ تێکەڵی کرد
حەریفان خۆ نە سەریان ماو،نە دەستار
سکەندەر تێشکا، بۆ چۆڕێ ئاوێ
بە زێڕوو، زۆر،کە ممکین نابێ زۆر کار
وەرە حاڵی مە،، خاوەن دڵ، بپرسە
بە لەبزیکی کەمووکەو،، مانا یەکجار
تۆ ئەی گوڵدەم، کە دینت بردوەو،دڵ
کەمێک ڕوحمت هەبێ بەسیەتی ئازار
مەبێژە سرڕی مەستی تۆ بەڕوو پۆش
حەدیسی گیان مەڵێ بەو نەخشی دیوار

به لوتفی دەوڵەتی ئەوشای زەمانە
ئەمیری شاعیران بوو حافز ئەوجار
کە ئەو لوتفی هەبوو دەرحەق غوڵمان
بپارێزرێ لە زەلەی دین و دیندار
حامید ڕەشیدی زەرزا= ٢٠١٦/٦/١٧- وەدابە.
-٢٦١

منم کە دیده بدیدار دوست کردم باز
چه شکر گویمت ای کارساز بنده نواز
حافظ:
ئەمنم کە چاوم بە دیداری دوستم کردوە باز
هەسپی هەستم ئەوە لە پێکۆڵە ، لە ترۆپی ناز
نیازمەندی بەڵا،ڕووت لە تۆزی خەم مەشۆرەوە
کە کیمیای سەعادەتوو مورادە، خۆڵی کوچەی نیاز
لە ڕێگای گرفتاری،، جڵەو مەگێڕەوە ئەی دڵ
سەفەری بیرناکاتاوە لە ڕێگای نەشیوو هەوراز
دەست نوێژ بە خۆینی جەرگەت هەڵگرە ئاشق
بە قەولی داوەری ئیشق، لێرە دورست نییە نەماز
لەو هەلوو مەرجەدا دۆستایەتی لەگەڵ پیاڵە بگرە
لەجەهان،لەگەل گەپوو گەمەی دونیا،ببە دەمساز
بە ئێوە ماچێکی، دوعایەکی بکرە، لە ئەهلی دڵ
کە بەڵای نەیار لە گیان و لەشت دەکا دوورپەرواز
زەمزەمەی ئەوینی خستە لە ناو حیجازوو ئێراق
دەنگدانەوەی غەزەلەکانی، خواجە حافزی شیراز
حامیدڕەشیدی زەرزا- ١٨-٢٠١٦/٦- وەدابە.
-٢٧٧

صنما باغم عشق تو چه تدبیرکنم
تابکی درغم تو ناڵه شبگیر کنم
حافظ:
گوڵەکەم لە گەڵ ئیشقی تۆ چ تەکبیربکەم
تا کەنگێ لەو خەمە ناڵەیی شەوگیر بکەم
چەندەکەم وەرناگرێ، ئەو دڵە هیچ پەند
مەگین بە سەری زولفەکەتی زنجیر بکەم
ئەو دەردردو خەمە، لە دووری تۆ کێشام
ناکرێ بۆم لە نامە دا، بۆت تەحریر بکەم
لە گەڵ سەری کەزیەت ئەوەند پەریشانم
کوا مەجالی ئەوم هەس،کە تەقریر بکەم
ئەو چاخ ئارەزویی،، دەمی گیانانم هەس
بە نەزەرنەخشی ڕووت بێنم تەسویربکەم
کە بزانم ویسالت ئەوە دەست دەدا بۆم
ئەو دڵوودینم هەموو لە گەمە تەوفیربکەم
واعز لێم دورکەوە،بەسیەتی، چەندلێدان
من ئەو نیمە ئیدی گوێچکە بە تەزویربکەم
کوڕینە ئیدی هیوا بە ئیسلاحی حافز نییە
چونکە تەقدیر ئەوها بوو، چ تەکبیر بکەم
حامیدرەشیدی زەرزا-١٨/٦-٢٠١٦-وەدابە،
-٣٧٣

کەبرد بنزد شاهان زمن گداپیامی
کەبکوی میفروشان دوهزارجم بەجامی
حافظ:
کێ دەبات لە منی هەژار، بۆ گوڵەکەم پەیامێ
لە کوچەی مەی فرۆشان هەزاران جەم بەجامێ
چەند بەد ناوو، ریسوا بم،هێشتا ئومیدەوارم
بەو هیمەتی ئازیزان،، بگەم بەو خۆش نامێ
تۆ کە کیمیا فرۆشی، چاوێک لە قەلبی من کە
بێ وەی کالامان هەبێت دامناوەتەوە دامێ...
لە بێ وەفای یاران، سەرم سوورِما باوەرِ کەن
نە بە نامە پەیامێک، نە بە پێنووس سەڵامێ
گەر ئەو شەرِاب نەگەیوە، هاونشینن پوختەیە
ئەو شەرِابە باشترە،، لە هەزار پوختە خامێ
لە رێم لامەدەرە شێخ، بە دەنکی تەسێحەکە
پێت وایە تەیری زیرک،، ناکەوێتە هیچ دامێ
من لە خزمەتی تۆمە،بە کەم لوتفیم مەفرۆشە
وەدەستی تۆ ناکەوێ،، وەکوو بەندە غولامێ
بۆ کێ بەرم سکاڵام، بۆ کێ دەردم هەڵرِێژم
کە ماچت حەیاتم بوو،،بە داخەوە نەتدامێ
تیری بژوانگ بکەوە، بابرِژێ خوێنی حافز
کەس لە بکوژی ئەوها،،وەرناگرێ ئینتقامێ
حامیدرِەشیدی زەرزا-٢٠١٦/٦/١٨-وەدابە
-٥٠٧

دوش می آمدو رخساره برافروخته بود
تاکجا باز دل غمزده‌ای سوخته بوود
حافظ:
شه‌وێدی هات،،کوڵمه‌ی سوور هه‌ڵگه‌ڕابوو
ئاخۆ دیسان چ که‌سێ،به ئاگڕی سووتا بوو
ره‌سمی ئاشق کوژی‌و شیویی شار شێوێنی
کراسێ بوو ڕێکوو پێک،به به‌ژنی وی بڕا بوو
ئه‌و که گیان ئاشقی به سپه‌ندی خۆی ده‌زانی
ئه‌به‌و شه‌مچه‌ی دڵه‌که‌ی،ڕووخساری داگیرسابوو
چه‌نده به ڕه‌واڵه‌ت، قه‌ستی هه‌ر کوژتن‌و بڕین بوو
سه‌ری کوڵمه‌یی ئاڵی،به ماچی دڵ شه‌مزا بوو
کوفری که‌زی درێژی،ڕێگری،دین و دڵ بوو
له ڕووی مه‌شخه‌ڵی ئاور بڵێسه‌ی له هه‌وا بوو
مه‌فرۆشه یار،به دونیا، لێی وه‌رناگری قازانج
ئه‌وه‌ی یوسفی فرۆشت، به زێڕی که‌له‌لا بوو
به‌حافزیگوت ڕوو به‌ڕوو ئاور له خه‌رقه‌ت به‌رده
خودێ ئه‌و قه‌له‌ب ناسی،چ که‌سێ به ویدابوو
حامیدره‌شیدی زه‌رزا-٢٠١٦/٦/١٨- وه‌دابه
-٢٢٤

چو سرو اگربخرامی دمی بگلزاری
خورد زغیرت روی تۆ هه‌رگل خاری
حافظ:

وەکوو سروە بە ناز ئیستی ئەگەر تۆ بێیە گوڵزاری
حەسودی وا دەکا،جوملە دەبەرکەن،گوڵ جلی خاری
لە کوفری زولفەکەت هەر ئاڵقەیەک ئاشووبی تێدایە
لە سێحری چاوەکەت هەرگۆشەیە، لێی کەوت بێماری
مەڕۆ تۆ بەختەکەی خومار،وەکوو چاوی دەمەستی یار
کە لە دواتە لە هەرلایەک،،، هەزاران ئاخی بێداری
بە قوربان خۆڵی سەررێگا،ئەمن ڕوحم ئەگەرهەرچەند
نییە نەخدی روحم هەرگیز،لە لای تۆوە چ میقداری
دلا ئیدی تۆ بەس لێدە ،بە زولفی دڵبەرانت لاف
کە بۆچوون کەوتە تارمایی،، نییە بکراوە بێ کاری
ئەمن پیر بووم‌و کات هەر وا لە بۆ کارم درێژ ماوە
دڵم گیراو،نەهات دوایی، خەم و دەردوو گرفتاری
وەکوو نوختە لە ناو دایرەیی نوون، کەوتووە گیانم
بە بەرمزە گوتی حافز:،ئەمە چس، شیوە پەرگاری
حامیدرەشیدی زەرزا-٢٠١٦/٦/١٨-وەدابە.
-٤٧٩

زکوی یار می آید نسیم باد نوروزی

ازاین باد ار مدد خواهی چراغ دل برافروزی

حافظ:

لە کوچەی یار سەری هەڵدا،شنەی ئەو بای نەورۆزی
بەوی دەکرێ ئەتۆ هەڵکەی چرای ئەو شەمعی دڵسۆزی
وەکوو گوڵگەر هەتە وردکە،بکە سەرفی لە ڕێی خۆشی
کە قاڕوون زۆر هەڵەی کردن،لە پاشەکەوتی هەر ڕۆژی
لە پیاڵەی گوڵ، ئیدی بولبول،، ئەوا مەستی مەیی لێوە

به ئاسمانی کەوە گەیوە ، ،سەدای ئەو تەختی فیرووزی
بچوو سارا، لە داوێنم،،،،،،،، کە تۆزی خەم بپرژێنی
وەرە ناو فێرگەیی بولبول،،،غەزلخوێن فێر بە،لەو هۆزی
کە ئیمکانی ئەبەد بوونت،،،،ئەلەو فیرووزە هەیوان نین
لە خۆشی کەلک وەربگرە، ،دەم و،ساتێ لە بێهرووزی
دەزانی رێی سەرکەتن، بە تەرکی نەفس وەدەست دیتن
کلاوی سەروەری تۆیە،،کە بدرووی شوێنی داودۆزی
لە غونچە دەرکەوە وەک گوڵ، بە سرتە پێت دەڵێم گیانە
لە پێنج ڕۆژ، زۆرپتر نینە،،،کە حوکمی میری نەورۆزی
نەبوو ڕوون بۆم، کە ناڵەی وی لە بەستێن جۆیبارانچین
ئەویش وەک من مەگەر هەیتی خەموو دەردیشەوورۆژی
مەیەکم هەس، لە گیان پاکتر،، بەڵام سۆفی دەکات زەمی
خودایە شانس نەکات هەرگیز، لە ئاقڵم دەست ئاڵۆزی
نەماوە یاری شیرینیت، ،،بە تەنیا مایەوە، ،،ئەی شەم
کە حوکمی ئاسمان وا بوو،،،چ ئارام بێ، چ هەڵتۆزی
کە ناکرێ کیبرای عیلمی ئەلەوخۆشی بکەی مەحرووم
دەزانی تۆ بە جاهیلان، گەلێ ئاسان دەکات ڕۆزی
شەڕاب لەومەجلیسی ئاسەف، بەنۆرۆزی جلالی نۆش
دەبەخشی چۆڕێ لەو پیاڵە،بە دونیا سازی نەورۆزی
نە تەنیا حافزی شیراز،، بە یادی تۆ دەکا نۆش مەی
لە نەورۆزی دەمت قوربان، هەزاران چێژنە پیرۆزی
حامیدرەشیدی زەرزا-١٩/٦/٢٠١٦- وەدابە.
-٤٩١

گرمن ازباغ تو یک میوه بچینم چه‌شود
پیش پائی بچراغ تو ببینم چه شود
حافظ:
من که ماچێ، له‌و به‌ژنت، بوه‌ره‌ێنم چ ده‌بێ؟
پیشێ پێی خۆم به چرای تۆ،که وه‌بینم چ ده‌بێ؟
خودایه له ژێر سێبه‌ری ئه‌و داری به‌ژن به‌رز
گه‌ر منی دڵ سووتاو،، تاوێ بنشینم چ ده‌بێ؟
ئه‌ی ئه‌موستیله‌ی جه‌مشیدی هومایون ئاسار
که وێنه‌ت، ،،بکه‌وێته نه‌قیمی نگینم چ ده‌بێ؟
مه‌لای میحراب چاوی له لوتفی شاو پۆلیسه
من ئه‌گه‌ر جوانێکی بخه‌مه ناو باڵێنم، چ ده‌بێ؟
ئاقڵم له ماڵ،بۆ ده‌ری ماڵی رۆیی گه‌رمییم ئه‌وه
من پێشتر بینیم ئاخۆ که له ماڵی دینم چ ده‌بێ؟
عومری به نه‌رخ هه‌موو،به ماشوقه‌و باده چوو
بێ میننه‌تم که چ بووه‌و، له وه‌ی واوه چ ده‌بێ؟
خواجه زانی، که ئه‌من ئاشقم،، چی نه‌گوت
حافزیش ئه‌گه‌ر بزانی، که من ئه‌وهام چ ده‌بێ؟
حامیدره‌شیدی زه‌رزا- ٢٠١٦/٦/١٩- وه‌دابه
-٢٤٣

اگرشراب خوری جرعه‌ای افشان برخاک
از آن گناه که نفعی رسد بغیر چه باک
حافظ:

ئەگەر مەی دەخۆیەوە، چۆرێ بڕێژە سەرخاک
لەو گوناحە، کە نەفعی، بگاتە غەیرە،، چ باک
برۆ چیت هەیە سامان،، هەموو بخۆ سەرف کە
ڕۆژگار ناکات دریغ، لە تۆ کە دەتکات هیلاک
دەجا بە خۆلێ ڕێگەی گۆرانیەکەت دەدەم سوێند
دەدەم سوێند،من بە خوڵی ڕێگەی ئەو گۆڕانییە
کە ڕۆژی مەرگم قەدەم ڕەنجە بکەی بۆ سەرخاک
جەهەنەمی؟بەهەشتی؟ چ ئادەمی؟ چ پەری؟
بە مەزەبی گشت کوفرو تەریقەت مەکە ئەمساک
موهندیسی فەلەکی، ڕێگای هەر شەش لای تەنی
بۆیە وا بەستراوە، ڕێگا بۆ ژێر دیری موغاک؟
فریوی کیژی ترێ ئەو جادووی،ڕێگری ئەقڵ
مەبادا تا کوو مەحەشر،.، وێرانی تارموو تاک
لە ڕێی مەیخانە حافز چ جوان لە دونیا ڕۆیشت
دوعایی ئەهلی دڵی بێ بەدرەقەیی ڕێگا دڵ پاک
حامیدرەشیدی زەرزا-٢٠١٦/٦/١٩- وەدابە.
-٣١٩

سمن بویان غبارغم چو بنشینند بنشانند
پریرویان قرار ازدل چوبستیزند بستانند
حافظ:
گوڵ ئەندامان کە تۆزی خەم لە دانیشتن دەنیشێنن
پەرێڕوویان قەرارو سەبر لە بێ سەبران دەئەستێنن

به سامۆرتەی جەفاکاری دەکەن بەندی دڵی ئاشق
بە پڕژانی کەزی عەتراو،دڵوو گیانان،دەستووتێنن
بەعومری چرکەیێکی دێنو، دانیشن، وەهەڵدەستن
بەڵام خەڵفی ئەویندار کە هەڵدەستن، دەنیشێنن
سریشکی چۆلەبڕ، گەر وان، ببینن پێدەکەن فامێ
لە زوو ڕاب،ڕوو نەوەرگێڕن بەمێهرە دێوو دیدوێنن
لە چاوم لەعلی ڕوممانی، بە ڕووی خەندە دەبارێنن
لە رووم ئەو سرڕی شاراو، کە دەبیینن، دەتارێنن
کەسی دەرمانی ئاشق وا، بە ساناوو سەهل بگری
لە سێرەی فکر لە تەکبیرا، بە پەرزەبڕاوی، دەنوێنن
ئەوی ئاشق بە نیشتمان،وەکوو هەللاج لە سەردارن
ئەلەو دەرگا وەکوو حافز،، دڵی خەمبا دەچرژێنن!!
حامیدرەشیدی زەرزا-٢٠١٦/٦/٢٠-ودابە.
-٢٠٥

بگرفت کار حسنت چون عشق من کمالی
خوش باش از آنکه نبود این هردو را زوالی
حافظ:
گرتوویتی کاری جوانیت وەک ئیشقی من کەماڵی
خۆش بە، کە لەو دووانە هیچ کام نیتی زەوالی
نە دەگونجێ لە وەهم،، نە لەو لێکدانەوەی ئاقڵ
نایە، بە هیچ مانایەک، ، خۆشتر لەوە میسالی
هەر ئیستێکم لە گەڵ تۆ حەز وەرگرتن لە عومرە
هەر ڕۆژێ لەو ڕۆژانەم، هەیتی نەرخی ویسالی

ئەو دەم لە گەڵ تۆ دامە،، ساڵێکم  پێ ڕۆژێکە
ئەو دەم لە تۆ کە دوورم،هەر چرکە دەبنە ساڵی
هەر کاتێ خەیاڵی  ڕووت،  گیانا لە خەو دەبینم
لە خەونم دا نایبێنێت،،، چاو جگە لە  خەیاڵی
تۆ ڕوحمێکم پێ بکە، لە ڕووی میرەوانی خۆت
جەستەم ئەوها باریک بوو، وەکوومانگی هیلالی
حافز مەکە سکاڵا، کە وەسلی یارت دەوێت
ئەو دووریە زۆرتریش، زۆر هەیتی ئیحتمالی
حامیدرەشیدی زەرزا- ٢٠١٦/٦/٢١-وەدابە.
-٥٠٣

ئەی در رخ  تۆ پیدا انوار پادشاهی
درفکرت تۆ پنهان،صد حیکمەت الهی
حافظ:
ئەی لە ڕوخسارت پەیدا، ڕۆناهی پادشاهی
لەو فکرە شاردراوەت،سەت حیکمەتی ئیلاهی
پێنووست بارەکەڵڵا بۆ موڵک و دین کراوە
سەت کانی ئاوی حەیات،لە دڵۆپەیی ڕەشایی
وەئەهریمەن ناکەوێ ئەنواری ئەیسمی ئەعزەم
موڵک هەر موڵکی تۆیە، ئەتۆ فەرمانڕەوایی
لە حیکەمەتی سولەیمان هەرکەس گومانی هەبێ
بە ئاقڵی پێدەکەنن، تەیروو توار،،بە تێکڕایی
کەچی ئەو مەلی ڕاوێ، کڵاوی لە سەردەنرێ

هەر تەیری قاف دەزانن،،، ئایینی پاڵشایی
ئەو تیغەی کە ئاسمان بە فەیزی خۆی بدا ئاو
بە تەنیا جەهان دەگرێ،، بێ مننەتی سوپایی
پێنووست جوان دەنووسی لە بۆ نەیاروڕەفیق
بازووبەندی گیان فەزاو ئەفسوونی عومرکاهی
ئەی تۆ عەنسوری خوڵقاو،لە کیمیای عیززەت
وەی دەوڵەتی تۆ بەدوور،لە عەیبوو عارو واهی
مەیگێڕ بێنە پیاڵەکی،،، لە ئاوی کانی کەوسەر
تاپێی بشۆم ئەو خەڕقەی،لە خۆزلی خانەقایی
عومرێکە پادشادها،،،، ،پیاڵەم لە مەی بەتاڵە
هەنگا،لە بەندە داواو،،،لە دارۆغەی گەواهی
ئەگەر شەبەقی تیغت تیشکی لە مەعدەن بدا
ئەو یاقوتی ڕەنگ سوور دەبێتە زەردی کاهی
زانیم دڵت دەسووتێ بەحیجزی شەو نشینان
گەر لە حاڵم بپرسی، لە سروەی سوبحگاهی
شوێنێ کە بەرقی تاوان،دەدات لە"صەفی الله"
کوا لە شانی ئێمە دا،، ئەو داوای بێگوناهی
حافز،کە پادشاکەت جار،،جارە ناوت دینێ
بەسە زەحمەتی مەدە،،لێی بکە عوزر خوایی
حامیدڕەشیدی زەرزا-٢٠١٦/٦/٢١-وەدابە.

دل ما بدور رویت ز چمن فراغ دارد
که چوسروپای بند است و چو لاله داغ دارد
حافظ:
دڵی مه له دەووری ڕووت،له ناو گوڵوو ریحانه
سەروو باڵات ڕازاوه، بەو دوو شەمامه جوانه
کزنۆش نابا،سەری مه،بۆ هیچ چاوو برۆیەک
بۆ دڵی گۆشه گیران،، ،ئەوه وەک ئیمتیحانه
تابم له ونەوشه هەیه، که دەم دەدا له کەزیەت
بنواره کەم بایی ڕەش، مەکروو حیلەو ئەفسانه
بچوو گوڵزار ببینه،، لاله له سەر تەختی گوڵ
وەکوو هاودەمی پاڵشا،،چاوی له مەی موغانه
لەو شەوی تاریکوورەش ناکرێ بۆ کوێ برۆین
مەگین ئەو شەمی رووگەت ڕێنوێنن بی شەوانه
ئەمنوو شەم وو، کازیوه، دەبێ ویکڕا بگرێێن
هەموو پێکەوه سووتاین،بەبێ سووچ و بەهانه
لەو مانگی خاکەلێوه پێویسته وەک هەور بین
له هێلانم قاژو نیشت، تانجی منی له سەر دانه
سەر دەرسی ئیشقی هەیه،دڵ دەردمەنده حافز
نه چاوی چاو لێکردن،، ،،نه وازی تەماشانه
حامیدرەشیدی زەرزا-٢٠١٦/٦/٢٤-وەدابه.
-١١٩

هرگزم نقش تو از لوح دل و جان نرود
هر گز از یادمن آن سرو خرامان نرود
حافظ:
نارِوات نەخشت ئەتۆ، لە دڵوو لە گیان
یادی ئەو بەژنەت،،، هەتا هەم بێگومان
هەر هەمە لە دڵم خەیاڵی ئەو،، دەمەت
کوانی دیباتن جەفای گەردوون،،،زەمان
بەو دەمە شیرنەت، دڵوو گیانم فرۆشت
تا ئەبەد وەک خۆیتی، پەیمان هەرهەمان
چەند لە تۆم باری خەمی کەوتۆتە، دڵ
سووکە ئەو بارەم لە لا،، نەک وا گران
خۆشەویستی تۆ وەها لە دڵم، بنیشت
گەر سەریش بڕوات،،نارِواتن کە گیان
گەر وەدوی جوانان کەوێ مەحزوورەدڵ
دەردی هەس، ئەو تێنوویی دەرمانی وان
دەتەوێ سەرگەردان نەبی، وەک حافزی
دڵ مەدە جوانان مەڕۆ بە دوای ئەوان!!
حامیدرەشیدی زەرزا- ٢٠١٦/٦/٣٠-وەدابە

بێ مهر رخت روز مرا نور نماند است
وزعمر مرا جز شب دیجور نماند است
حافظ:
بی لوتفی تۆ لەو ڕۆژی مە،ئەو نوور نەماوە
لەو عومرە،بە غەیراز،شەوی دەیجوور نەماوە
دەریایی خەمم،بوون بە ئەسرین و هەڵم ڕشت
لەو چاوە ئیدی  رووناهی پڕ نوور مەماوە
ئەو چرکە خەیاڵت کە دەچوو چاوم،دەیگوت
هەیهات کە لەو گۆشەیە،،،،،مەعموور نەماوە
وەسل تۆ کە مەرگی منی وا دوور دەکرد  لێم
لەو دەوڵەتی هیجرانی تۆ،،، خۆ دوور نەماوە
نیزیک بووە،،،ئەو کات کە رەقیبی تۆ بڵێ پێم
دوور لەو دەمە، ئەو خەستەیە ڕەنجوور نەماوە
هەر سەبرە، ،لە بۆم چارەوو هیجرانی تۆ ئەمما
چون دەکرێ سەبر کەین،کە مەقدوور نەماوە
چاوم کە لە دووری تۆ،،، ئەوا بۆتە بە دەریا
کوا ئەو کەسی خوێن ڕێژ،کە مەعزوور نەماوە
حافز کە لە گریان نییە، ڕێی تێبەچی خەندە!!
هەر تازییە لەو دیدە،، ئیدی سوور نەماوە
حامیدرەشیدی زەرزا- ٢٠١٦/٦/٣٠-وەدابە.
-٤٠

میفکن برصف رندان نظری بهتر ازاین
بردر میخانه میکن گذری بهتر از این
حافظ:
بکه به سەفی ڕەندان ،، نەزەرێکی لەوە باشتر
لەو دەرکەیی مەیخانە،،، گوزەرێکی لەوە باشتر
دەرحەقم کە،،، لێوت ئەو لوتفە دەفەرموێت؟
ئاخافتنێکی باشە،، بەڵام هیندێکی لەوە باشتر
ئەوەی دەیهەوێ گرێ لە کاری دونیا بکاتەوە
بێژە بۆ ئەوکارەبفەرمووێ نەزەرێکی لەوە باشتر
ناسح وتی لە خەم وێوە،چ هونەریکی نیە ئیشق؟
گوتم ئەی خواجەی ئاقڵ،هونەریکی لەوە باشتر
ئەگەر دڵم بەو کوڕی خۆشەویستم ،،نەسپێرم؟
چبکەم دایکی دونیا نییەتی،کوڕێکی لەوە باشتر
من پێت دەڵێم:فڕکە مەیوو ماچ بکە لێوی مەیگێر
لە من گوییز بە ،نارسکێ دیگرێکی لەوە باشتر
قەڵەمی حافز شیرینترین میوەی نەباتە بیچێژی
کە لەو باخە ئەتۆ نابینی،سەمەرێکی  لەوە باشتر
حامیدرەشیدی زەرزا- ٢٠١٦/٦/٢-وەدابە
=٤٣٥